
# دەمەوێ بژیم

لە ناخی هەر یەکێکماندا جیهانێکی جادوویی هەیە، کە پڕە
لە گەنجینەی نهێنی، بەردەوام بانگهێشتمان دەکا تا
ئاهەنگ بۆ ژیان بگێڕین...



ئامادەکردن و کردنە PDF
ڕۆژگار کەرکوکی

نووسینی:
مهدي الموسوي

لە عەرەبییەوە:
ئاودێر ئەحمەد ئەمتەرانی

# دەمەوێ بژیم

لە ناخی هەر یەکێکماندا جیهانێکی جادوویی هەیە، کە پڕە لە گەنجینەی نهێنی، بەردەوام بانگهێشتمان دەکا تا ئاهەنگ بۆ ژیان بگێڕین...

نووسینی:

مهدي الموسوي

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی

# ناوەڕۆك

ناوەڕۆك ............................................................... - 6 -
پێشەکی وەرگێڕ ............................................................... - 12 -
پێشەکی نووسەر ............................................................... - 16 -
ڕووناکی مانگ و هەژارەکە ............................................................... - 17 -
دەروونێکی ئارام............................................................... - 19 -
سەیرکردن بە دڵێکی ڕازی ............................................................... - 20 -
ژیانی دانایەك ............................................................... - 22 -
گەشبینی.. وەك من لێی تێبگەم............................................................... - 24 -
ڕووبەڕوو بوونەوەی گورگەکان ............................................................... - 26 -
دڵت بە خۆشەویستی پڕ بکە ............................................................... - 28 -
قەپاڵێك لە سێوەکە بدە، ئەی دەروێش ............................................................... - 29 -
ئەو چرکەی تیایدا دەژی خاوەن شکۆی ............................................................... - 31 -
دڵدارە ناوازەکە ............................................................... - 33 -
والت وایتمان... شاعیری مرۆڤ ............................................................... - 34 -
ئەرمونیانی لەسەر ڕۆح............................................................... - 36 -
حەقیقەتی بەختەوەری............................................................... - 37 -
ڕوانین لە بەرزی ئاسمانەوە............................................................... - 38 -

ئەو کاتەی ڕۆح دەبێتە سەر مەشق........................ - 39 -
من هەژار نیم........................................ - 40 -
دار هەنجیر......................................... - 41 -
گەورەی تێگەیشتوو و شکۆدار............................ - 43 -
ڕێککەوتننامەی سەلام لەگەڵ دەروون...................... - 45 -
تۆپ هاوێژ........................................... - 46 -
گەنجینەیەك لە ناوەوە................................. - 48 -
ئەوینی ڕاستەقینە..................................... - 50 -
ژیانێکی خۆش و ناوازە................................. - 51 -
بەردەوامبوون لە ڕۆیشتن............................... - 53 -
سێ مامۆستای گەورە.................................... - 54 -
بەخششی خۆشەویستی.................................... - 57 -
مرۆڤی نورانی......................................... - 58 -
دڵە شکێندراوەکان...................................... - 60 -
تەوردز............................................... - 62 -
ژیان بریتییە لە جووڵە و ڕۆیشتن......................... - 63 -
با شتێکمان هەبێ پێیوەی بژین........................... - 65 -
ڕۆژێک لە ئاهەنگی هاوسەرگیریدا......................... - 67 -
چەند پەندێك لە چینەوە................................. - 69 -
چاوساغ و نابینایەك.................................... - 71 -
دەریاگەڕێك بە دڵێکی دایکانە............................ - 73 -

شێت........................................................ - 75 -
ڕێگەی بیرکردنەوەت بگۆڕە........................................ - 77 -
لە بەرەبەیانی ڕۆژێکی قەشەنگدا.................................. - 78 -
جەنگاوەرێکی مەرد و جوامێر...................................... - 79 -
چەکی پیاوێکی شکستخواردووا!.................................... - 81 -
هەرگیز لە هیچ کەس بێ هیوا مەبن................................ - 82 -
جەنگە ڕەوشتییەکان............................................. - 84 -
توندوتیژ نەبوون................................................ - 85 -
هۆگری و شەیدایی هونەرمەندێك................................... - 87 -
جووتیارێکی ڕۆح سەوز........................................... - 88 -
ناخی خۆم بەرەو جیهانێکی فراوان جێدەهێڵم........................ - 89 -
ئێمە لە نیعمەتێکداین کە نایبینین................................. - 91 -
ڕۆژێکی پڕ لە خۆشەویستی........................................ - 93 -
هەنگاوێکی شێتانە............................................... - 94 -
مەترسی لە کاتی نەبوونیدا........................................ - 95 -
کۆترێکی چڕنووك ترسناك......................................... - 96 -
خۆت خۆشبوێ.................................................. - 97 -
گەشتێکی پیرۆز................................................. - 99 -
ڕێگای کامڵ بوون............................................... - 101 -
سووربوون و بەردەوامیدان بە ڕێگا................................. - 103 -
سێ ڕەهەندەکەی دانایی.......................................... - 104 -

ئامۆژگارییە زێڕینەکان............................................................- 106 -
ئەو کاتەی کەسە گونجاوەکان فەرمانڕەوایی دەکەن.....................- 107 -
حەقایەتی پیاوە ئاشکراکارەکە...................................................- 109 -
گیتار ژەن.....................................................................................- 111 -
گەشتی ڕۆژانە..............................................................................- 113 -
چێژ و مەستی................................................................................- 115 -
داناکانی چین وتویانە...................................................................- 117 -
هاوڕێکەم "مارسا"........................................................................- 119 -
جەنگاوەری ڕووناکی....................................................................- 120 -
پیاوێکی قاچ بڕاو..........................................................................- 122 -
ئەندازەیەکی کەم بۆ سوپاسگوزاری...........................................- 124 -
باڵندەیەکی بێ باڵ.........................................................................- 125 -
چیرۆکی کەڵەشێرەکە...................................................................- 126 -
باشبە، هەواڵی ئەوەش بە کەسە خراپەکان مەدە.........................- 127 -
لە بیرەوەری "تۆڵستۆ"وە..............................................................- 128 -
تۆوی ڕووەکەکانتان لە زەویەکی باش دابچێنن.............................- 129 -
دڵە هەستیارەکان...........................................................................- 130 -
قاوەفرۆش.....................................................................................- 131 -
ڕێگای گەڕانەوە...........................................................................- 132 -
هەستی هونەرمەندانە...................................................................- 133 -
شوانی مەڕ....................................................................................- 134 -

دڵێکی کراوە.......................- 135 -
چی بچێنی ئەو دەدوریتەوە.......................- 136 -
مەبەستی داناکان.......................- 137 -
ژنێکی نوێ.......................- 138 -
تامی ژیان.......................- 139 -
جیهان لە دڵدا.......................- 141 -
ڕازی بوونێکی تەواو.......................- 142 -
ڕێبوارێکی ئاڕاستە ون.......................- 143 -
کاتێک خەڵك تورە دەبن.......................- 145 -
چوونە ناو دڵی شەپۆل.......................- 146 -
بەشێك لە شێتی.......................- 147 -
دوو مرواری لە گوێچکە ماسییەکدا.......................- 148 -
خۆشمدەوێی وەك خۆت.......................- 149 -
دوو تۆپەڵە بەفر.......................- 150 -
گەڕان بە دوای دانایی.......................- 151 -
چاوی سیحری.......................- 152 -
گەشتێکی پیرۆز.......................- 153 -
ڕۆژێك چاوم بە مرۆڤێك کەوت.......................- 154 -
پەیامێك بۆ دراوسێکەم.......................- 155 -
تەمەن کورتە... بە ڕق لێبوونەوە بەفیڕۆی مەدە.......................- 157 -
ناوی یەقزانە!.......................- 158 -

بیرکردنەوەی خراپ و حەمباڵی ........................................ - 159 -
جوڵەی بەردەوام، نهێنی ژیانە ........................................ - 161 -
دەمەوێ بژیم ........................................ - 162 -
بانگێك بۆ زیندوان ........................................ - 164 -
چەند وشەیەك دەربارەی تێڕامان ........................................ - 167 -
پڕبوون بە خۆشەویستی ........................................ - 170 -
ئەگەر ئێستا وادەی کۆچ بێ ........................................ - 171 -
کۆتایی ........................................ - 172 -
پاڕانەوە ........................................ - 175 -

ئامادەکردن و کردنە PDF
رۆژگار کەرکوکی

# پێشەکیی وەرگێڕ

تەنها بەناوی خودا

دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە، بڕیارم داوە ئیدی:

- واز لە هەموو نەریت و خووە خراپەکان بهێنم، چونکە پێموایە گەورەترین بەربەستی بەردەم گۆڕانکاری و ئاسوودەبوونی ڕۆح و چێژوەرگرتن لە ژیان، بریتییە لە وابەستەبوون و پابەندبوون بە نەریت و خووە باوەکانی نێو کۆمەڵگە.

- ئیدی بڕیارم داوە واز لە هەموو ئەو دەمامك و ماسکە ساختانە بهێنم، کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم ئازادبوون و بیرکردنەوەم.

- بڕیارم داوە بە ئەندازەی تواناکانم، ئامانجەکانم دیاری بکەم، چونکە گەلێکم دیتن بە توانای کەمەوە، ئامانجی زەبەلاحیان لە بیر و هزردا جێگیر کردبوو، لە دواییشدا بەراورد بە تواناکانیان بە ئامانجی زۆر بچووك ڕازی بوون.

- بڕیارم داوە لە هەموو ڕۆژێکی ژیانم کاتێك بۆ ڕامان و گەشتی دەروونیم تەرخان بکەم، چونکە پێموایە ئەوەی لە گەشتی ناخدا دەدۆزرێتەوە، لە هیچ بستێکی ئەم گەردوونە بوونی نییە.

- بڕیارم داوە لە ڕابردوو نەژیم و بە پێشبینیەکانی داهاتووەوە سەرقاڵ نەبم، چونکە ئەوەی منی دەوێ تەنها ئێستایە، بۆیە من لە ئێستادا دەژیم.

- سەرکەوتن مەیدانێکی بەرفراوانی هەیە، بۆیە هەر کەسێك لەو مەیدانە پێشمکەویتەوە، لە ماف و ئامانجەکانی من نابات، بەڵکو پێی دڵخۆش دەبم، چونکە ئەگەر ئەو نەبێ ئیتر من لە دۆخێکدا دەوەستم و هەوڵی گۆڕانکاری و بەرەو پێشچوون نادەم.

- ژیانماڵێکی گەورەیە، ئەوەی تیایدایە گەشتیار و ڕێبوارە، بۆیە چێژ لە دیمەن و وێستگەکانی وەردەگرم، باوەڕیشم وایە ئەوەی لەو چێژە بێبەشم دەکات و تەمەنم لەم ژیانەدا کورت دەکاتەوە تەنها ئیرەیی و کینە و تووڕەبوونە.

- مادام ئاوەزم هەیە، ئیتر بڕیارمداوە بەو ستایشانە هەڵنەخەڵەتێم کە کەسانێك لە بەرامبەر هەڵەکانم پێشکەشم دەکەن، بە تانە لێدانی ئەوانەش نیگەران نەبم کە لە بەرامبەر ڕاستیەکانم ئاڕاستەم دەکەن، چونکە ئیتر من خاوەن کەسایەتی خۆمم، نە هیچ دەمامکێك دەمگۆڕێ، نە هیچ نەریتێك دەموەستێنێ، نە ڕۆحم بە کینە ئازار دەدەم، نە کات بە ڕق لێبوونەوە دەبەخشم.

ئیتر من بڕیارم داوە بە چرای ناخم تەواوی جیهانی دەرەوەم پڕشنگدار بکەم، بڕیامداوە بکەومە سەر ڕاستە ڕێگای ژیانم و بە سادەترین شتی ئەم جیهانە دڵخۆشبم.

ئیتر هەر بەڕاستی من دەمەوێ بژیم.

وەرگێر

ئەگەرچی زۆریش برسی بوویمە، بەڵام هەرگیز سواڵم نەکردووە، تەنها یەکجار نەبێ، ویستم وەك هەژارێکی بێ پارەوپوول سواڵ بکەم.

شەوێکیان بە پێوە وەستابووم، بیرم لەو کاتانە دەکردەوە کە لە تەمەنم ڕۆیشتوون، لە پڕ خۆم لە ناوەڕاستی شەقامێکدا بینی، کڵاوێکم بە دەستەوە گرتووە، داوا لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بە غەمباری و دڵتەنگی بە بەردەممدا ڕەت دەبن، تا چەند خولەکێکم لەو خولەکانە پێ ببەخشن کە لە ژیانیاندا لە غەم و خەفەتدا بە فیڕۆیان داوە!.

مەهدی ئەلمووسەوی

## بەرخوردەیەک بەر لە چیرۆك:

هەزار خۆری پڕشنگدار ناتوانێ تاریکی ڕۆحت ڕووناك بکاتەوە.
بە هەزار ئاگری داگیرساویش گەرمت نابێتەوە،
مەگەر بە ئەندامەکانی جەستەت خۆری درەوشاوەی خۆت مسۆگەر بکەیت.
ڕووناکی لە دڵ و دەروونتدا بدرەوشێتەوە.
ئاسۆی تۆ لە خۆری تۆوە پڕشنگی وەردەگرێ و هەر بۆ تۆشی دەگەڕێنێتەوە، کەواتە هیچ کەسێک نابێتە ڕووناکی ڕێگات و لە زەحمەتی دەربازت بکات.

# پێشەکی نووسەر

ئـەم کتێبـە، بریتییـە لـە چەنـد گێڕانـەوە و تێڕامانێـك بـۆ دروسـتکردنی عـەقڵێکی ئـارام و لـە سـەرخۆ لـە ڕۆژگـارێکی جەنجاڵـدا، گەشـتێکە بـۆ ئـازادکردنی دەروون لـە برینـە قـوڵ و ئەزموونە غەماویەکان.

تێکۆشانە لە پێناو ژیانێکی کامەرانانە، بەردەوامیدانە بـە سـەما لەگەڵ ژیان،

بۆ ژیانێکی نوێ و ڕۆحێکی پڕشنگدار.

من لە میـانی گەشـتەکەمدا، لـە هـەر کـوێ هـەوارم هەڵـدابا نوێژم دەکرد،

من نهێنیەکانی دروستکردنی دڵێکی بوێرتان بۆ دەگێڕمەوە.

لە کۆتەکان خۆت ڕزگار بکە، بە ئاگابە... لە پێناو ژیان.

هـەزار خـۆری پڕشـنگداری گـەردوون تـاریکی دەروونمـان ڕووناك ناکاتەوە، ئەگەر ڕوناکیەکە لە ناخی خۆمانـدا سـەرچاوە نەگرێت!...

ئەم کتێبە هەوڵێکە تا لە ڕێگـەی چیـرۆك و هـۆنراوەوە، ئـەو دانایی و لێهاتووییە قوڵە بگەیەنم، کە مرۆڤـی ئـەم سـەردەمە بـۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی پێویستی پێیەتی.

مەهدی ئەلمووسەوی

# ڕووناكیی مانگ و هەژارەكە

هەژارێك هەبوو، لە ژورێك بە چەند شـمەكێكی سادەوە لە باڵەخانەیەكی بەرز بە تەنیا دەژیا، دڵی بە ڕەزامەندی پڕ بووبوو لە ڕووناكی، پارێزگاریكردن لەو قەناعـەت و ڕووناكییـەی دڵی گرنگترین شتی ژیانی بوو، هەموو بەیانیەك وەك خوێک مەودای ڕازیبوونی دڵی خۆی تـاقی دەكـردەوە، ئەگـەرچی ئـەوەی ئـەو هەیبوو لە دیدی كەسانی تر شتانێكی زۆر سادە بوون، بەڵام لە دیدی ئەو هـەر یـەكێكیان گەوهـەرێكی گـەورە بـوو، هـەموو بەیانییەك هەناسەیەكی قـوڵی لـە بۆنی گـوڵاوی خۆشەویستیەوە هەڵدەمژی، پـێش ئـەوەی دەسـت بـە كارەكـەی بكـات، خۆی دەشووشـت، وەك بلێـی دەسـتنوێژ هەڵـدەگرێت و دەسـت بـە گەشـتێكی پیـرۆز دەكـات، دواتـر بـەر لـە چـالاكی جەستەی، بەدڵێكی بێگەردەوە بەرەو كارەكەی دەڕۆیشت، كاتێك كاریشی دەكرد وەك ئەوە وابوو كە ژێكانی ڕۆحـی خـۆی بژەنـێ، هـەر دەمێك بیرێكی ڕەش بـە خەیاڵیـدا هاتبـا، دەسـتی دەكـردەوە بە ژەنین و خۆی بە ئاگا دەهێنایەوە و دەگەڕایەوە هەمان ڕێچكەی ژیانی.

ڕۆژێكیـان خـاوەنی باڵەخانەكـە لێـی تـوڕە دەبێـت و لـە باڵەخانەكە دەیكاتە دەرەوە، ئەویش شمەكەكانی كۆ دەكاتـەوە، شوێنەكە جێدەهێڵێت. شەو داهات، لە كوچەیەك لە كوچەكانی شار خەوێكی قوڵی لێدەكەوێ، لـە بەرەبـەیان، كـە هێشتا دونیا

تەواو ڕووناك نەبوو بوو، دزێك هاتوو هەموو شمەكە سادەكانی لێدزی، ئەوسا جگە لە دەروونی خۆی شتێكی لەم جیهانە پان و بەرینە بە دەستەوە نەما، لەو كاتەدا بە زەردەخەنەیەكەوە سەیری مانگی كرد و وتی: خۆزگە دەكرا بەشێك لە ڕووناكی تۆم بە دزەكە بەخشیبا، تا دڵی ڕووناك بووبایەوە و چیتر دزی لە كەسانی تر نەدەكرد!...

# دەروونێکی ئارام

زۆر هەستیار بوو! لە جەستە نا، بەڵکو لە ناخیدا، ئایا تۆ ئێستا یەکگرتوو و پتەوە؟ یان جڵەوی ئەنجامدانی کارەکانی لە دەستداوە؟ ئایا تا ئێستا جێگیر و دەروون ئارام و بە ئاگایە، دەزانێت چی دەوێ و ئاڕاستەی بەرەو کوێیە؟ یانیش لە سەر لێواری ملکەچ بوون و خۆ بەدەستەوەدانی ڕووداوەکانە، لەگەڵ هەوا و هەوەس و ئارەزووی کەسەکان بەم لاو بەولادا دەچێت و چۆنیان بوێ ئاڕاستەکەی دەگۆڕن؟ ئەو نایەوێ بۆ چرکەیەکیش جڵەوی خۆی لە دەست بدات. پتەوی و بەهێزی ئەو هۆکارێکە بۆ تەواو کردنی ڕێگا، بەو پێیەش بێت ئەو باش دەزانێ گرنگترین چەکی بۆ سەرکەوتن و دەربازبوونی لە ئازارەکانی ژیان بریتییە لە دەروون و هێزی خودی خۆی، هەر لەو هۆکارەشەوەیە کە ئەو دڵنیایە لەوەی هەرگیز ناکەوێتە قوڕ و لیتەی ژیان و ڕووداوەکانیش نایخنکێنن، ئەگەرچی زۆریش گەورەبن، چونکە ئەو بە ئاگایە و چاوی لە سەر وێنە گەورە و تەواوەکەی ژیانە، نەوەك بەشێکی، یان چەند بەشێك، ئەو کاری لە پێشین و سەرەکیەکانی خۆی دەزانێ، دەشزانێ کە خۆی لەچی بێ ئاگا دەکات و تەرکیز و سەرنجیشی دەخاتە سەرچی...

ئەو نایەوێت ڕۆژێك بە سەریدا تێپەڕبێ بەبێ سەیرکردنی وێنەی خۆی لە ئاوێنە، بە سەرزەنشتیەوە چەند جارێك پێی دەڵێ:

ئاە... تەمەنم لە هیچدا بە سەر چوو، ژیانم لە بێ هودەیدا بە هەدەر چوو.

# سەیرکردن بە دڵێکی ڕازی

کورتەباڵایەك هەبوو لە سەر شاخێکی بێ دار و درەخت و هیچ سەوزاییەک نەدەبینرا، لە کوخێکی بچووکدا دەژیا.

ئەو کورتەباڵایە تەواو لەگەڵ ئەو شاخە وشك و دیمەن ناشیرینە ڕاهاتبوو.

شەوێکیان، کورتەباڵاکە خەونێك دەبینێ، لە خەونەکەیدا جنۆکەیەك چاویلکەیەکی پێدەدا، کاتێك لە چاوی کرد، بینی ئەو شاخەی ئەو لە سەری دەژی پڕە لە سەوزایی و گوڵ و دار و درەختی جوان و بەرهەمدار.

لە شەوی دواتر، هەمان جنۆکە هاتەوە خەونی و ئەمجارەیان چاویلکەیەکی تری پێدا، بەو هیوایەی هەمان ئەو جوانی و دیمەنە دڵڕەفێنانە ببینێ کە لە دوێنێ شەو بینینی، بەڵام کاتێك چاویلکەکەی لە چاو کرد بینی وا ئاگرێك تەواوی شاخەکەی داگرتووە، لە هەموو لایەك ئاگر بەرز بۆتەوە.

ئەویش لە خەونەکەیدا زۆر ترسا، کاتێك بە ئاگا هات لە خۆی دەپرسێت، تۆبڵێی واتای ئەو خەونە چی بگەیێنێت؟

بەیانی ڕۆژی دواتر، لە کاتێکدا هاتبووە نێو بازاڕی گوند و تیایدا دەسوڕایەوە، لە ناکاو بینیی وا دەروێشێکی دانا قسە بۆ خەڵك دەکات، ئەویش لێی نزیك بوویەوە و گوێکانی بۆ شل کردن، دەروێشەکە دەیوت: ئەی خەڵکینە، بە دڵێکی ڕازیەوە

بژین، چونکە چاوەکانتان بەقەد سوپاس گوزاری و ڕەزامەندی دڵەکانتان ژیان دەبینن.

زۆرێک لەوانەی کە لە مەجلیسی دەروێشەکە بوون لە قسەکانی دەروێش نە دەگەیشتن، بەڵام کورتەباڵا زۆر باش لە مەبەستی ئەو حاڵی بوو، هەر بۆیە ئێستاشی لەگەڵ دابێت ئەو کورتە باڵایە لە سەر شاخێکی بێ دار و درەخت و بێ سەوزایی، لە کوخێکی بچووکدا، بە دڵێکی پڕ لە ڕەزامەندی ژیان بە سەر دەبات.

# ژیانی دانایەك

مامۆستاکەم خۆی بە دوور دەگرت، لە شەقامی گەورە و بە پێ بە کولانێکی تەسکدا دەچوو بۆ سەر کارەکەی، لەو کۆلانەدا فرۆشیاری میللی و پاسکیل سواری دەبینین، هەر کات بەلای پیرێکدا ڕۆیشتبا یارمەتی دەدا و کەل و پەلەکانی بۆ هەڵدەگرت، یانیش ناوبژی لە نێوان دوو کەسی بەگژ یەکداچووی دەکرد.

هەر کەس سەیری بکردبا، لە دیدیدا وەك شوشەیەکی ڕوون دەردەکەوت، بەڵام لە ناخیدا زۆر توند و بەهێز بوو،

بەڵام سادەیی لە ژیانیدا وایکردبوو کە لە ناخیشیدا وا ڕوون و بێ خەوش دەربکەوێت،

ئارەزووی کەم بوو، شتێکی وای نەبوو لە دەستی بدات.

ئەو شتانەی دەکڕین کە بۆی دەگونجان، ڕۆحیشی بە شتانێك ئاودێر دەکرد ئەگەر نرخ و بەهایەکی ئەوتۆشیان نەبا.

ئەو، جوانی لە شتە سادە و ئاسانەکان بە دی دەکرد و دوور دەکەوتەوە لە ئالۆزیەکان.

غەمی گەورەی، لە ژیان ئەوەبوو کە یەکەم و باشترین بێت و دەوڵەمەنترین دەربکەوێت.

بەردەوام دەیوت: (ئەگەر ئەوەم بە دەست هێنا کە بەشم دەکات، ئەوا تەواوی دونیام بە دەستهێناوە).

بە هاوسەنگی و قەناعەتەوە دەژیا،

وەك ئەو هەنگەی نە ئازاری ڕەنگ و نە ئازاری بۆنی گوڵەکان دەدات، بەڵام لە میانی هەڵفڕینیدا شیلەی هەلالە دەچنێتەوە، پێویستە کەسانی داناش بەم جۆرە لە ژیان بڕوانن و بەردەوامبن....

# گەشبینی.. وەك من لێی تێبگەم

بریتییە لەوەی کە مرۆڤ تۆوی هیوا لە دڵیدا بچێنێ، تا چاکە و بەختەوەری لە ژیانیدا بچنێتەوە.

گەشبینی چرایەکە، ڕێگای چاکەمان نیشان دەدات، بریتییە لەوەی کە لە سەرەتایەکاندا بە ئارامی بژین، تا لە کۆتاییەکاندا چاکترینی بەرهەمەکان بدوورینەوە.

گەشبینی وابەستەی جووڵە و چالاکی و ئارەزووبوونە لە ژیان،

کارکردنە بۆ دڵخۆشکردنی ئەو کەسانەی هیچ هێز و پەنایەکیان نیە.

بریتییە لە کەوتنی ئەو بەهێزانەی کە لە جەنگەکانی ژیاندا دۆڕان، بەڵام لە بەرامبەر دەروونیاندا هەر بە خۆڕاگری و بەهێزی مانەوە،

بریتییە لەو هێزە ناوەکییەی کە پاڵ بە کەسەکانەوە دەنێت، تا جووڵە بکەن و ڕووداوەکانی ژیانیان دروست بکەن.

مرۆڤی گەشبین وەك ئەو شلێرە وایە کە لە ناو گەردیلەکانی قوڕ و لیتەدا دەژی، بەڵام بوێرانە و بێ وەستان هەوڵی خۆ دەرخستن دەدات و ملکەچ نابێت، تا لە کۆتاییدا دەردەکەوێت و تەنانەت بە جوانی خۆی قوڕ و لیتەکەش ڕووناك دەکاتەوە.

من نالێم بەردەوام گەشبینم، بەڵام بەردەوام ڕووبەڕووی بێ هیوایی و شکستەکانم دەبمەوە و وەك گەشبینێك دەژیم.
هەموو ڕۆژێکیش لە پێناو مانەوەم وەك گەشبینێك دەجەنگم.
گەشبینی لە دیدی من بریتییە لە:
بەرەبەیان لە خەو هەڵبستیت، زۆر باش خۆت ئامادە بکەیت، قولاپەکەت بخەیتە دەریاوە و پێشبینی ئەوە بکەیت کە نێچیر یەکجار زۆرە.
کاتێك ئەوە ئەنجام دەدەیت، ڕووخسارت دەگەشێتەوە، بۆ خۆشبەختیت سروودی خۆشی دەچڕێت، ڕزق و ڕۆزیش لە هەموو سوچێکی ئەم جیهانەوە بەرەو ڕووت دێت.

# ڕووبەڕووبوونەوەی گورگەکان

ئەیکیدۆ (هونەری بەرگری لە خود) ناوێکی یابانییە، جۆرێکە لـە زۆرانبـازی، تیایـدا سـوود لـە وزەی کەسـی بەرامبـەر وەردەگیرێت،

بریتییە لە هونەری خۆپاراستن و زاڵبوون.

لە زۆرانبازی ئەیکیدۆدا، سەرەتا پێویستە یاریزان فێری ئـەوە ببێ کـە چۆن بەسـەر خـودی خۆیـدا زاڵدەبێت، پێش ئـەوەی ڕووبەڕووی ڕکابەرەکەی ببێتەوە،

هەرکاتێك کەسی زۆرانباز دووچاری توڕەبوون بێت، ئەوا لە هێرشـەکانیدا سـەرکەوتوو نابێـت و، نـاتوانێ تەکتیکـەکانی هونەرەکەی وەك پێویست بەکاربهێنێت،

لـەم جـۆرە یارییـانەدا، پێویسـتە یـاریزان خـۆی لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕاستەوخۆ بـەدوور بگـرێ، بـەڵکو پێویستە بەشێوەیەکی بازنەیی یان تەنیشتی بجوڵێتـەوە، چونکـە جووڵەی بازنـەیی لێهـاتوویی و نـەرم ونیـانی زیـاتری تێدایـە بـەراورد بـە ڕووبەڕووبوونەوەی جێگیری، یان ڕاستەوخۆ.

سـوڕانەوە بـە دەوری ڕکابـەر دەرفـەتی وەشـاندنی زیـاتر بـە یاریزان دەبەخشێ، هەروەها دەبێتە هۆی نا هاوسەنگی ڕکابـەر و لەباربردنی جووڵەکانی.

لـە هونـەری ئەیکیـدۆدا، سـەرکەوتنی ڕاسـەقینەی یـاریزان

ئەوەیە کە بتوانێ سەرەتا بەسەر دەروونیدا سەربکەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا بەسەر هێزی ناوەکی خۆیدا زاڵبێت.

ڕووبەڕوو بوونەوەی گورگەکانی ناخیشمان بە توندوتیژی نابێ، چونکە توندوتیژی بریندارکردن و ڕووشانی لێ بەرهەم دێ و، شوێنەوارێکی قوڵیش لەسەر دەروون جێدەهێڵێ،

بەڵکو ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە سەرەتا بە زاڵبوون بەسەر توڕەبووندا دەست پێدەکات، دواتریش سوود وەرگرتن لە وزەی ڕکابەر و زاڵبوون بەسەریدا و خۆپاراستن لە وەشاندنەکانی.

# دڵت بە خۆشەویستی پڕ بکە

لە گەڕانم بە دوای نهێنیە زانستیەکان بۆ ژیانێکی خۆش و واقعییانە و دوور لە چاولێکەری و لاساییکاری، گەیشتم بەو بڕوایەی کە تەرخانکردنی چەند خولەکێك لە هەموو بەرەبەیانێك بۆ بیرکردنەوە لە خۆشەویستی، بە شێوەیەکی ئارام و هاوکات بە ئامادەبوونی هەست، هۆکارێکە بۆ چاکبوونی حاڵەتی دەروونی هەر تاکێك، چونکە بەو کردارە کەشێکی ئارام لە هەموو سوچێکەوە بەرەو ڕوح دزە دەکات و ئاستی متمانەی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە، ئەم هەستەش لە خۆشەویستی ژیان و هۆگربوون بە کار و پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە دەوروبەری ڕەنگ دەداتەوە و دەیگەیێنێت بە کامەرانی و سەرکەوتن.

دوێنێ، دەرهەق بە کەسێك هەڵەیەکم ئەنجامدا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە هەستی متمانە بەخۆبووون لە دەست بدەم، توانای دروستکردنی کەشێکی خۆشەویستیشم بۆ دڵ لە دەستدا، بەمەش بوومە ئامانجێکی ئاسان بۆ گورگەکانی ناخم.

هەر کات دەروون بە حەق سەرقاڵ نەبێ، ئەوا سەرقاڵبوونی بە بەتاڵ مسۆگەرە.

دڵیش کە بە خۆشەویستی پڕ نەبوو، بە دژەکەی مسۆگەرە.

# قەپاڵێك لە سێوەكە بدە، ئەی دەروێش

لە سەردەمی گەنجی، من و هاوڕێکانم زۆر لە عەیبە دەترساین، زۆر دەمانخوێندەوە و زۆر بیرمان دەکردەوە، هەر کاتێکیش کاتی سەرکێشی بگەیشتبا، ئەوا لە ترسی لادان و بەلاڕێداچوون پابەندی بنەماکان دەبووین.

ئێمە نموونەی ڕەفتار جوانی و سیرەت پاکی بووین، هەر بۆیەش ئەو هاوڕێیانەمان هەڵدەبژارد کە هاوشێوەی خۆمان بوون و پاپەند بوون لە نێوانماندا هەبوو.

کاتێك گەیشتینە پەنجا ساڵی، بینیمان ئێمە لە هیچ سەرکێشیەکدا نین، هۆشمان هاتەوە سەرخۆمان و زانیمان کە هیچ شتێکمان لەم ژیانەدا ئەنجام نەداوە، جگە لە بیرکردنەوە و گوتاری بێ کردار.

دەستمان کرد بە پەیوەندی کردن بە هاوڕێ شێتە کۆنەکانمان، هیوامان دەخواست کە جارێکی تر وەك ئەوان بگەیشتباینەوە بە ژیانمان.

بەڕاستی ئێمە لەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستی دابووین بۆ دەوروبەرمان، بەڵام تا دوا ئەندازە بەرامبەر بە خودی خۆمان کەمتەرخەم بووین،

ژیانێکمان بەڕێکرد کە شێتی کەم بوو،

بۆمان دەرکەوت کە ئێمە کۆیلە بووین، شێتەکانیش شای زەوی.

گەیشتین بەو ڕاستیەی کە مرۆڤ ئەگەرچی خاوەنی زۆر شتیش بێت، بەبێ بوونی بەشێك لە شێتی هەر نەدار و هەژارە.

"دوو هاوڕێ هەبوون، لە کاتێکدا کە بە یەکەوە دەڕۆیشتن، دوو سێویان لە سەر ڕێگاکە دۆزیەوە، هاوڕێی یەکەم دەستی کرد بە قەپالگرتن لە سێوەکە و خواردی و چێژی لە تامەکەی وەرگرت، بەڵام هاوڕێی دووەمیان کە دەروێش بوو، دەستی کرد بە بیرکردنەوە و پشکنینی کرد بۆ سێوەکە و سەرنجی خستە سەر ڕەنگ و شێوەی سێوەکە، بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن هاتۆتە سەر ڕێگاکە، ئەی ئەگەر هاتوو لە کاتی قەپاڵ لێدان مامۆستای مزگەوت منی بینی چیم پێ دەڵێ؟ کابرای دەروێش لەو بیرکردنەوانەدابوو، تا لە ناکاو قەلەڕەشێك هاتوو و سێوەکەی لە دەست فڕاند و هەر زوو دەستی کرد بە خواردنی.

هاوڕێی دەروێشم... پێش ئەوەی قەلەڕەشێك بێت و سێوەکە لە دەستدا بفڕێنێ قەپاڵێکی لێبدە و چێژ لە تامەکەی وەربگرە.

# ئەو چرکەی تیایدا دەیت، خاوەنشکۆی

مامۆستاکەم کاتێك دەیویست هەڵبستێتەوە و بوەستێ، هەمیشە پشتی بە هێزی دەبەست و دەستی بە هیچ شتێکەوە نە دەگرت، ئەمەشی تەنها بۆ ئەوە ئەنجام دەدا تا خو بەوە نەگرێت لە سەرکەوتنەکانیشدا پشت بە هیچ کەس ببەستێ.

زۆر هەماهەنگ بوو لەگەڵ ژیانیدا، هیچ ڕۆژێك بە سستی و بێ هێزی نەمبینی،

نەمدیت بە بڕیاری خەڵك بڕیاربدات، یان بە توندوتیژی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکات.

بڕیاری لەسەر هیچ شتێك نەدەدا و هیچ کەسی سەرکۆنە نەدەکرد، بەڵکو بەردەوام تەرکیز و جەختکردنەوەکانی لە سەر خودی خۆی بوو،

زۆر بە قوڵی دەچووە نێو قوڵایی زەمەنیەوە و بە شێوەیەکی زۆر کارا ڕۆدەچووە نێو چرکەکانی ژیانیەوە،

هەمیشە ئامادەبوو، لە چرکەکانی ژیانی خۆیدا دەژیا، بەردەوام بە ئاگا و وشیار بوو،

هەموو هەوڵی خۆی خستبووە گەڕ تا لە زەمەن و کاتی خۆیدا بژی و، لە زەوی خۆیدا و، لە سەر قاچەکانی ڕێ بکات،

ئەو ئەندازە هەوایەی هەڵدەمژی کە بۆی دابینکراوبوو، دڕك و داڵە تووش هاتووەکانی لادەبرد،

کاتێك ئەمەی ئەنجام دەدا، چرکەی داهاتوو دەبووە تەوەری گرنگیدان و گەوهەرە بەنرخەکەی ژیانی،

هەرگیز نەمبینی هەوڵ بۆ گەیشتن بە شکۆ بدات، چونکە لە هەموو ئەو چراکانەی کە تیایدا سەرکەوتوو دەبوو، ئاوێزانی شکۆ دەبوو.

# دڵدارە ناوازەکە

دلّداریّکی زۆر ناوازە بوو!
ئەویندارەکەی بە جاریّك ژیانی داگیر کردبوو،
لە هەر کویّبا ئەو لەویّ بوو، هەمیشە جیّگەی گرنگیدانی ئەو بوو،
هەر کات بینیبای وەك ئەوە وابوو کە یەکەمین جاربیّ ببینیّ،
مادام لەگەڵ ئەودایە، هەمیشە لە ئارامی و ئاسوودەییەکی تەواودا دەژیت،
ئەویندارەکەشی زۆر ئازاد بوو، هەرچی ویستبای پیّی دەوت، ئەو ڕاویژکار و هەگبەی نهیّنیەکان بوو،
گەنجینەیەکی پڕ لە چیرۆك و گیّڕانەوەی دڵخۆشکەری هەیە،
تەنانەت ڕووداوەکانی ڕۆژانەشی پڕن لە خۆشی بیّ کۆتا،
هەموو ڕۆژیّ سیّ کاری زۆر گرنگی ئەنجام دەدا:
پیّی دەڵیّ: خۆشم دەویّی، شتیّکیش دەکات تا دڵخۆشی بکات، ستایشیّکیشی دەکات، ئەگەر بە وشەیەکیش بیّت!
هەمیشە پیّی وابوو کە ئافرەتان زۆر بیّگەرد و سادەن، بۆیە شتیّکی سادەش دڵخۆشیان دەکات.
ڕیّگەی نەدەدا هیچ کەسیّك بیّتە نیّوانیان، ئەگەر غەمباریش بوایە، ئەوا بە هیچ شیّوەیەك لە ماڵ دەرنەدەچوو،
کاتیّکیش لە ناو خەڵکیدا لەگەڵ ئەودا دەڕۆیشت، زۆر بە شانازیەوە بە ڕیّگادا دەڕۆیشت، وەك ئەوەی بڵیّ: سەیرم بکەن، چەندە دڵخۆشم!

# والت ویتمان... شاعیری مرۆڤ

هیچ شتێك لە ژیانم بە ئەندازەی خوێندنەوەی وشەکانی والت وایتمانی شاعیر چێژ و سۆزم پێنابەخشێت.

نزیکەی دوو سەد ساڵ پێش ئێستا لە ئەمەریکا ژیاوە، بە شەیداییەوە ژیانی خۆشدەویست، بە شەیداییەوە ئەویندار بوو، تەنانەت زۆر بە شەیداییەوە تا لوتکە غەمبار دەبوو.

جیهانی پڕ کردبوو لەو پێکەنینەی کە لە قوڵایی سینەیدا دەردەچوو، ڕۆژانی ژیانی زۆر بە بوێرییەوە بەڕێدەکرد، هاوڕێیەتی هەمووانی دەکرد، تا خەڵکی لە نیویۆرك دەورەیاندا و لە ناوەڕاستیاندا دەژیا، جوانی لە هەموو کەسێکدا دەبینی، هاوڕێکانی شۆفێری عەرەبانەی بار گواستنەوە بوون، ڕەش پێستەکانیش خۆشیان دەویست و وابەستەی بووبوون، ئەو یەکێك بوو لەو چەند مرۆڤە کەمەی کە لە زەمەنی ڕەگەزپەرستیدا مامەڵەی مرۆڤانەی لەگەڵدا دەکردن.

دەوڵەمەند و ڕەگەزپەرستەکانی گەلەکەی سەبارەت بەو دەیانوت: "ئەو پیاوە پێویستە لە هەموو گۆمەڵگەیەکی پاك دەربکرێ، ئەو لەگەڵ گیاندارەکان مامەڵە دەکات!".

وایتمان لە ژیانیدا سۆزی خۆی بە هەموو شتێك دەبەخشی، هیچ کائینێکی نامۆ لە دیدی ئەودا بوونی نەبوو، هەموو خەڵك زۆر لێیەوە نزیك بوون.

لە هۆنراوەکەیدا بە ناوی (بۆ تۆ) دەڵێ:

(ئەی نامۆ... ئەی ڕێبوار، ئەگەر تۆ دەتەوێ سەبارەت بەمن بدوێی،
ئەی بۆچی واناکەیت؟... خۆ منیش دەمەوێ سەبارەت بە تۆ بدوێم!).

بە بێ هیچ دوو دڵیەك باڵەکانی بۆ هەر مرۆڤێك دەکردەوە، تەنانەت بێ جێگە و بێ پەناگەکانیش، بە جوانترین وشە دەیدواندن، لە هۆنراوەیەکیدا بە ناوی (بۆ بێ جێگەیەکی ون) دەڵێ:

تەنانەت ڕووناکی خۆریش دەرتدەکات، بەڵام من ئەوە ناکەم،
ئاوی ڕووبارەکانیش شەوق و بریقەی خۆی لێت دەشاریتەوە،
گەڵای لقەکانیش جوانی خۆیان نیشانی تۆ نادەن،
بەڵام من بە سڵاوێکی گەرم بەرەو لات دێم، بە سەیرکردنێکی زۆر ڕێزدارانە کە نەتوانی بە تێپەڕبوونی ڕۆژەکان لە یادی بکەیت!

هەروەها دەیوت: من سروودەکانم تەنها بۆ سەرکەوتووەکان ناچڕم، بەڵکو بۆ هەژار و نەدارانیشە،

زۆرجارانیش لەئاکامی خاکیبوون و سادەیی و، خۆشەویستی بۆ مرۆڤایەتی بەبێ جیاوازی دەیوت:
(ئەگەر ویستت بمبینی، ئەوا لە ژێر پێڵاوەکانتدا بۆم بگەڕێ).

ئای چەندە مرۆڤێکی جوانبوو، والت وایتمان شاعیرێکی گەورە بوو، بەڵام پێش ئەوە، مرۆڤێکی گەورە بوو.

# نەرمونیانی لەسەر ڕۆح

بێ سڵەمینەوە لە پێناو مانەوە دەجەنگا..

سەرەڕای ئازارە زۆرەکانی، بەڵام بەردەوام بە هەست و سۆزەکانی بایەخی بە کەسە شکاو و غەمبارەکان دەدا،

وەك دارێك بە ڕەقی لە بەرامبەر بایە توندوتیژەکان دەوەستایەوە، بێ وەستان لە هەوڵی ئەوەدابوو خۆشی بخاتە دڵی کەسەکان و فێری هونەری سۆز و خۆشەویستیان بکات،

لە ڕۆژانی قاتی و برسیەتیدا وەك ستونێکی ئاسنینی ڕەق وابوو، نانی دەخستە سەر سەری و بۆ ئەو کەسانەی دەبرد کە لە سوچە تاریکەکانی ئەم سەر زەویە لە بیرکراون.

ڕۆحی زۆر بەهێز بوو، سارێژی دڵە ماندووەکانی دەکرد و، خۆشی دەخستە ناخیانەوە.

وەك کەشتیەکی گەورە و زەبەلاح وابوو، خەڵکی لە نێو شەپۆڵە سەختەکانەوە بەرەو کەنارێکی ئارام دەگوازتەوە.

گەنجینەیەکی لەبن نەهاتوو بوو، زۆر لە سەر دڵان سووك بوو، نەرمونیان بوو لە سەر ڕۆح.

هەر کاتێك وێنەی بە خەیاڵمدا گوزەر بکات دڵخۆشمان دەکات، کاتێکیش دەیبینین وەك ئەو کەسە وایە کە مێرگێکی پڕ ئاوی لە ناوەڕاستی بیاباندا دۆزیبێتەوە.

لە چرکەکانی بەخشندەیی وەك چاوتروکان دەیبەخشی،

لە چرکەکانی قوربانیشدا بە بوێرییەکی زۆرەوە دەچووە پێش!

# حەقیقەتی بەختەوەری

ئەگەر ویستم داوای شتێك لە خودا بكەم، ئەوا داوای لێدەكەم كە هەستكردنم بە ڕەزامەندی لە ناخەوە سەرچاوە بگرێ، نەك لە دروستكراوەكان،

داوای لێدەكەم ڕازی ببم بە هەموو دۆخێ، بە گشت سیفاتێ، هەروەها ژیانێكی خاكیانە لەسەر دڵم خۆشەویست بكات، توانای زاڵبوونم بەسەر كارە ئاڵۆزەكان پێبدات، هێڵە تێك ئاڵۆزەكانی ژیانم بكاتەوە...، داواشی لێدەكەم كە عەقڵێكی ئارام و دەروونێكی سەقامگیر و دوور لە هۆسەم پێببەخشێ.

ئەگەر ویستم داوای شتێك لە خودا بكەم، داوای لێدەكەم كە هێزێكی ناوەكی بەهێزم پێبدات و وام لێبكات پێویستیم بە هیچ هێزێكی تر نەبێ،

پارێزراوبم لە هەموو كاریگەرییەكی دەرەكی، بۆ دابینكردنی پێداویستیەكانیشم بە كەم ڕازیم بكات،

ئەگەر كەمێك بەشم نەكات، ئەوا تەواوی دونیا بەشم ناكات!

ئەگەر ویستم داوای شتێك لە خودا بكەم، داوای لێدەكەم كە كامەرانی لە سادەترین شتەكانی ژیانم بدۆزمەوە،

جوانی لە هەموو شتێكدا ببینم، گونجاوبم لەگەڵ گۆڕانكارییەكانی ژیان، دەروونم سەربەخۆ و ئازاد بێت، دوور لە هەموو وابەستەبوونێك بەو شتانەی لەناوەدەچن و نامێنن!

# ڕوانین لە بەرزیی ئاسمانەوە

ئەو ڕۆژە بە لای ئەوەوە ڕۆژێکی گەورە بوو، ئەو کاتەی خۆی لە جیهانی خەوندا بینیەوە، وەك فریشتەیەکە لە بەرزی ئاسمانەوە، کە تەسبیحاتی پەروەردگاری دەکات، وەك هەر بەشێکی ئەم گەردوونە. سەیری ڕووی زەوی دەکات، ڕادەمێنێ، ئاخۆ خەڵکی چۆن دەژین و کاروباری ژیانیان چۆن بە ڕێ دەکەن، لە نێوان ملیۆنان کەسدا کەسێکی بە دیکرد، بینی چۆن لە نەبوونەوە هاتۆتە بوون، چۆن قۆناغەکانی ژیانی تێپەڕبوون، وەك شریتێکی سینەمایی سەیری ورد و درشتی ژیانی دەکرد، تا ساتی ئەجەل، لەوێوە جەستەی دەگۆڕێ و دەبێتە خۆڵ وتێکەڵی زەوی دەبێتەوە، دەبێتە بەشێك لە گەردیلە جوداکان لە جەستەی مەخلوقاتی تر، بەڵام ڕۆحەکەی جیا دەبێتەوە، وەك بروسکەیەك خێرا بەرزدەبێتەوە، لەوێ دەست دەکات بە بێگەرد ڕاگرتنی ناوی الله، پێیوایە کە ئەو تاکێکی بچووکە لە نێوان ملیۆنان کەس، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بریتییە لە ڕۆحێکی نەمر لەنێو دامەزراوەیەکی فراوان، بە داناییەوە دەبێتە بەشێك لە جووڵەی گەردوون.

کاتێك لە خەوەکەی بە ئاگا هات... بووەوە مرۆڤێکی تر، لەوساوە لە فەنابوون نەدەترسا، هەرگیز سڵی نەدەکردەوە لە مردن!

# ئەو کاتەی ڕۆح دەبێتە سەر مەشق

ئـەو کاتـەی ڕۆحـت سەرمەشـقیت دەکـات، هـەرگیز بـە سەرسامی و دۆشداماوی بە دوای شتێکدا ناگەڕێی کە نازانی چییە،

چونکە شتە بە سوودەکان ئەوانەن کە لـە دوای تـۆوە دەڕۆن و بە دواتدا دەگەڕێن.

ئەو کاتەی ڕۆحت سەرمەشقیت دەکات، لـە دوای ئـەمڕۆوە بڕیار لەسەر هیچ کەس و ڕووداوێك نادەیت،

بە هیچ شتێك دڵخۆش نابی، وەك ئـەوەی خـاوەنی هـەموو دونیابیت، هەروەها بە هیچ شتێکیش دڵتـەنگ و غـەمگین نابی، وەك بڵێی تەواوی جیهانت لە دەستدابێ.

ئەو کاتەی ڕۆحـت سەرمەشـقیت دەکـات، هـەرگیز ڕاڕایی ناتگرێ، ئەگەر هاتوو ڕێڕەوی کارەکان پێچەوانـەی ویستی تۆ ڕۆیشتن،

هەرگیز دوودڵ نابی بەوەی کە چی لە سـبەینێدا ڕوو دەدات ، جگە لە ترس لە هیچی تر ناترسی.

ئەو کاتەی ڕۆحـت سەرمەشـقیت دەکـات، هـەموو شتەکان لای تـۆ یەکسـان دەبـن، دڵـت پـڕ دەبـێ لـە خۆشەویستی، زەردەخەنە دەکەیت... بەڵێ بەردەوام زەردەخەنە دەکەیت!

# من هەژار نیم

من دەستگرەوەم، بەڵام هەژار نیم،

خواستەکانم بچووکن و پارویێکی بچووك تێر و، شتێکی سادەش دڵخۆشم دەکات.

سەرینێك لە ژێر ویژدانێکی ئاسوودە، لام باشترە لە هەزار ڕایەخی گرانبەها.

من هەژار نیم، هەژار خواستەکانی زۆر و بێ کۆتان، پێویستی بە زۆر هەیە،

بەڵام من لە لوتکەی زەنگینیدام و خاوەنی زۆرم، چونکە خواستەکانم سادە و ئارەزووەکانم ئاسانن.

من بە دوورم لە کۆیلە بوونی شتەکان، لە دەستدانی هیچ شتێکی ئەم جیهانە خەفەتبارم ناکات،

هۆگری هیچ پێداویستیەکیش نیم، تا نەمانی غەمبارم بکا.

من خاوەنداریێتی جیهان دەکەم، چونکە جیهان خاوەنداریێتیم ناکات.

کزە بایەك بۆمن بەسە، تا لە بەرامبەریدا هەزار جار سوپاسی خودا بکەم.

وشەیەکی چاك ببیستم، بەسە بۆ من تا بە درێژایی ئەو ڕۆژە دڵخۆشبم!

شاعیری گەورە سەعدی شیرازی دەڵێ:

أعظم الأغنياء هم: الأغنياء الفقراء السيرة

و أعظم الفقراء هم: الفقراء الأغنياء بالهمة

# دار هەنجیر

دەگێڕنەوە دار هەنجیرێکی گەورە هەبوو،
جووتیارێك لە زەویەکەیدا ڕۆژانە خوی بە چاودێریکردن و گرنگی پێدانیەوە گرتبوو،
بەڵام ئەم هەنجیرە بڕیاریدابوو کە تەنها بۆ خودی خۆی بژی.
بەردەوام ستایشی حاڵی خۆی دەکرد و دەیوت: من شانازی بە خۆمەوە دەکەم، بە حاڵی خۆمەوە سەرقاڵم، نە شێوە و نە جوانیشم بۆ من گرنگ نین،
لق و پۆپەکانم بە تەواوی لەگەڵ قەدم لێك جیان، حەزیش ناکەم بەرهەمم هەبێ، بۆ ئەوەی بە دەستی باڵندە و مرۆڤەکان هەراسان و وەڕەس نەبم.
جووتیارەکە بەردەوام چاودێری دۆخی ئەو دارە و بێ بەرهەمیەکەی دەکرد،
بەڵام سەرەڕای بێ سوودیشی لە سەر حیسابی دارە بەرهەمدارەکانی تر خزمەتی دەکرد و ئاوی دەدا،
لە یەکێك لە شەوە ساردەکانی زستان، جووتیارەکە پێویستی بە چەند تەختە دارێك بوو تا ئاگریان پێ دابگیرسێنێ و گەرمی بێتەوە،
بەڵام جگە لە قەدی دار هەنجیرەکە هیچی تری دەست نەکەوت!

بۆیە تەورەکەی گرتە دەست و قەدی دار هەنجیرەکەی بڕی و پارچە پارچەی کرد،

هەر جارێ سەرمای بوایە بەشێکی لێ دەبڕی،

تا لە کۆتاییدا دار هەنجیرەکە هیچ شوێنەوارێکی لە ناو باغەکەدا نەما!

# گەورەی تێگەیشتوو و شکۆدار

پیاوێك هەبوو پێیان دەوت: گەورەی تێگەیشتوو و شکۆدار،
ئەو پیاوە دەیوت: جیهان وەك شاخێکی زەبەلاح وایە،
هەرچی ئێمە بیلێین ئەو لە دوامان دەیلێتەوە،
ئەگەر خێر و چاکە بلێین، ئەوا ئەویش بە دەنگی خێر و چاکە لە دوای ئێمە دووبارەی دەکاتەوە، ئەگەر خراپەش بلێین بە هەمان شێوە، هەرچی ئەنجامیشی دەدەین بە چەندین قات بۆمان دەگەڕێتەوە،
ئامۆژگاریمان دەکات کە کار بکەین، چونکە کار کردن لە بەرامبەر مرۆڤدا دەوڵەمەندی و شکۆمەندی و بەرپرسیارییەتیەکی ڕەوشتیە.
هەرچی هۆکاربێ بۆ کامەرانی و دڵخۆشکردنی مرۆڤەکان ئەنجامی بدەین،
کاتێکیش بە تەندروستیەکی باش لە خەو هەڵدەستیت، ئەمە بە سادە مەزانە، بەڵکو بەخششێکی گەورەی خوداییە.
ئەو دەیوت: خەڵکی هەرچەندە خراپ بن، ڕۆژێك دێت دەگۆڕێن، بەڵام ئەوە کاتێك ڕوودەدات ئەگەر خۆیان ویستیان لەسەربێ.
گەورەی تێگەیشتوو و شکۆدار خاوەن هەستێکی زۆربوو، خێرا وەڵامی گرفتەکانی مرۆڤی دەدایەوە.
بەڵام لە هەمان کاتدا لەگەڵ ڕاستیەکاندا زۆر کردەیی و

واقیعی بوو، هەرگیز لەگەڵ چەمکە ون و نادیار و وشە گەورەکاندا نەبوو.

کەسێکی بە ئاگابوو، باش دەیزانی ژیان لە گورك خالی نیە.

ڕەنگە زۆر جار ناچار بیت کە سەمایان لەگەڵدا بکەیت، بەڵام تەنها بە جەستە نەك بە دڵ، تا ئەو کاتەی لە ڕەفتاری خراپیان ئەمین دەبیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێ ئەوەی ئازاری هیچ کەسێک بدرێت!

گەورەی تێگەیشتوو و شکۆدار هەرگیز خۆی بە کەسانی تر بەراورد نەدەکرد، هەرگیزیش ئیرەیی پێ نەدەبردن، تەنانەت ئەگەر بینیبای خاوەنداریێتی شتێانێکی لەو باشتر دەکەن،

پێچەوانەی مرۆڤەکانی تر، تا چەند بەخششەکانی خەڵکی زیادی بکردبا، ئەو زیاتر ئاسوودە دەبوو،

هەر کاتێکیش دووچاری هەڵەیەك بوایە، ئەوا داوای لێبووردنی دەکرد و دانی بەوە دەنا کە ئەویش وەك هەر یەکێکیان هەڵە دەکات،

داوای لێبووردن دڵی لە تاوان پاك دەکردەوە و، ئامادەی دەکرد تا جارێکی تر پێشوازی لە ڕەحمەت و ڕووناکی بکات،

هەر کاتێکیش هەڵەیەکی بەرامبەر ئەنجام بدرابا، ئەوا لە ناخی خۆیدا نەیدەهێشتەوە، نەبادا ببێت بە ڕق و کینە، بەڵکو زۆر بە نەرمونیانی و ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەنجامدەری هەڵەکەدا دەکرد!

# ڕێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ دەروون

هـەموو ڕۆژێـک، کاتێـک بـەیانیانیان لـە خـەو ڕادەبـم، ڕێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ خۆم دەبەستم..

هەر ڕۆژێکیش بێتوو لە یادی بکەم، ئەوا ئێوارەی هەمان ڕۆژ جـەنگێك چاوەڕێم دەکـات، یـان لەگـەڵ خـۆم، یـان لەگـەڵ دەوروبەر.

مرۆڤ تا چەند بە تەمەن دابچێ هەستەکانی توڕەیی و ترس و تەنیایی لەسەر کەڵەکە دەبن،

توڕەیی لە بەدی نەهاتنی بەشێك لە خەونـەکانی و، بـێ هیوا بوونی لە هەندێ کەس،

ترسیش لەو نادیارەی کە چاوەڕێی دەکات، ئەو تەنیاییەی لە پیریدا بەرۆکی دەگرێ و هیچ کەس گرنگی پـێ نـادات، بۆیـە من هەموو ڕۆژێک لە بەرەبەیاندا، بەڵێن بە دەروونی خۆم دەدەم کـە گرنگـی پێبـدەم و ڕەچاوی لاوازی و سـنووری تواناکـانی بکەم، هەرگیز بۆ ئەنجامدانی کارێك کە لـە توانـای ئـەودا نییە فشاری ناخەمە سەر، نەبادا ژیری و ڕێگەی حەق ون بکات.

زۆرێك لە نەخۆشیەکان، لە ئـەنجامی توشـبوونی دەروون بـە ڕاڕایی و فشارەکانەوە سەرهەڵدەدەن.

لە بەرەبەیانی هەموو ڕۆژێکدا، من گریمانەی ئەوە دەکەم کە پیاوێکی زۆر بەختەوەرم، پاشان، بە درێژایی ئەو ڕۆژە بـە دوای هۆکارەکانی بەختەوەریمدا دەگەڕێم!

# تۆپهاوێژ

دەگێڕنەوە جارێکیان شاژنێك دەستی منداڵەکەی دەگرێت و دەچێت بۆ سەردانی یەکێك لە پەرستگاکان..

لەوێ چەندین قەشەی پەرستگاکە هاتنە پێشوازی شاژن و بەو سەردانەی زۆر دڵخۆش بوون..

یەکێك لە قەشەکانی ئەوێ دێتە پێشەوە و هۆنراوەیەکی جوان بە سەر شاژندا هەڵدەڵێ، یەکێکی تر جوانترین و گرانبەهاترین دەستنووسەکانی بۆ خستەڕوو..

یەکێکیشیان پیرۆزییەکانی بۆ دەگێڕایەوە.

بەم جۆرە، هەر یەکەیان توانا و لێهاتوویی خۆی نیشان دەدا..

کەسێکیش لە ڕیزی قەشەکان وەستابوو، کەسێك خاکی بوو، هێشتا دەقەکانی ئایینی موتاڵا نەکردبوو..

ئەو لە خانەوادەیەکی سادە کە لە دەوروبەری ئەو ناوچەیە یاری سێرکیان ئەنجام دەدا گەورە بووبوو..

ئەوەی لە خانەوادەکەیەوە بۆی مابویەوە تەنها بریتی بوو لە هەڵدانی تۆپ بۆ ئاسمان و گرتنەوەی بە شێوەیەکی ژیرانە و جوان..

کاتێك ڕۆڵی ئەو هات تا لە پێش شاژن و منداڵەکەی خۆی بنوێنێ، سێ پرتەقاڵی لە گیرفانی دەرهێنا و بەرەو ئاسمان بەرزی کردنەوە..

دواتریش کاتێك داهاتنە خوار بە شێوەیەکی زۆر ژیرانە دەیگرتنەوە..

لەو کاتەدا شاژن بە دەست ئاماژەی بۆ ئەو کوڕە کرد، تا بێتوو شەرەفی دەستهێنان بەسەری کوڕەکەی پێببەخشێ..

پاڵەوانێتی بە ئەنجامدانی کاری گەورە نییە، بەڵکو بە ئەنجامدانی کارێکی سادەی ڕۆژانەیە، بەڵام بە خۆشەویستی و دڵسۆزییەوە!

# گەنجینەیەك لە ناوەوە

ئەگەر خۆمان دەروونی خۆمان نەگۆڕین، ئەوا هیچ کەسێك لە بری ئێمە ناتوانێ ئەم کارە ئەنجامبدا.

ئەگەر خۆشمان خۆمان خۆشنەوێ، ئەوا هەرگیز هەست بە خۆشەویستی خەڵکی ناکەین بۆمان.

ئەگەر وەك پاشایەك سەیری خۆمان نەکەین، ئەوا هەمیشە وەك سواڵکەرێك دەمێنینەوە.

ئەگەر خۆمان بڕیار نەدەین کە بەختەوەر بین، ئەوا هیچ کەس گرنگی بە بەختەوەریمان نادات.

ئەگەر خۆمان بە دوای هۆکارێك نەگەڕێین بۆ شادکردنی دڵەکانمان،

ئەوا گەڕانمان بە دوای ئەو کەسەی تا ئەوەمان بۆ ئەنجامبدا لەخۆڕا و بێ هودەیە.

بەختەوەری هەستێکە و لە ناخەوە سەرچاوە دەگرێ،

خۆشەویستیش بەوە دەست پێدەکات کە ئێمە خۆمان خۆشبوێ، تا لە دواییدا دەرفەتی خۆشەویستی ئەوانی تریشمان بۆ بڕەخسێ،

گۆڕانکارییش هەرگیز ڕوونادات، تا ئەو ساتەی ئێمە بڕیاری لەسەر دەدەین،

گەورەترین گەشتیش لە ژیانماندا بریتییە لە گەشت کردنمان بە ناخی خۆماندا.

پاشا گلگامێش لەگەڵ هاوڕێکەی کاتێکی زۆریان لە گەڕان بە دوای گیای نەمریدا بەسەر برد، زۆر چیا و دەشتیان بڕی، زۆر سەختیان بینی، بە تاریکی دەریا و دژواریدا تێپەڕبوون، بە دارستانە پڕ لە دڕندەکان و کوشتنی گیانداری ئەفسانەیی خمبابا..، هەموو ئەوانە لە پێناو گەڕان بوو بە دوای گیای نەمریدا، دوای ئەم گەشتە پڕ لە دژوارییە بۆ شارەکەیان (ئوروك) گەڕانەوە، ئەوسا دەستیان کرد بە دروستکردنی شوراکەیان، بۆ ئەوەی ئەوان بە نەمری بمێننەوە پێویست بوو تەواوی شارەکەیان شورا بکەن و بەهێزی زۆر دەوری بدەن.

بەڵام بە دڵنیایی ناوچەی گەورە و بەهێز، ئەو ناوچە بەهێزەیە کە لە ناخەوە بونیاد دەنرێت.

# ئەوینی ڕاستەقینە

ئەگەر ئێوە ئەویندارێکی ڕاستەقینە بن، گەر بۆ چاوتروکانێکیش بێ،

ئەگەر لە ناخی دڵتانەوە لەو کەسانە خۆشبن کە خراپەیان بەرامبەرتان ئەنجامداوە،

ئەگەر ڕێزتان لە هەژارێك گرت، گەر بە وشەیەکی باشیش بێ،

ئەوا لە گەڵای دارێکی بچووك، تەواوی چیرۆکی گەردوون دەدۆزنەوە،

چیرۆکی ژیان، هەموو جوانییەکانی جیهان،

هەموو ئەوانە... تەنها لە گەڵا دارێکی بچووکدا!

لە دڵۆپە ئاوێکی بچووك، مێژووی دەریاچە و گەنجینەی دەریاکان دەدۆزنەوە،

نهێنی کانیاو و ڕووبارەکان،

هەموو ئەوانە... تەنها لە دڵۆپە ئاوێکی بچووکدا!

# ژیانێکی خۆش و ناوازە

بریتییە لە ئازادبوون لە هەموو شتێك و وابەستە نەبوون بە هیچ شتێك، مرۆڤ، سامان، ترس، ڕابردوو.
بریتییە لە سۆز نواندن بەرامبەر بە هەموو کەسێ، بە تایبەت ئەو کەسانەی هیوای ژیانیان لە دەستداوە.
بریتییە لە هاونشینی کردنی خۆت و هەست نەکردن بە تەنیایی،
چونکە نیشتمانی هەمیشەیی و مێرگی ژیانی مرۆڤ بریتییە لە خۆی.
ژیانێکی خۆش بڕیار و ئیرادەیە، لەوەی کە تۆ سوود بەخش بیت و توانای ئەوەت هەبێ خۆشی بخەیتە دڵی خەڵك.
هەستکردنە بەوەی کە تۆ بەشێکی دیاری ئەم گەردوونەی.
هەستکردنە بەوەی کە تۆ دڵی جیهانیت، هێز و وزە و خۆشەویستیەکی زۆر دەوری داویت.
بریتییە لەو ژیانەی کە ئازادی تیایدا دەبێتە ڕەمز و، هیچ کەس تیایدا بەسەر کەسی تردا زاڵ نابێ،
چونکە هەمیشە زاڵبوون گوزارشتە لە کەم و کورتی و ترس و نەبوونی متمانە.
ژیانێکی خۆش بریتییە لە حاڵەتی هەستکردن بە زیندویتی و ژیانەوە و، ئارەزوو کردن لە فڕین و بەرزبوونەوە،
ئارەزوو کردن لە داماڵین و خۆ دەربازکردن لە دەمامك و

ماسکە ساختەکان و سەماکردن لەگەڵ ژیان.

ئەو کەسەی لە ژیانێکی خۆشدا دەژی، ئاڵودەی عیشقی ژیان دەبێ، ئەگەرچی بەردەوام بێدەنگیش بێ،

لە ناخەوە بۆ خۆشەویستی دادەگیرسێ، ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا جێگیر و بێ جووڵەش بێت.

# بەردەوامبوون لە ڕۆیشتن

هەموو ڕۆژێ هەنگاوێك بەرەو پێشـەوە دەڕۆم، بـۆم گرنگ نییە مەودای ئەم هەنگاوە چەندە،

ڕەنگە زۆر بچووك بێ، گرنگ ئەوەیە هەمیشە بۆ پێشەوەیە.

مادام بە ئاڕاستەیەكی دروست ڕێ دەكـەم، ناترسـم و سارد نابمەوە، گرنگ ئەوەیە بەردەوام بم لە هەنگاونان، با تا كۆتـایی تەمەن درێژە بكێشێ،

ئەگەر ڕۆژێك هەنگاوێك بگەڕێمەوە بـۆ دواوە، ئـەوا ڕۆژی دواتر دوو هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵدەنێم،

بە ئارامی و هێزەوە لە هـەوڵ و كۆششـدان بـەردەوام دەبـم، سوور و پێداگردەبم، بە هێمنی و هاوسەنگی،

بە پلەبەندی و نەرمونیانیەوە مامەڵە لەگەڵ كێشەكاندا دەكەم، دوور لە هەر فشارێك،

لە پێناو گەیشتن بە ئەنجام هەرگیز پەلە ناكەم،

شكست بریتییە لەو كاتەی كە تیایدا دەوەستین و، بێ هیوا دەبین، بریتییە لەو كاتەی كە ماندووبوون ڕێگر دەبێ لەوەی لە بەیانیەكی نوێدا هەوڵێكی نوێ بدەین، ساتی شكستیش تەنها ئەو چركەیەیە كە تیایدا ڕوودەدات.

ژیـان وەك خـۆی وەربگـرە، پـاڵ بەخۆتـەوە بنـێ، خۆشی و ژاوەژاو بڵاو بكەوە! .... هنری میلەر.

# سێ مامۆستای گەورە

پیاوێکی دونیا نەویست لە کاتێکدا سەرقاڵی وانەوتنەوە بوو، یەکێك لە فێرخوازەکانی پرسیاری لێکرد: ئەی مامۆستای گەورە، کێ مامۆستای تۆ بووە؟

وەڵامی دایەوە: زۆرن، بەڵام ئەوەی زۆرترین نهێنیەکانی ژیانمیان لێوە فێربووم سێ مامۆستان:

**یەکەمیان دزێك بوو!**

ڕۆژێکیان ڕێگەم کەوتە بیابانێك لە وادەی گەڕانەوەی خۆم دواکەوتم و شەوم بەسەر داهات، کلیلی ماڵەکەم لای دراوسێکەم جێهێشتبوو، کاتێك گەیشتمەوە درەنگی شەو بوو، بۆیە بوێری ئەوەم نەبوو کە دراوسێکەم بە ئاگا بێنم و کلیلی ماڵەکەمی لێوەربگرمەوە، ئا لەو کاتەدا پیاوێك بە کۆڵانی ماڵەکەمدا ڕەتدەبوو، منیش داوای یارمەتیم لێکرد، زۆر سەیربوو! هەر بە چاوتروکانێك دەرگاکەمی کردەوە، زۆر سەرسام بووم! داوام لێکرد کە پێمبڵێ چۆن ئەو کارەی ئەنجامدا، ئەویش هەواڵی پێدام کە ئەو ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی دزی کردنە! دوای ئەوەی زۆر سوپاسم کرد، داوام لێکرد کە لام بمێنێتەوە، ئەویش بێ دڵی نەکردم و نزیکەی یەك مانگ لای من مایەوە، هەموو شەوێ دەچووە دەرەوە، کاتێکیش لێم دەپرسی بۆ کوێ؟ دەیوت دەچمە کار. هەر کاتێکیش دەگەڕایەوە لێم دەپرسی کە

چی دەسکەوتووە؟ بەڵام وەلامی ئەو تەنها یەك وەلام بوو و گۆرانی بەسەردا نەدەهات، وەڵامەکەشی بریتی بوو لە (ئەم شەویش هیچم دەست نەکەوت، بەڵام سبەی هەوڵێکی تر دەدەم). ئەو پیاوێکی زۆر بەختەوەر بوو، هەرگیز ڕۆژێك نەمدی ملکەچی بێ هیوایی بێ، سەرەڕای ئەوەی هەموو ڕۆژێ بە دەستی بەتاڵ دەگەڕایەوە، ئەگەرچی من پێچەوانەی ئەو بووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام وشەکانی ئەو دووبارە دەکەمەوە، چونکە هەمیشە دووبارە کردنەوەیان هێزی بەردەوامی و ئارامگریم پێدەبەخشێ و وام لێدەکەن هەرگیز ملکەچی بێ هیوایی نەبم و خۆم بەدەستەوە نەدەم.

**مامۆستایی دووەمم سەگێك بوو!**

لە کاتێکدا لە کەناری ڕووبارێك دانیشتبووم، سەگێکی تینووم بینی کە بەرەو ڕووبارەکە دەهات تا ئاو بخواتەوە، کاتێك ئەم سەگە گەیشتە لێواری ڕووبارەکە سەگێکی تری بینی، ئەمەش جگە لە ڕەنگدانەوەی وێنەی خۆی لە ئاوەکەدا هیچیتر نەبوو، زۆر لێی ترسا و گەڕایەوە دواوە، دەستی کرد بە وەڕین تا بتوانێ سەگەکە دووربخاتەوە، بەڵام بێ سوود بوو، بەڵام لە کۆتاییدا، کاتێك تینوێتیەکەی زیاتر بوو، بڕیاریدا کە لە سەگەکە بچێتە پێشەوە و ڕووبەڕووی بێتەوە، بۆیە خۆی خستە ڕووبارەکە، ئەمجارەیان وێنەکە بوونی نەما، ئەویش بە شانازی بەخۆ کردنێك و ئاسوودەیی دەستی کرد بە ئاو خواردنەوە تا تینوێتی شکا، لەوەوە فێری بوێری و ئازایەتی و بەرەوپێشەوەچوون بووم.

**مامۆستای سێیەمم منداڵێك بوو!**

کە بینیم، کۆمەڵە مۆمێکی ڕەنگاوڕەنگی بە دەستیەوە گرتبوو، یاری پێ دەکردن، زۆر دڵخۆش و سەرسام بوو، هەم بە جوانی ڕەنگەکان هەمیش بە ڕووناکیەکەیان، هاتە خەیاڵم کە پرسیاری ئەوەی لێبکەم کە ڕووناکی ئەو مۆمانە لە کوێوە هاتووە، لە ناخی خۆشمەوە دەموت: ئاخر ئەو منداڵە زانستی ئەوەی لە کوێبوو تابزانێ کە ئەو ڕووناکیە لە کوێوە هاتووە، بەڵام لە کۆتاییدا لە یاریکردن ڕامگرت و لێم پرسی: ئەی بچکۆل مۆمەکانت بێ ڕووناکی بوون، چۆن داتگیرساندن، ڕووناکی ئەو مۆمانە لە کوێوە هات؟

منداڵەکە پێکەنی و مۆمەکانی کوژاندەوە، دواتر لێی پرسیم: ئەی گەورەم ئایا ئێستا تۆ دەتوانی هەواڵی ئەوەم پێبدەی کە ئەو ڕووناکیەی کە دەمێك بەر لە ئێستا هەبوو بۆ کوێ چوو؟

بێ دەنگ و سەرسام و دۆشداماو وەستام، دواتر جێمهێشت و ئەویش دەستی کردەوە بە یاری کردن،

ئەوسا درکم بەوە کرد کە چەندە گەمژە بووم، کە ڕابردووم بە گەڕان و سووربوون لەسەر زانینی نهێنیەکانی گەردوون و هۆکاری ماهیەت و بوونی شتەکان بەسەربرد، چۆن لە بیرم کرد کە هاوشێوەی ئەو منداڵە بە بەرائەت و سادەیی و خۆشیەوە بژیم!

# بەخششی خۆشەویستی

خۆشەویستیت وای لێکردم هەست بە چێژێکی نوێی ژیان
بکەم، کە پێشتر نەم چەشتبوو،
لەو ساوە بەردەوام خۆم بۆ ڕۆژێکی نوێ ئامادە دەکەم،
هەست بەو بەخششە ئیلاهیانە دەکەم کە دەورەیان داوم،
دڵیشم ئاسوودە و فراوانتر،
وام لێهاتووە هەست بە ڕەحمەت و سۆزی هەموو
دروستکراوێك بکەم،
هەموو ڕاجیاکانی نێوان مرۆڤەکان قبوڵ دەکەم، لێیان
تێدەگەم،
خۆشەویستی تۆ بەلای منەوە، سارێژی ئەو برینە بوو کە بە
درێژایی ڕۆژگار قوڵ بووبوو،
وەك ئەو کەسەی کە لەناکاو چاوەکانی بەڕووی ژیان
هەڵبێنێ بە ئاگا هاتم،
خۆم بینی کە بە ڕێگەیەکی نوێ شتەکان دەبینم،
ڕووداوەکان زۆر لە جاران ڕوون و دیارتر بوون،
بینین بۆ چێژ وەرگرتن لە جوانی تیژ تربوو،
ڕۆحیش شەیدا و تامەزرۆتر، بۆ تێگەیشتن لە ئازارەکانی
مرۆڤ!

# مرۆڤی نوورانی

مرۆڤی نوورانی ئەو کەسەیە کە بە هێزێکی ڕەهاوە بەردەوام دەبێ، تا بگات بە ئارامی و بێگەردی، تا لە دواییدا لە جیهانی حەز و ئارەزوو و هەواو هەوەس و خۆپەرستیەکانی دەربازی ببێت و بگاتە جیهانی کامەرانی و لەگەڵ جوانی ئاوێتە بێت، وەك ئەوەی بۆ باوەشی دایکی بگەڕێتەوە.

مرۆڤی نورانی ئەو کەسەیە کە بەردەوام لە حاڵەتێکی نەگۆڕی بە ئاگابوون و هۆشیاریدا بمێنێتەوە، زاڵبێ بە سەر تەوژمەکانی بیرکردنەوە و هەڵچوونەکانی، تا لە کۆتاییدا گونجان و کامەرانی جێگەیان بگرێتەوە.

مرۆڤی نورانی ئەو کەسەیە کە هەمیشە لە حاڵەتی ئامادەبوونی تەواو دابێ، بە کەم ڕازی بێت و بەختەوەربێ، بە سادەترین شت دڵخۆشبێ، هەمیشە شادمان بێ بەوەی کە لەم جیهانەدا دەژیت.

ئەو بە هۆی ژیان و مان و هەناسەدانی لەم جیهانەدا کامەرانە، هەر بەو هۆکارەشەوە ئاهەنگ دەگێڕێ، ئەو هەمیشە بەخشش و نیعمەتەکانی لەبەر چاون و لێیان ورد دەبێتەوە.

ئەو زۆر هەست بە خۆشی و فەرەحنایی دەکات، تەنها لەبەر ئەوەی بوونی هەیە و دەژی.

گەشتی مرۆڤی نوورانی لە ناخەوە دەست پێدەکات، ئەو خۆی خۆشدەوێ، تا توانای خۆشەویستی کەسانی تریشی هەبێ،

ماڵەکەی خۆشی بۆیە خۆشدەوێ، تا تیایدا حەزی بەخێرهاتن و پێشوازیکردنی لە میوانەکانی تیایدا بێنێتە دی.

نورانیبوون بە دابڕان لە حیساباتەکانی عەقڵ و وازهێنان لە ڕابردوو و خەیاڵ و قسە پڕوپوچەکانی داهاتوو دێتە دی.

بەوە دێتە دی کە لە بەرەبەیانی هەر ڕۆژێکدا بە پەڕەکانی خۆر ئاوازی ژیان بژەنین و لە ئاسماندا باڵەکانمان بکەینەوە و بە ئاڕاستەی ئەستێرەکان لە شەقەی باڵ بدەین و بفڕین، تا تۆز و غوباری هەموو خراپ (سلبي)یەکان پەرش و بڵاو دەکەین.

بریتییە لەوەی کە بە هەبوونمان دڵخۆشبین و سروودی ژیان بچڕین، لە هەر چرکەیەکدا هەست بە ئاهەنگێکی بەردەوام و ڤیستیڤاڵی ژیان و ئاوێتەبوون بکەین.

بریتییە لە ئارەزووکردنی زەردەخەنە، بەبێ هیچ بیانوێك و، توانەوە لە حاڵەتی کامەرانی و خۆشیدا، دوورلە هەموو هەڵچوون و بیکردنەوەیەکی نامۆ.

لە کۆتاییشدا نورانی بوون بریتییە لە گەیشتن بەو یەقینەی کە مرۆڤ لە خۆشیەوە دروستکراوە.

# دڵە شکێندراوەکان

بە هەژارییەوە ژیام، لە دەوڵەمەندی دەترسام..

پێموابوو کە دەوڵەمەندی بکوژی ڕوحی مرۆڤە و، هۆکاری خەمۆکیەکی گەورەیە..

ئەمە پێچەوانەی ئەو هەژاریەیە کە یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و تێکۆشان و دەوڵەمەندکردنی ژیانی ڕۆحی.

بەڵام ماوەیەك بەر لە ئێستا بۆم دەرکەوت، کە مرۆڤ پێویستە بژی، چێژ وەربگرێت و، ببەخشێت.

لە هەر دۆخێکی هەژار یان دەوڵەمەندی دابوو.

هاونشینی زەرەرمەندانم کرد..

هەست دەکەم ئەوان دڵیان زۆر بە بەزەیی و هەستەکانیان زۆر بەهێزە..

زەرەر ئازادیان دەکات، ئەگەر هاتوو ئەوەی لە دەستیان داوە پێی نەگەنەوە..

لەگەڵ ئەو ئەویندارانەش سۆز دەنوێنم، ئەوانەی خۆشەویستەکانیان جێیان هێشتوون و دڵیان شکاوە..

شکانی دڵیان وای لێکردوون کە زۆر ئارام و لەسەرخۆ بن، زۆریش نەرمونیان بن..

لە ڕووخساریشیاندا دانایی و شکۆ پەخش دەبێ.

مرۆڤ ژیانی بە لاوازی دەست پێدەکات و هەر بەو جۆرەش بە کۆتا دێ..

وەك ئەوەی ئەو لاوازییە ماڵی ڕەسەن و ڕاستەقینەی خۆی بێ.
بەڵام ئەو هێزەی جار جارە خۆی پێدەڕازێنێتەوە بریتییە لە ماسکێکی کتوپڕ..
لە هەر چرکەیەك ترس یان نەخۆشیەك دووچاری بێ دەیهێنێتە خوار..
بۆیە هەر سەختیەك مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە پێویستە وەك قەدەرێك لێی بڕوانێ..
لە هەر حاڵەتێکی ژیان دابوو، لاواز، هەژار، غوربەت...
پێویستە زۆر دانایانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و بە ئارامگر بێت و بە ڕازی بوونەوە لێیان بڕوانێ..
تا بەو هۆیەوە خۆی لە کێشە و نەهامەتییە گەورەکان بپارێزێت.

# تەوردز*

تەورەكەم نەدۆزیەوە، لە خەیاڵی خۆمدا گومانم بردە سەر كوڕی دراوسێكەمان، چاودێریم كرد...

ڕۆیشتنی، ڕێك لە ڕۆیشتنی تەووردزێكی نموونەیی دەچوو، وشەكانی ڕێك لە وشەی تەووردز دەچوون، ڕەفتارەكانی هیچ جیاوازییەكیان نەبوو لەگەڵ ڕەفتاری تەوردز، شەوێكی تەواوم بە غەمگینی و بیركردنەوە لە كوڕی دراوسێكەمان بەسەر برد، بۆ بەیانی، لە كاتی هەڵكەندنی چاڵێك و ئاوەژوو كردنەوەی خۆڵ تەورەكەم دۆزیەوە، ئەمەیان شتێكی پێشبینی نەكراوبوو.

كاتێك ڕۆژی دواتر، سەیری كوڕی دراوسێكەمان كرد، هیچ شتێكم نە لە ڕۆیشتنی نە لە ڕواڵەتی نە لە ڕەفتاری بەدی نەكرد، كە لە تەوردزێك بچێ!

دوێنێ شەو، من گەورەترین دز بووم، ئەو كاتەی كوڕی دراوسێكەمانم بە دز تۆمەتبار كرد، ئەمانەت و بەڕائەتی ئەوم دزی، ئەو كاتەی عەرەق و شەرمیش دایگرتم، ڕۆژێكی تەمەنی خۆشم دزی!

---

* ئەم گێڕانەوەیە لە لایەن فەیلەسووف "تشوانج تسوو" لە سەدەی چوارەمی پێش لەدایكبوون نووسراوە، بە كەمێك دەستكاری و گۆڕان و زیادكردنی بەشی كۆتا گواستوومەتەوە.

# ژیان بریتییە لە جووڵە و ڕۆیشتن

جووڵـە و ڕۆیشـتن بریتییـە لـە ئـازادی ڕزگـاربوون، لـە هەڵگرتنی قورسی و ئەو بارە ماددیانەی کە مرۆڤ بەرەو خوار ڕادەکێشن، کەسێکتان بینیوە لە کـاتی خـەودا بـڕوا و بجـووڵێ؟ بەڵێ ڕۆیشـتن زۆر لـە فڕینـەوە نزیکـە، هـەموو گـەردێکی ئەم جیهانە دەجولێ و سەما دەکات، با، ئاو لە درێژبوون و ڕۆیشتن، زەوی لە دەوری خۆر.

ئەگەر بێتوو ڕۆژ نەجووڵێ و لە جێگەی خۆیـدا نـەڕوا، ئـەوا هەرگیز ئەو گەرمی و ڕووناکییەی کە زەوی پێ دەژی لەدایك نەدەبوو.

تەنانـەت خـۆڵی چەقبەسـتوش، لـە چەنـدین خانـەی بچـووك پێکهاتووە، هەر یەکەیان بە دەوری خۆیدا سەما دەکات.

جووڵان هەموو شتێکی ئەم گەردوونە دەکات بە زیندوو.

سوڕانەوەی مـرۆڤ بـە دەوری کەعبـەدا جـولانێکی تـایبەتە، گوزارشتە لە خۆشی دەربڕین بۆ دیداری پەروەردگار.

سەرچاوەی وزەیەکی لەبن نەهاتووە..

سەدان ساڵ پێش ئێستا شاعیری گـەورە جەلالـەدینی ڕۆمی جوولانەوە بە ناوبانگەکەی دەروێشانی داهێنا..

بە سـووڕانەوە و جوولانـەوەیان بـە دەوری خۆیانـدا قورسی جەستە و بارە ماددیەکانیان لەسەر خۆیان لادەبرد، تا دەگەیشتنە حاڵەتێکی ڕۆحانی ناسك.

حاڵەتێك کە پڕە لە خۆشی و کامەرانی، کە بە هیچ زوبانێ وەسف ناکرێ.

(ئەو کاتەی دڵ پڕ هەست دەبێ دەتەقێتەوە، جووڵانیش تاکە شتێکە کە ئەو ئازارە ڕادەگرێ...) زۆربای یۆنانی.

# با شتێکمان هەبێ پێوەی بژین

با هەموو کات شاخێکمان هەبێ پێیدا سەربکەوین، چونکە ئەوە بە زیندویێتی دەمانهێڵێتەوە لە ژیان.

کەشتییەکان بۆ ئەوە دروست نەکراون تا لە کەناری دەریاکان لەنگەر بکرێن.

با هەمیشە شتێکمان هەبێ بمانخاتە پێکەنین، لەبەر هەر هۆکارێك بێ، لە هەر کاتێك بێ، بە تایبەتیش بۆ دەروونمان، با هەموو دەم کارێکمان هەبێ ئەنجامی بدەین، چونکە کار تەندروستی دەروون و جەستە ڕێکدەخات، هۆکاری ڕاکێشانی ڕزق و هاوڕێی بەردەوامە، هاوکات هۆکارە بۆ دوور خستنەوەی غەم و خەفەت، هاوکات بەدەستهێنانی عیزەت و شکۆیە.

با بەردەوام ساتێکمان هەبێ بۆ بێدەنگی، تیایدا لە سووچێك لەگەڵ دەروونماندا ڕاز گۆڕینەوە بکەین، بیرۆکەکانمان لە سەرقاڵی و جەنجاڵی ڕۆژگار پاڵفتە بکەین.

ئەم ساتە گرنگترین ساتی ژیانمانە، چونکە هەمیشە بێدەنگی بەرەو باشترین بڕیارەکان سەرمەشقیمان دەکات.

با هەمیشە کاتێکمان هەبێ بۆ سووربوون و مانەوەمان بە گەشبینی، تا واز لە شتە لاوەکییەکانی ڕۆژانەمان بهێنین و، بە دوای خاڵە ئیجابییە شاراوەکاندا بگەڕێین، لانی کەم با ڕۆژانە هاوڕێیەکمان هەبێ و گفتوگۆی لەگەڵدا بکەین، با هەموو ڕۆژێك کاتێك تەرخان بکەین بەو کەسانەی کە لە جەنگەکانی

ژیاندا دووچاری شکست هاتوون، باڵ شکاوەکان، گەڕاوەکان لە گەشتەکانی ڕاوێکی بێ نێچیر، با شکستەکانی خۆمانیان بۆ باس بکەین، با باسی دۆزینەوەی ئەو گەنجینانەیان بۆ بکەین کە لە گەشتێکی نائومێدیدا پێیان گەیشتین، با هەموو ڕۆژێ چەند ساتێك تەرخان بکەین بە موناجات لەگەڵ خودا، لەسەر هەموو ئەو بەخششانەی کە لە هەژمار نایەن سوژدەی سوپاسگوزاری بۆ ببەین، ماندوێتی و قورسیەکانی ژیانمان بخەینە بەر ڕەحمەت و بەزەیی ئەو، داوای یارمەتی و هێزی لێبکەین، تا لە کاروانی ژیان بەردەوام بین، سەرەڕای تەحەددییەکان.

# ڕۆژێك لە ئاهەنگی هاوسەرگیریدا

هاوڕێیەکم کە دوێنێ شەو بۆ ئاهەنگێکی هاوسەرگیری بانگهێشت کرابوو بۆی گێڕامەوە و گوتی:

لای دەرگای هۆڵی ئاهەنگەکە، هاوڕێیەکەم کە ماوەیەکی زۆربوو نەمبینیبوو ڕای گرتم، هەر کەبینیمی بە دەستەکانی منی گرت و دەستی کرد بە گلەیی و سەرزەنشتکردنم..

دواتر پێي وتم: ئەوە ڕۆژگار چی بەسەر تۆ هێناوە؟ زۆر بە ماندوویی دەتبینم، تۆ زۆر پیربووی، قژت هەڵوەریوە، هەر بەڕاستی تۆ بویت بە پیرەمێردێکی بە ساڵاچوو!

سەبارەت بەو واتایانە شتێك نەما پێمی نەڵێ، تاکە شتێك کە مابوو ئەنجامی بدات کفن کردن و ناشتنم بوو بە دەستەکانی، منیش بێ هیچ توانج و قسەیەك زەردەخەنەیەکم بە ڕوویدا کرد. دواتر ئەو چووە سەرەوەی هۆڵەکە، منیش خۆم خزاندە لایەکی هۆڵەکە، هەموو ئەو وشانەش کە هاوڕێیەکەم سەبارەت بەمن وتنی لە بیرم کردن، دواتر بە تەواوی ئارامی و لەسەرخۆییەوە هەماهەنگیم لەگەڵ ئامادەبوان دروستکرد، گرنگیم بە هەموویان دەدا، بچووك، گەورە، هانی گەنجەکانم دەدا بۆ سەرکەوتنی زیاتر، هاوغەمی خۆم بە چەند غەمبارێك گەیاند، لەگەڵ هەمووان پێدەکەنیم و لە خۆشیەکانیاندا بەشداریم دەکرد، بە هەموو توانام هەوڵمدا لەو ماوە کەمەدا ببمە هۆکارێك بۆ بەخشینی خۆشیەك بە دڵی هەموو ئەوانەی کە بینیمن و دواندنم.

ساتێکی لەبیرنەکراو بوو، هەر ئەو شەوەش بەڵێنمدا ئەگەر بمێنم لە بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر وەك هەمیشە جارێکی تر ببمە هۆکاری خۆشی و کامەرانی بۆ سەردڵی دەوروبەرم.

کاتێك ویستم هۆڵەکە جێبهێڵم، هاوڕێکەم هێشتا هەر لە شوێنی خۆی بوو، لە ڕەفتارەکانی من واقی وڕمابوو، دواتر چوومە لای و ماڵئاواییم لێ خواست و، پێم وت هەرگیز دڵتەنگ و بێ هیوا نەبێت.

لە کاتی هاتنمدا ئەو تەنها لە سەر شێواز و ڕووخسارم بڕیاری لە سەر تەواوی ژیانی مندا، بەڵام ئەو درکی بەو ژیانە نەکردبوو کە لە ناخی مندا گوزەر دەکات، کە تەواوی دڵ و ئەندامەکانی جەستەمی پڕ کردووە.

# چەند پەندێك لە چینەوە

خەڵكی چین سەبارەت بە خاكیبوون دەڵێن: هەنگاوێك بۆ دواوە بگەڕێوە، جیهانێكی بێ سنوور لە بەرامبەرتدا دەكرێتەوە.

كاتێكیش بە ڕێگایەكی تەسكدا دەڕۆیت، بوەستە، سەیربكە و بزانە كێی تر دەیەوێ بە لایەكەی تردا تێپەڕێت.

كاتێك خواردنێكی خۆش دەخۆیت، لە سێیەكی خواردنەكەت بەشداری كەسانی تری پێ بكە.

پیاوی خاكی لای تۆ بە زەرەرمەند دەردەكەوێ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو هەمیشە زیاتر بەدەست دەهێنێ.

كاتێك ستایشی كەسێك دەكەین، نایبەینە بەرزایی ئاسمان، كاتێكیش ڕەخنە لە یەكێك دەگرین نایشكێنین و نایڕوخێنین.

فێرمان دەكەن كە مرۆڤ گەورەی كاتە، كاتێش بۆ خزمەتی ئەو ڕام كراوە.

كاتەكان هەر چەند گرنگ بن، ئەوا هەستی ئەو مرۆڤانەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەكەین گرنگترن.

هەرگیز تاكی چینی بە دوای دەرمانێكی خێرا بۆ چارەسەركردنی نەخۆشەكەی هەوڵ نادات.

بەڵكو باشترینی چارەسەرەكان، پێویستە بە پلەبەندی و هاوسەنگی و گونجان بێت، بە مەشق و خۆراكێكی باش تەندروستیت باش دەبێت.

باشکردنی دەروون لەلایەن خودەوە، واجبێکی سەرەکی سەر هەموو مرۆڤێکە.

چینییەکان فێرمان دەکەن، هەمیشە ڕەچاوی مافی کەسانی تر بکەین، شکۆ و ئارەقی نێوچاوانیان بپارێزین.

هاوشێوەی ئاو شیاوی خۆ گونجان بین لە ژێر هەر دۆخێکدا.

وەك بازنەیەك وابین، توانای گۆڕانمان هەبێ.

چونکە بازنە ئەگەرچی شێوەکەی زۆر نەرم و ناسکە، بەڵام بەهێز و زیندووە، بەرگەی فشارەکان دەگرێ.

بەڵام شێوە بازنە بوون بە واتای ئەوە نایەت کە فێڵباز و داخراو بین، بەڵکو پێویستە بە سیفەتی نەرمونیانی و سۆز خۆمان بڕازێنینەوە و لێبوردە بین.

لە جێگیربوونیشدا هاوشێوەی لاکێشە بین ،

جێگیریش واتای ئەوە نییە کە توند و ڕەق بین، بەڵکو بەو واتایە دێت کە پەیڕەوی یاسا و بنەماکان بکەین.

بە هۆکاری دەوڵەمەندی و پێگەی بەرزەوە لە چێژە هەستییەکاندا ڕۆنەچین.

هەرگیز خۆمان نەخەینە ژێر ڕکێفی زۆرەملێ و برسێتی، ملکەچی هەژاری و سستی نەبین.

با هەمووان بە ئارامی و لە سەرخۆیی خۆمان بڕازێنینەوە، چ جای بۆ پێشەوە بڕۆین، یان بگەڕێینەوە!

# چاوساغ و نابینایەك

پیاوێکی چاوساغ بە دراوسێ نابیناکەی وت:

تۆ نابینای، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەمیشە بە زەردەخەنەوە دەتبینم، بەردەوامیش زۆر بەختەوەرانە دەردەکەوی، ئایا نهێنی ئەوەم پێدەڵێیت؟

نابیناکە وەڵامی دایەوە گوتی:

تۆ بەردەوام بە دوای بەختەوەریەوە هەڵپە دەکەیت، بەمەش هەمیشە دەبێ لە دواوە بڕۆی و هەرگیزیش دەستت پێی ناگات.

بەڵام من تەنها بەرێگەیەکی بەختەوەرانە ژیانی خۆم بەڕێ دەکەم.

هەر بۆیەش بەردەوام چرکەکانی کامەرانی وەك کانیاوێك بە بەردەممدا دەڕۆن و ژیانم پێدەبەخشن.

هاوڕێکەم، تۆ کاتێك بەو شتە دەگەیت کە ماوەیەکە ئاواتە خوازی بووی، تەمبەڵی و تەوەزەلی داتدەپۆشن، دواتریش ئەو شتەی کە بەدەستت هێناوە لات سادە دەبێ و بایەخێکی ئەوتۆی نامێنێ، لەوێوەش ئاستی بەختەوەری تۆ لاواز دەبێ و دووچاری بێزاری دەبیت.

بەڵام من، هەموو ڕۆژێ بە چاوانێکی نوێوە سەیری هەموو ئەو بەخششانە دەکەم کە پەروەردگار پێی بەخشیوم، وەك ئەوەی ئێستا پێیان گەیشتبم.

بەوپێیەی تۆ کەسێکی چاو ساغیت، ڕاهاتووی بە دوای هەر جوانیەکدا بگەڕێی کە ژیانت جوان دەکات، بە دوای شتێکدا ناگەڕێی کە بەختەوەرت بکات.

بەڵام من، بەرەبەیانی هەموو ڕۆژێ جیهانێکی جوان لە خەیاڵی خۆم دروست دەکەم.

سەرەڕا ئەوەی تۆ چاوساغی، کەچی لە سەرکێشی دەترسی،

منیش بەو چەند هەستەی هەمە، زۆر پیشەگەرانە یاری لەگەڵ ژیان ئەنجام دەدەم..

من سەرکێشیم خۆشدەوێ و حەزم بۆ فێربوون هیچ سنورێکی نییە.

لە بەرەبەیانی هەموو ڕۆژێ چالاکانە لە بێخەفەکەم دێمە دەرەوە و باز دەدەم، بە هەشتێك کە هەموو گیانمی داگرتووە، وا بیردەکەمەوە کە گەشتی ژیان دەمێك پێش ئێستا دەستی پێکردووە.

ئەی هاوڕێ تۆ لە ژیان دەترسی، هەر بۆیەش هەموو دەرفەتە جوانەکانی ژیان لێت ڕا دەکەن.

# دەریاگەڕێك بە دڵێکی دایکانە

دەریاگەڕێك هەبوو، لە جۆری خۆیدا زۆر ناوازە بوو، بە کەشتیەکەی هۆگری گەشتکردنی دەکرد بە دەریاکاندا.

دەستەی کەشتییەکەی بنەمای گەڕانەکانی بوو، سەرەڕای ئەوان وەك لاوازترین سەرەتا دەستیان پێکرد، بەڵام لە کۆتاییدا درەوشانەوە، گەشتکردن خۆی لە خۆیدا لای ئەو ئامانجێکی گەورە بوو، ئەگەرچی هیچ نهێنی و گەنجینەیەکیشی دەست نەکەوتبا، هاوڕێیەتی پیاوە گەشتیارەکان لای ئەو زۆر لە بەخشش و دیاری گەورەتر بوو، ناوی لە کەشتییەکەی نابوو (کۆڵنەدان).

کاتێکی زۆری بە خوێندنەوەی ترسناکییەکانی ڕێگا بەسەر دەبرد، پێش ئەوەی دەست بە ڕۆیشتن بکات، گەشبینی لای ئەو گوزارشت بوو لە بوێرییەکی ڕەوشتی ڕاستەقینە.

هەرگیز بۆ ساتێك جوانیی ئامانجەکەی و چێژی گەیشتنی، لە خەیاڵ نەدەچووە دەر.

زۆر بە قوڵی لە سروشت ڕا دەما، زۆر بە پەرۆشەوە سەیری دەکرد، زۆر بە ئاسانی لە هەڵەکانی بەرامبەری دەبووری، ئەمەش وایکردبوو خەڵکی خۆشیان بوێ و متمانەی پێ بکەن، نموونەیەك بوو بۆ ئەمانەت، خەڵکی هان دەدا تا بە بەها بەرزەکان خۆیان بڕازێننەوە.

هەمیشە باوەڕی وابوو کە ڕق و کینە هیچی لێ سەوز نابێ.

هەرگیز ئارەزووی سەرزەنشتکردن و بە کەم سەیرکردنی بەرامبەری نەبوو، بەڵکو هەمیشە دەرفەتێکی تری بە خەڵکی دەبەخشی، هەمیشە هانی خەڵکی دەدا بۆ ئەوەی تا دوا پلەی بەرزی هەوڵی سەرکەوتن بدەن..

بەڵێ ئەو دەریاگەڕێك بوو بە دڵێکی دایکانە!

# شێت

کەسێك هەبوو، خەڵکی لادێکە دەیان گوت: ئەو کەسێکی شێتە، ئەو پەڕاوێکی زۆر درێژی هەبوو، چەندین کاغەزی بە یەکەوە نووساندبوو، پەڕاوەکە بە ئەندازەی دە باڵ درێژ بوو، هەموو بەیانییەك، کاتێك لە خەو هەڵدەستا، چەند وشەیەکی سوپاسگوزاری و منەتباری لە سەر پەڕاوەکە دەنووسی، لە بەرامبەر ئەوەی کە بە ئارامی خەوتووە و بە سەلامەتی بە ئاگا هاتووە، کاتێك دەخەوت، زۆر بە قوڵی خەوی لێدەکەوت، وەك ئەوە وابوو کە ئاخری شەوی ژیانی بێت، کاتێکیش هەناسەی وەردەگرت، دەتوت لە ناو هەوای بە هەشتە هەناسە هەڵدەمژێ،

ڕۆژانە هەر شتێکی جوانی بینیبا لە پەڕاوەکەیدا دەینووسی، چاوەکانی بە تەواوی دەکردەوە، نەبادا چاوی بێبەش بێ لە بینینی هەر جوانییەک لە جوانیەکانی سرووشت، هەر گوڵێکی بینیبا، تا دوا ئەندازەی قوڵی بۆنکردن بۆنی دەکرد، لەسەر هەر دڵۆپە ئاوێکیش کە دەینۆشی شوکرانەی دەکرد، وەك بڵێی ئاوی ژیان بێ، چێژی لە هەر شتێك بکردبا، وەك ئەوە وابوو کە یەکەمین جاری بێ ئەو چێژە بچێژێت، لەسەر هەر چرکەیەکیش کە بە سۆز و بەزەییەوە بەڕێی دەکرد سوپاسگوزاری دەردەبڕی،

بەڵێ، ئەو بەردەوام پەڕاوەکەی لەگەڵ خۆیدا دەگێڕا و هەموو ئەوانەشی دەنووسی...

هەر کاتێکیش پڕبووبا، لاپەڕەیەکی تری پێوە دەنووساند و بەردەوام دەبوو لە نووسین..

بەڵام خەڵکی گوندەکەی، ئێستاشی لەگەڵ دابێت، هەر بە شێت وەسفی دەکەن..!

# ڕێگەی بیرکردنەوەت بگۆڕە

ڕەنگە لە وتەیەکی بەهێز و ڕوونبێژیدا پەند و ئامۆژگارییەك وەربگرین، بەڵام پەند و دانایی گەورە لە بێدەنگی دەدۆزینەوە.

ڕەنگە هەندێك جار لە هەواڵێکی خۆشدا چەندین هەواڵی ناخۆش خۆی حەشاردابێ، هەرچی هەتە لە ناو دەچێ و پەرش و بڵاو دەبێ، جگە لە خۆشەویستی، کە چەکێکی کاریگەرە لە دژی لەناو چوون، تا زیندوو بی هۆکارەکانی دڵتەنگی و گرژی بە کۆتا نایەن، بۆیە ڕێگەی بیرکردنەوەت بەرامبەر بەو هۆکارانە بگۆڕە، خەڵک لە بیرکردنەوەیدا ئازادە، بۆیە هیچ کات بیرکردنەوەی خەڵک بەرامبەر بەخۆت بە کێشە مەزانە.

هەر کاتێك هەستت بە تەنیایی و خەمۆکی کرد لە شوێنی خۆت باز بدە، جلەکانت بپۆشە، برۆ، جووڵە بکە، کارێك بکە، بە حەقیقەتی بوونی خۆت ڕازی بە، هەستەکانت دەرببڕە، خۆت دابماڵێنە لە ماسك و ناسنامە ساختەکان.

با هەمیشە هەست بە لە دەستدانی سۆز و خۆشەویستیت بکەن ئەگەر جێتهێشتن، ببە بە ئیلهام بەخشیان، وازیان لێبهێنە با وا هەست بکەن بوونی تۆ لەم ژیانە لە بەرژەوەندی ئەوان دایە.

ڕێزگرتنم لە دەروون، لە جۆری کارەکەمەوە بەدی نایەت، بەڵکو لە ڕێکی و جێبەجێکردنی وردی کارەکە دایە.

# له بەرەبەیانی ڕۆژێکی قەشەنگدا

کاتێك لە بەرەبەیانیدا گوڵ شکۆفەی دەکرد، بە گەشاوەیی و جوانی پەڕەکانی دووچاری غرور دەبوو، بەڵام کاتێك دەیبینی خەڵکی ستایشی ئەو بۆن و بەرامەیە دەکەن کە لە نێوانی پەڕەکانییەوە دەردەچێ، غیرەی لە بۆنی خۆی کرد، بە شانازیکردنەوە بە بۆنی گوت: ئەی بۆن، من لە تۆ باشترم، چونکە من ڕەسەنم و تۆ لە منەوە دروست دەبی، تۆ هیچ نی جگە لە شنەیەك، کە دێتە دەر و دەڕۆیت و لە ناو دەچیت.

بۆنیش کەمێك لە گوڵ ڕاما، وەڵامی دایەوە و وتی: چۆن ئەم قسەیە دەکەیت ئەی گوڵ، خۆ گەر منی ژیانبەخش و هەست بزوێن نەبام، ئەوا هەرگیز خەڵکی لێت نزیك نەدەبوونەوە، تەنها بە نیگایەکی بچووك سەیریان دەکردی و لێت تێپەڕدەبوون، خۆ گەر من نەبام نە پەپولەکان و نە مێش هەنگوینەکانیش لێت نزیك نەدەبوونەوە.

من وەك ڕۆح وام و تۆش وەك جەستە، جا کوا پێگە و مەکانەتی جەستە لە ڕۆحدا؟

کاتێك مشتومڕەکە لە نێوانیان درێژەی کێشا، دەنگ بەرزکردنەوەکەیان قەلەڕەشێکی لەولاوە توڕە کرد، هات و چەپەڵۆکێکی لێدان، هەم گوڵ و هەمیش بۆنەکەی وەراندن، با هەڵیکرد و وەك پوشێکی وشك بەم لاو بەو لادا پەرش و بڵاوی کردن.

# جەنگاوەرێکی مەرد و جوامێر

جەنگاوەرێکی گەورە هەبوو، لە هەمان کاتدا مرۆڤێکی مەرد و بوێر بوو..

هەرگیز لەگەڵ کەسدا نەدەجەنگا، مەگەر هیچ دەرچەیەکیان بۆ ئاشتی لە بەرامبەردا نەهێشتبایەوە..

کاتێکیش لە شەڕکردندا سەرکەوتوو دەبوو، هەرگیز هەوڵی سەرشۆڕکردنی دوژمنەکەی نەدەدا..

چونکە دەیزانی لە جەنگدا دەبێ کەسێك شکست بهێنێ، بەڵکو هەوڵی قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانی دەدا، چونکە پێی وابوو سەرشۆڕکردنی ڕکابەر توندی و ڕق و کینە بڵاو دەکاتەوە، بەمەش هەموو جەنگێک جەنگێکی تر بەرهەم دەهێنێ، ئەو هەرگیز قسەی لە سەر ئەوە نەدەکرد کە چی ئەنجام دەدا، بەڵکو تەنها ئەنجامی دەدا.

ئەو بە سەر هەموو کۆسپێکدا سەردەکەوت، دەچووە سەر لووتکەکان، بۆ ئەوە نا کە جیهان بیبینێ، بەڵکو بۆ ئەوەی ئەو جیهان ببینێ.

هەرگیز بیری لە هیچ گرێنتیەك نە دەکردەوە کە ژیان پێی ببەخشێ، بەڵکو ئەو وەك سەرکێشێکی بەردەوام لە ژیاندا نەدەوەستا و گوێی بە هیچ زامنێك نەدەدا.

پێی وابوو کە پڵنگ و گورگەکان بەشێکن لە پێکهاتەی ژیان، هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ سڕینەوەیان.

بۆ ئەوەی لە ژیان بمێنێتەوە و بەردەوام بێ، زۆرجاران خۆی ناچار دەکرد تا لەگەڵ ئەو گیاندارە دڕندانەدا سەما بکات، بێ ئەوەی زیان بە هیچ کامیان بگەیەنێ.

هەر کاتێکیش دەنگی چرکەی کاتژمێری گۆڕانکاری بهاتبا، زۆر بە پەرۆش و جدیەوە خۆی لەگەڵدا دەگونجاند و ڕێزی لێدەگرت.

هەرگیز لە گۆڕانکاری نەدەترسا، بەڵکو بۆ هەر گۆڕانکارییەك ئاهەنگی دەگێڕا، وەك دەرفەتێکی نوێ بۆ ژیان و گەشەدان لێی دەڕوانی.

لوتکەی بوێری لای ئەو بریتی بوو لە ئامادەبوونی بەردەوام بۆ کۆچکردن،

وازهێنان و جێهێشتنی هەموو ئەو شتە کاتیانەی کە لە ژیاندا هەن، بێ ئەوەی بایەخ بە ڕواڵەت و ناوبانگی ساختە بدات.

سەرەڕای بوێری و جوامێرییە ناوازەکەی هەرگیز جەستەی خۆی نە دەکردە کۆڵێك بە سەر هێزەکەیدا، نەبادا ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو هێزە لێی یاخی ببێ و دووچاری ئافاتی بکات.

هەموو ڕۆژێ بە هەموو توانایەوە دەنگی خۆی هەڵدەبڕی، وەك بڵێی گرنگیەکی ترسناکی لە ئەستۆ دایە و پێویستە بە جیهانی ڕابگەیەنێ، ئەویش ئەوەیە کە ئەو تا ئەو چرکەیەش لە ژیاندایە.

# چەکی پیاوێکی شکستخواردوو!

پیاوێکی تابڵێی خراپەکار و دەوڵەمەند بوو، خۆی لەسەر زوڵم و زۆرداری پێگەیاندبوو، بەڵام چووە ناو پرۆژەیەك، ئەوەی بونیادی نابوو بە دەمێك لە دەستی هاتەدەر، کاتێك بینیم، پێشبینیم کرد کە پیاوێکی دارماو و شکستخواردوو دەبینم، بەڵام وانەبوو، زۆر سەقامگیر و لە سەرخۆ بوو!

لێم پرسی: چیت ئامادە کردووە بۆ ڕۆژێکی لەو جۆرە؟

وتی: من پێم وایە مافی خۆم لە ژیان وەرگرت، هیچ پێویستییەکم پێی نەماوە، لەمڕۆ بە دواوە ئەگەر چرکەیەکی تر بژیم، ئەوا دیاری و بەخششێکی زیادەی ئیلاهییە، لەمڕۆوە بە تەواوی دەژیم، خۆم وابەستەی هیچ شتێك ناکەم، هەرچی بێتوو و بڕوا سوپاسگوزاری خودای لە سەر دەکەم.

وەك ڕێبوارێك دەژیم، ئەو ڕێبوارەی ئەمڕۆ میوانە و سبەی ڕێ دەکات.

هەموو ڕۆژێکیش بە بۆنەی ئەوەی کە من تا ئێستا لە ژیاندام ئاهەنگ دەگێرم، بە بچووکترین شتیش ڕازی دەبم، پێداویستیەکانی من سنووردار و دیاریکراون، مەیلی ڕابواردن و خۆشگوزەرانی ناکەم، پاروێکی هەژارانە تێرم دەکات، پڕ بە چاوەکانم لە سەر پێخەفێکی سادە دەخەوم، بە گاڵتەی زۆر سادەش پێدەکەنم، هەرچی بە سەرم دابێ پێی تورە نابم، هەر ئازارێکیش کە دووچارم بێتەوە، پەندی لێوەردەگرم.

دەوڵەمەندی و هێز دڵیان پڕ کردووم.

# هەرگیز لە هیچ کەس بێهیوا مەبن

ئەدیبی گەورە "لیۆ تۆلستۆی" بە دەستوخەتی خۆی دانی بەوە ناوە و دەڵێ:

لە جەنگدا زۆر کەسم کوشتوون، لەگەڵ زۆر کەسیشدا جەنگاوم تا لە ژیان دایان ببڕێنم،

ماڵێکی زۆر کە هەمووی بە ئارەقی نێوچاوانی جووتیاران بە دەست هاتبوو بەفیڕۆمدا..

من زۆر لەگەڵ خزمەتگوزارەکانم دڵڕەق و بێبەزەیی بووم،

هیچ ڕێگایەکی خراپە و داوێن پیسی نەماوە نەمگرتبێتە بەر، هەرچی خراپەی وەك فێڵ و گزی و تەڵەکەبازی و درۆ و زینا و خۆ بێ هۆشکردن و یاخیبون و کوشتن هەیە تاقیم کردۆتەوە،

تاوانێك لە فەرهەنگی تاوان نەماوە ئەنجامم نەدابێ..

ئایا باوەڕ بەوە دەکەن ئەو دانپێداهێنانەی نووسیوە؟

لە دواییدا هەستا بە دابەشکردنی تەواوی سەروەت و سامان و زەویەکانی بەسەر جووتیاران؟

پاشانیش وەك دونیانەویستێك دەست بە ژیانێکی نوێ دەکات و تاکە غەمی دەبێتە غەمی خەڵك، بۆ گەلی ڕووس بوو بە پەرستراوێکی مرۆڤایەتی، لەگەڵ کۆژانەکانی هەژاراندا ژیانی بەسەر دەبرد، بێ نەوا، لە سەر یەکێك لە شۆستەکانی وێستگەی شەمەندەفەردا مرد، هەمووان بۆی دەگریان، دڵ بەغەمبوون بۆی،

هاوشێوەی تۆلستۆ بۆ مردنی هیچ کەسێکی تر وا دڵگران نەبوون!

لە منداڵەکانتان بێ هیوا مەبن، تەنها خۆشتان بوێن و لە باوەشیان بگرن، ژیانیش قوتابخانەیەکە بۆ لەدایك بوونی ڕووداوە کتوپڕەکان، دڵنیابن دەگۆڕێن.

لە گۆڕانکاری بێ هیوا مەبن، چەندان بێ هیوا لە چرکە ساتێکدا تەواوی ژیانیان پڕ بووە لە خۆشگوزەرانی؟

لە خودی خۆتان بێ هیوا مەبن... پارێزگاری لە خەونەکانتان بکەن..

هەرگیز لە هیچ کەسێك بێ هیوا مەبن، بەڵێ لە هیچ کەس.

**ئامادەکردن و کردنە PDF**
**ڕۆژگار کەرکوکی**

# جەنگە ڕەوشتییەکان

ئەمڕۆ... لە ژیانمدا یەکێك لە جەنگەکانم دۆڕاند، لە پێناو لەتە نانێکی خاوێن، دووچاری برینداربوون و شکان و ڕووشانی جیا جیا بوومەوە، بەڵام جەنگەکەم نە دۆڕاند، ئەوەی باری غەمی من سووك دەکات، ئەوەیە کە من لەم شکستەدا وانەیەکی زۆر گرنگ فێربووم، ئەوەش لە جەنگی داهاتوودا سوودم پێدەگەینێت، وایکردووە لە ئێستاوە خۆمی بۆ ئامادە بکەم، زۆربەی جەنگەکانی ژیانیشم قەدەر بوون، دەرفەتی ڕاکردنیان تێدانەبووە.

ناخۆشییەکەشی لەوەدایە کە سەرکەوتنەکان بە هۆی بوێری و شان و شەوکەت و ڕووبەڕووبوونەوەی گێژەڵوکەی با نییە، بەڵکو بە ڕۆچوونی جوامێری و سەقامگیرییە، هەروەها پارێزگاریکردنە لە تەواوی ڕەوشتەکان!

ئەگەر کەوتیتە چاڵێك ئاساییە، ئەگەر لە چاڵەکەدا جەستەت ورد و خاش بوو، سەبارەت بەوەی بەسەرت داهات لە بیرکردنەوەدا ڕۆچوویت، ئەوا تۆ کەسێکی بێ هیوا و نەداری.

ئەگەر تۆ تۆ بەردەوام نەبووی و لە نێو چاڵەکەدا چۆکتداداا، ئەوکاتە پێت دەڵێم: بەخێربێیت بۆ جیهانی شکستخواردوان!

# توندوتیژنەبوون

سەرەڕای ئەو هێزە زۆرەی کە لە قوڵایی دەروونییەوە هەستی پێ دەکرد، بوونی سەرچاوەی مەعریفە و دانایی، زاڵبوون بە سەر خۆیدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز توندوتیژ نەبوو، هەر کەسێکت بینی توندوتیژ نەبوو، بزانە مرۆڤێکە ڕۆحکی بەهێزی هەیە، هەم بوێر و هەمیش دانایە، توندوتیژ نەبوون ستەم ئاشکرا دەکات، لە ڕۆژی ڕووناکیشدا ستەم ڕیسوا دەبێت، دڵەکان بە ئاگادێنی و چاوەکان دەکاتەوە، توندوتیژنەبوون زنجیری توندوتیژی تێکدەشکێنێ، دۆخی گۆڕانکاری بۆ ملهوڕ و ستەمکاران فەراهەم دەکات، تا لە ناخەوە بگۆڕدرێن، توندوتیژ نەبوون تەنها وەك چەکێك بەکارنایەت لەکاتی جەنگ و بەرەنگاریدا، بەڵکو دەچێتە ناواخنی پێکهاتەی مرۆڤ، تا ئەوەی لە تەواوی کردارەکانی ڕۆژانەی ڕەنگ بداتەوە، مرۆڤ لە خۆپەرستی و ترس پاك دەکاتەوە، گەشە بە هەستی بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی و مرۆڤایەتی دەدات.

مرۆڤی باوەڕدار بە هێزی دانایی و توندوتیژنەبوون چارەسەری کێشەکانی مرۆڤایەتی دەکات، بەو بنەمایە دێتە مەیدان کە مرۆڤ لە ڕکابەرەکەی جیانابێتەوە، هەردووکیان لە گەردوونێکدا دەخولێنەوە، دروستکراوی یەك بەدیهێنەرن، لە نەفسێك دروستکراون.

بەرگریکردنی ئیجابی لە ڕکابەر و دورخستنەوەی لە ستەم

ڕق و کینە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکو لە ئارەزووی بە ئاگاهێنانەوەی ئەو خودا پەرستیەیە کە لە ناخی ئەودا خەوتووە.

دەڵێن: ئەسپسوارێکی ئازا و چاونەترس کاتی نوێژ دەچێتە مزگەوت، بێ ئاگایانە لەگەڵ کابرایەکی دەشتەکی بەریەك دەکەون، کابرای دەشتەکیش توڕە دەبێت و جنێوی پێدەدات، بەڵام ئەو ئەسپسوارە وەڵامی ناداتەوە و بۆ ئەنجامدانی نوێژ بەرەو مزگەوتەکە دەڕوات.

خەڵکی بەرەو لای دەشتەکیەکە هاتن و لە سەر ئەو کارەی سەرزەنشتیان کرد، پێیان وت: ئایا تۆ دەزانی جنێوت بە کێدا؟

ئەوە گەورەی گەلی خۆیەتی، خۆ ئەگەر تەنها دەنگی بەرز بکردبایەوە دار و دەستەکەی دەهاتن و پارچەپارچەیان دەکردی..

دەشتەکیەکە لەگەڵ ئەو قسانە سارد بوویەوە، لای دەرگای مزگەوت وەستا و چاوەڕوانی ئەسپسوارەکەی دەکرد، تا بێتە دەرەوە و داوای لێبوردنی لێ بکات..

ئەسپسوارەکە کاتێك هاتە دەرەوە و دەشتەکیەکەی لەو دۆخە ترس و دڵەڕاوکێیەدا بینی، پێی گوت: تۆ هیچ خەتایەکت نییە ئەی برازام، تۆ گومان لە شتێك دەکەیت کە ئێمە ئەهلی ئەو کارە نین و بەرامبەر بە تۆ ئەنجامی نادەین، من نوێژم کرد، داواشم لە خودا کرد کە لە من و لە تۆش خۆشبێ.

# هۆگری و شەیدایی هونەرمەندێك

لە کاتێکدا من دیل بووم، دیمەنی تابلۆیەکی هەلکۆلدراو لە تەختەیەک سەرنجی ڕاکێشام، دیمەنێکی ناشیرن و شێوە نامۆ، سیفەتی خۆتێهەلقورتێنی بەسەرمدا زالبوو، لە وێنەکێشەکە نزیک بوومەوە و لە واتای تابلۆکە پرسیارم لێ کرد، قۆلەکانی کراسەکەی هەلکردن و دەستی کرد بە قسەکردن، وەك بلێی دەمێك بێ چاوەڕێی دەرفەتێکی قسەکردن بووبێ، باسی لە تەختە و هونەر و کارەکەی کرد، وەك ئەو کەسەی باس لە ئەویندار و خۆشەویستە جوانەکەی خۆی دەکات.

قسەکردنێك، وەك بلێی دوو مانگە قسەی نەکردبێ، لە کاتی قسەکردندا تەواوی ئەندامەکانی جەستەی بەکاردەهێنا، زۆر تامەزرۆی کارەکەی خۆی بوو، جار جار بۆنی دەکرد و بەردەوامیش دەستی پێدا دەهێنا، زۆر لەگەل دەروونی خۆی ڕاستگۆ بوو، زۆر پێی سەرسام بووم، بە تابلۆ هەلکۆلدراوە ناشیرینەکانی نا، بەلکو بە خۆشەویستی بۆ کار و دروستکراوەکانی، گەرموگوڕی قسەکانی، منی بردە دۆخێکەوە، تا وای بینی کە من یەکێکم لە کڕیاری تابلۆکانی..

ئێستا یەکێك لە تابلۆکانی ئەو لە کتێبخانەکەمدا هەلواسراوە، تا هەمیشە یادی ئەو وەك ئەویندارێکی بێ سنوور بۆ پیشەکەی لە یادمدا بمێنێتەوە.

# جووتیارێکی ڕۆح سەوز

لەکاتێکدا ئێمە لە گەشتێکی درێژدابووین، لە لادێیەکی دوورە دەست دوای بڕینی چەند هەوراز و نشێوێك لە چایخانەیەك لاماندا تا کەمێ پشوو بدەین و ماندووی ڕێگەمان بحەسێتەوە، هەر کە دانیشتین بینیمان چەند جووتیارێکی گوند دەروونیان لە جەستەیان هیلاك و ماندوو تر بوو لەوێ دانیشتبوون، ماندووبوون و هیلاکی لە دوورەوە بە جەستەیانەوە دیاربوو، هێندەی نەبرد پیاوێکی تەمەن هەشتا ساڵان، خاوەن باڵایەکی ڕێك و پتەو، وەك تەختەی سندیان هاتە ژوورەوە، بە خۆشەویستی و سۆزەوە، بە دەنگێکی بەرز سڵاوێکی گەرمی لە هەموان کرد و سەیری کردین، دواتر ڕووی کردە لای سەرەوەی چایخانەکە، هەر لەگەڵ دانیشتنی جووتیارەکان هەموویان ڕوویان بەلای ئەودا وەرگێڕا، زۆر بە متمانەوە باسی دوا دەنگ و باسی بۆ دەکردن، چایخانەکە بە هاتنی ئەو بە جارێك گەرم و گوڕی تێکەوت، وەك بڵێی هەموان چاوەڕوانی ئەو بوون، زۆر بە جۆش و خرۆشەوە قسەی دەکرد و هانی هەمووانی دەدا.

دۆخی ئەو جووتیارە ناخ سەوزە خرۆشاندمی، لە ناخی دڵمەوە دەستم کرد بە پاڕانەوە، بەو تکایەی کە تەمەنم درێژبێ و، ڕۆحم هاوشێوەی ئەم جووتیارە بە سەوزی و گەشی بمێنێتەوە، تا بە هۆیەوە بتوانم خۆشی و کامەرانی بخەمە دڵی دەوروبەرم.

تکام کرد کە ئامادەبوونی من لە هەر شوێنێ بکاتە ڕووناکی و شادمانی بۆ دڵی کەسانی دەورم.

# ناخی خۆم بەرەو جیهانێکی فراوان جێدەهێڵم

لەگەڵ هەتاوی هەموو بەیانییەك، لەو (من)ە دەردەچم کە لە ناخمدا نیشتەجێیە، تا وەك شەپۆلێك لە دەریادا بتوێمەوە، یان وەك ئەو باڵندەیەی کە لە پۆلە مەلێکدا تەرە دەبێت خۆم بشارمەوە، هەر لە بەیانیەوە هانی دەروونم دەدەم تا لە نێو دروستکراوەکانی خودا شی ببەمەوە، وەك موعجیزەیەك، چاوەکانم ناکەمەوە، تا دەگەمە دوا ئەندازەی خۆشبەختی، لەگەڵ هەموو جوانییە دروستکراوەکاندا سەما بکەم، وەك بولبولێکی دەنگ خۆش بچریکێنم، وەك شەونمێك لە سەر پەڕەی گوڵێك پێبکەنم، لە هەموو بەیانییەکی نوێدا چاوەکانم دەنوقێنم، داوا لە دەروونم دەکەم کە ناخم (من) لە یاد بکات، لە چرکە ساتێکدا، ڕۆحم لە خۆشیدا ڕۆدەچێت و وەك شنەیەك بە سەر پیرێکی باش و هەژار پەخش دەبێ، یان وەك شنەیەك بە سەر گوڵێکی نەخۆشدا هەڵدەکات و ئاوێزانی دەبێ، لە نێو پەڵە هەورەکان و بەرزی ئاسمانەکان مەلەوانی دەکات، وەك کانیاوێك لەگەڵ بەرکەوتنی هەر بەردێکی سەر ڕێی سروودێك بۆ ژیان دەڵێ..

لە هەموو بەیانییەکی نوێدا، ئەو کاتەی خۆم لە خۆم دادەماڵێنم..

کتوپڕ هەست بە جیهانێك لە جوانی دەکەم..

خۆشەویستییەکی بێ کۆتا، هەر لە سەرەتای بوونمەوە لە دەورمدا دەخولێتەوە، بەڵام جگە لە چرکە ساتی ئەو بەیانییە جوانە نەمتوانیوە بیبینم.

# ئێمە لە نیعمەتێکداین کە نایبینین

جووتیارێك هەبوو، زۆر بە کامەرانی لەگەڵ منداڵەکانی لەو کێڵگەیەدا دەژیان کە لە باوکیەوە بۆی مابویەوە..

ئەو کێڵگەیە هەموو ئەو شتانەی پێبەخشیبون کە پێویستیان بوو، هەم لە شوێنی مانەوە، هەمیش لە خۆراك..

زۆر بە خۆشی و کامەرانی دەژیان..

ماوەیەکی باش بەم جۆرە ژیانیان بەسەر برد..

کەسێکی نزیکی خۆیان، زۆری حەسوودی بە کێڵگەی ئەو جووتیارە دەبرد، بۆیە وەسوەسەی ئەوە هاتە مێشکی تا خۆی لێ ڕزگار بکات..

چۆن دەبێ کەسێك هەبێ کێڵگەی لەمن باشتری هەبێ..

ئەو جووتیارەش ئەوەی پشت ڕاستکردەوە کە باغ و کێڵگەکەی زۆر بە پیت بەرەکەتە، بۆیە کابرا هەوڵ دەدات بیفرۆشێ و کێڵگەیەکی باش و بە پیت بکڕێ، کە هاوشێوەی باغی جووتیارەکە بێ، بۆ ئەو مەبەستە داوای لە دراوسێکەی کرد، چەند دێڕێکی بۆ لە سەر تابلۆیەك بنووسێ و وەسفی باغەکەی تیادا بکات، ڕۆژێکیان ئەو پیاوە حەسودە، لە دەرەوەی گوندەکە دەگەڕایەوە، بینی دراوسێکەی تابلۆکەی بۆ نووسیوە و وەسفی کێڵگەکەی کردووە، دواتریش لە لایەکی کێڵگەکەیدا چەقاندوویەتی، کاتێك پیاوەکە نووسین و وەسفی کێڵگەکەی

خوێندنەوە، کە کێڵگەیەکی چەندە بە پیت و بەرەکەت و پڕ ئاو و داری بەردارە..

بە خۆی وت: ئەی خودایە، ئەو کێڵگەیە هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی هەیە کە من ساڵانێکە خەونی پێوە دەبینم و ئارەزووی دەکەم، کەواتە چ شتێك هۆکارە تا من ئەو کێڵگەیە بفرۆشم؟

# ڕۆژێکی پڕ لە خۆشەویستی

ڕۆژێکیان بۆ پێشکەشکردنی چەند وتەیەك بانگهێشت کرام بۆ بۆنەیەك، پێشبینیم کرد کە حەشامەتێکی زۆر بۆ گوێگرتن لە وتەکانم لەو بۆنەیەدا ئامادە بن، بەڵام کاتێك چوومە سەر ستەیج، جگە لە حەوت کەس کەسی ترم لە بەرامبەر خۆم نەبینی، گرنگیم بە ژمارە نەدا، زۆر بە متمانەوە سەیری تاك تاکیانم دەکرد، دواتر پێشنیارم کرد تا لە دەرەوە هەر هەشتمان لە دەوری مێزێك کۆببینەوە.

لە ناخی دڵەوە سوپاسی ئامادەبوونیانم کرد..

لە لێواری کەشتییەکی دەریایی و بە ئاڕاستەی دورگەیەکی دڵڕفێن، وەك ئەو کەسانەی کە بۆ یەکەمین جار کۆ دەبنەوە یەکترناسینمان ئەنجامدا..

وەك چۆن لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکانم دەدوێم، بەو جۆرە لە ناخی دڵەوە دەمدواندن..

هەر یەکێك لەو حەوت کەسەم بە گەنجینەیەکی پڕ لە نهێنی ناوازە سەیر دەکرد، پێشم گوتن: نهێنی بەختەوەری و کامەرانی پەڕینەوەیە لە دۆڵەکان و سەردانیکردنی شار و وڵاتی نوێیە، گوتیشم: خۆشەویستی لە هەموو شوێنێکدا هەیە، بەڵام ئایا دڵەکەم ئەو جوانییە دەبینێ، هەست بەو خۆشەویستیە دەکات کە دەور و بەرمانی پڕ کردووە..

دوای بەسەربردنی کاتێکی پڕ لە چێژ ماڵئاواییمان خواست، ئەو ڕۆژە پڕ بوو لە خۆشەویستی ڕاستەقینە!

# هەنگاوێکی شێتانە

چپەیەکی بۆ کردم و گوتی:

لەم قۆناغەی ژیانم، هەنگاوێکی شێتانە دەنێم، هەنگاوێك بێ هیچ پێشەکیەك، بێ هەڵسەنگاندن و بیر لێکردنەوە، هەنگاوێکی یاسا شکێن، هەنگاوێکی خورپە ئامێز، یان بە ئاگا هاتنەوەیەك لە خەوێکی قووڵ.

پێم گوت: ئایا وتت هەنگاوێکی شێتانە؟

ئەگەر من لە شوێنی تۆ بوومایە، بە هەنگاوی شێتانە پێشوازیم لە بەیانییەکان دەکرد، پێش ئەوەی دەمی نیوەڕۆش بێ، هەنگاوێکی ترم دەنا بۆ شکاندنی ڕۆتینیات.

لە دەمی عەسریشدا، لە سەرکێشییەکی قووڵ، بێ ئاگایانە نغرۆ دەبووم.

ئێوارانیش، بەشێك لە یاساکانی مرۆڤم دەشکاند، شەوانیش، بە دیارییەکی جیاواز و کتوپڕ بەر لە نووستن ڕۆحم پێ دەبووژاندەوە.

ئەوسا دەرفەتم بە خەڵکی دەدا، تا باس لە حەقایەت و سەرکێشی و شێتیەکانم بکەن!

# مەترسی لە کاتی نەبوونیدا

هاوڕێکەم زۆر بە بوێریەوە لە دەریای ژیان مەلەوانی کرد، بــە شــەیدایی و تامەزرۆییــەوە دەچــووە قــووڵایی، لــە بەرامبەریشــدا دەریــا لەگەڵیــدا زۆر بەخشــندەبوو، هــەموو جوانییەکانی خۆی پێ دەبەخشی، بەڵام ئەوانی تر، هیچ وەك ئەو نەیاندەتوانی بەو جۆرە نوقمی قوڵایی دەریاکە بن، جگە لەبڵق و کەفەکەی، بە هیچ شتێکی تر لە دەریا سوودمەند نەدەبوون.

کاتێك بەیانیان بە ئاگا دەهات، جەستەی بە جۆرێك هەستیار و چالاك بوو، وەك بڵێی تازە لە دایك بووە، بە خۆی دەگوت: ئــای لــەو موعجیزەیــە، خــۆ مــن زینــدووم و ڕزق و ڕۆزیـم پێبەخشراوە!

دواتر بە تامەزرۆیی و پەرۆشیەوە ڕووی دەکردە کارەکەی.

ئەم ئێوارەیە پەیوەندی پێوە کردم و بە دڵخۆشیەوە گوتی:

(ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر جیاواز بوو، چاوەکـانم لەگـەڵ پـەڕەی خۆری زێڕین کردنەوە، منیش لـە سـەر ئـەو بەخشـشـە سوپاسی پەروەردگارم کرد، لە بەرامبەر ئەو هەموو شادیەی لەو بەیانییەدا خستۆتە دڵی من، بە هیممەتەوە بـەرەو کارەکـەم ڕۆیشـتم، وەك ئەو باڵندە تەرە بـووەی لە گەیشتنی بـە پۆلی مەلـەکانی تـر بۆ گەشتێکی ئاراستە نادیار، لە شەقەی باڵمدا، بە متمانەیەکی بە هێز و بوێرییەکی زۆرەوە بەرەو ئاراستە مەترسییەکانی ژیان، چونکە ئەوەی دووچاری هیچ مەترسیەك نەبێتەوە، هیچ ئـەنجام نـادات، بە هیچیش ناگات).

# کۆترێکی چڕنووك ترسناك

کۆترێکی زۆر ناسك و نەرمونیان هەبوو، ئارەزووی دەکرد لە دارستاندا لە کەشێکی زۆر ئاشتیانە بژیت، زۆر بە بەزەیی بوو لەگەڵ هاورێکانیدا، لە هەر کوێ بوایە سۆزی بۆ دەوروبەری دەنواند، ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەو کۆترە هەستی بەوە دەکرد کە بە هۆی نەرمونیانییەکەیەوە خەریکە دەبێتە نێچیری گورگە دڕندەکان.

بۆیە سنورێکی بۆ خۆی دانا، بڕیاریدا کە نەبێتە نێچیرێکی ئاسان بۆ گیاندارە دڕندەکان، کە ناسك و بەزەییەکەی بە خاڵی لاوازی دەزانن.

بۆیە دەستی کرد بە گۆڕینی شێوازی خۆی، بەهێزکردنی ناخ و گەشەدان بە بوێری و ئازایەتی..

تاکو هەمیشە لە چاوی گورگەکاندا وەك پڵنگێك بە دیار بکەوێ.

بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵیدا چڕنووکێکی تیژ و ترسناك هاوشێوەی چڕنووکی پڵنگ بۆ خۆی دروست بکات، جەستەی خۆشی بە زرێیەکی نەبڕ داپۆشی، تا هیچ کەس نەتوانێ زەفەری پێ ببات.

هەوڵیدا گۆڕانکاری لە دەنگەکەشیدا بکات، بۆ ئەوەی دەنگەکەی بە شێوەیەکی ترسناك بەر گوێی دڕندەکان بکەوێ،

دوای ئەوەی خۆی بەهێز کرد و چەکی بەرگری لە خۆکردنی دروست کرد، دواتر گەڕایەوە دارستان، تا ئەو ژیانەی کە ماوەیەتی بە نەرم نیانی و سۆزەوە لەگەڵ دەوروبەری بە متمانە و هێزەوە بە سەر ببات.

# خۆت خۆشبوێ

وتی: دەروونم بە سەرسامی دەبینم، وەك ئەوەی دووچاری ڕێگەی پێچاوپێچ و سەخت هاتبێ، ڕێبەری ڕێگام ون کردووە، دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ ئەو دەروونەی کە ونم کردووە، ڕێگام نیشان بدە.

پێم گوت، یەکەم: لە سەر ئەو شورا بەرز و ئاڵۆزانە وەرە خوارەوە کە لە سەریان دەوەستی، زەوی فەرشپۆش بکە، تاکو لە دەرەوە بێدەنگ و لە ناخیشدا جێگیر بیت، خودی خۆت بەو شێوەیە قبوڵ بکە کە هەیە، وەك هاوڕێیەکی خۆت، ئەگەر ئەوەت ئەنجامدا، ئەوسا هێدی هێدی خۆتت خۆشدەوێ، هەر کات خۆتت خۆشویست، ئەوسا لەگەڵ تەواوی گەردوون دەسازێی.

هەموو ئەوانەت خۆشدەوێ کە چاکەیان تێدا بەدی دەکەیت، لە هۆکاری ئەو شتانەت تێدەگەی کە خراپە هەڵگرن.

ئەگەر بە دانایی، نەك بە هەواو هەوەس خۆتت خۆشویست، ئەوا سەرەتا پەرداخەکەت پڕ بکە لە ئاو، تا لە ئاوی پەرداخی دەوروبەرت بێ نیاز بیت، چونکە ڕێگای تەندروست ئەوەیە کە بێ نیاز بیت لە ئاوی ئەوانی تر، ئەگەر هی خۆت بەتاڵ بێ، چۆن بەوانی تری دەبەخشی؟

ئەگەر خۆتت خۆشنەویست، تا ئەبەد هیچ کەست خۆشناوێ!
ئەگەر خۆت خۆشویست، خودات خۆشدەوێ، خەڵکت

خۆشـدەویٚ، بـۆ هـەموو ڕووداویٚـك ئامـادە دەبیـت، جیهـان لـە دەورت کۆ دەبێتەوە، چونکە تۆ بە چاوێکی نویٚ جیهان دەبینی، جیهان نەگۆڕاوە، بەڵام تۆز و غوبار بە چاوەکانییەوە نـەماوە، تەنها (الله) بە خودای خۆت دەزانی، بە سوپاسگوزاری و هیواوە دەژی، بە دانایی و حیکمەت ڕازی دەبیت، هەر چیەك بیٚ!

خۆشبەختیت خۆشدەویٚ و پیٚی خۆشـحاڵ دەبـی، بـە غـەم و خەفەتیش ڕازی دەبی و لە سەریان ئارامگر دەبی، ئەگەر تۆ لـە جەژن و بۆنە و کۆبوونەوەی خـەڵکانێك بیـت، ئـەوا سـڵاو لـەو کاتانە بکە، ئەگەر هاتوو تەنیا و غەریبیش بووی کێشە نییە، هەر ڕووداوێك کە دێتە سەر ڕیٚ، بە دڵنیایی لیٚی تێدەگەی و قبووڵی دەکەی!

## گەشتێکی پیرۆز

گوتی: هەست بە بێزاری دەکەم، زۆر ماندوو بووم، چەندین کاتژمێریش سەیری تەلەفیزیۆنم کرد، زۆریشم خوارد، هەست بە بەتاڵی دەکەم، وەك ئەوەی بمەوێ لە جەستەی خۆم بفڕم و، لە ناخی خۆم بێمە دەرەوە.

پێیم گوت: لەگەڵ من وەرە! بردمە تەختەیاییەکی شار، یەکێک لە هەژارترین گەڕەکی شار، بە شێوەیەك بێ هیوایی وەك کابووس لە سەر سینەی هەر تاکێکی ئەو گەڕەکە هەستی پێ دەکرا.

پێشم گوت: لێرە شتگەلێکی زۆر دەدۆزیتەوە، تا لەگەڵ دەروونی خۆت ئەنجامی بدەیت، تەنها سەیری ئەم جیهانە بکە، دواتر گەشتێك بەرەو ناخی خۆت ئەنجام بدە، دڵنیابە ئەوە دەبێتە گەورەترین گەشتی ژیانت، لە میانی گەشتەکەتدا دەگەی بە ڕاستییێک، هۆکاری ئەو بەتاڵیەی کە ناختی پڕ کردووە، زۆر سەرقاڵبوونتە بە خۆت، خۆت لە ڕەحمەتی ئاسمان دابڕاندووە، وەك ئۆتۆمبێلێکی پەککەوتوو وای لە بیاباندا، ڕەحمەتی ئاسمان ئەو کاتانە بە دڵتدا دەگەڕێت، کە تۆ لەو شوێنانە بیت، لە نێو چینی بێ هیوایان، ئاگاداری دۆخیان بی..

گەورەترین دەرفەت بۆ بوژاندنەوەی ڕۆحێ دەستبەرداربوونی بەتاڵییە..

لە بری هەموو بێ هیواییەک و بەتاڵییەک، ناخت پڕ بکە لە

سۆز و خۆشەویستی بۆ ئەو بێ هیوایانە دەمێکە چاویان بڕیوەتە ئاسۆ بەڵکو بەختێکی نوێ میوانی شەویان بێت، ئەوسا دەبینی کە چەندە خێرا خۆشەویستی وەك سەرچاوەیەکی بێگەرد تینوێتی ڕۆحت دەشکێنێ.

هەر وشەیەکی چاك کە لە بەرامبەریان دەیڵێین، پێش ئەوەی بەوان بگات دڵ و ناخی ئێمە دەشواتەوە..

لە دانیشتن لەگەڵ هەر دەروونێکی خاوەن ئازار، بەر لە دڵخۆشبوونی ئەو دڵی ئێمە وەك جادوویێك بە ڕێژنەی خۆشەویستی پڕ کامەرانی دەبێ..

گەورەترین سەرکەوتنەکانمان لە ژیان، بریتییە لەو کاتەی کە سەرکەوتوو دەبین لە بە زیندوو هێشتنەوەی مرۆڤێك لە ناخماندا.

# ڕێگای کامڵ بوون

تا ساڵەکانی تەمەنی هەڵدەکشا، ئەو خاکیبوونی زیاتر دەبوو، بە دەستەکانی خۆی خزمەتی خۆی دەکرد،

خاوەنی ئەزموون و شارەزاییەکی زۆر بوو لە ژیان، بە قاچەکانی لە چەندین پرد و بەردەباز پەڕیبووەوە، بە سەربەرزییەوە ڕێی دەکرد، بە زەردەخەنەیەك کە پڕ بوو لە ڕەزامەندی و سوپاسگوزاری بۆ هەموو ئەو بەخششانەی کە پێی درابوون یان پێی دەبەخشرێن لە ڕۆژانی داهاتووی ژیانیدا، زۆر بە بەزەیی بوو لەگەڵ خەڵکدا، چونکە لەگەڵ زۆر لە ئافاتەکانی ژیانی مرۆڤدا ژیابوو، تا ساڵەکانی تەمەنی هەڵدەکشا، بینایی بەهێزتر دەبوو، زیاتر پشتی بە خۆشەویستی و لێبووردەیی دەبەست، پێچەوانەی هەندێک لە خەڵك، کە هەمیشە توندوتیژی بەرەو خۆی بەلکێشیان دەکات، زۆر لەوە نزیك بوو کە ببێت بە مرۆڤێکی کامڵ، چونکە لە ئاسمان سیستەم و ڕێکستخی ژیان فێربووبوو، لە سرووشت سادەیی و خاکیبوون، لە ژیانیش ئەدەب و پەروەردە، پێی وابوو کە چاکەکردن بە گوفتار و بە کردار گەورەترین یاسای ژیانە، کلیلی ئاشتیە لە سەر زەوی،

تا ساڵەکانی تەمەنی هەڵدەکشا، دانایی زیاتر دەبوو، دەروونیشی بەهێزتر، بەردەوام عەقڵی خۆی دەڕازاندەوە، دلی بە ئارامی گۆش دەکرد، چێژکردنی ئەو لە ژیان زۆر سادە و بێ ئاڵۆزی بوو، کاتێك دەیدیت خەڵکی پێدەکەنن ئەو ڕۆحی

دەکەوتە سەما و پێکەنین، کاتێک ڕێی دەکرد خۆی هاوتای سرووشت و باڵندەکانی ئاسمان دەکرد، هەرپێیەك کە دەیخستە سەر زەوی گوزارشتی دەکرد لە دۆزینەوەی زەوییەکی نوێ!

# سوربوون و بەردەوامیدان بە ڕێگا

بە ئەندازەی پێداگیری و سوربوون و هیمەتەکانم جیهان فراوان و گەورەتر دەبێ، بە ئەندازەی بەرتەسکی ڕۆحیشم جیهان وێك دێتەوە و بچووك دەبێتەوە.

سەرەڕای ئەوەی لە هەر لایەکی ئەم جیهانەدا ئێش و ئازار لە جەستەم دەدات و کۆڵم قورستر دەکات..

بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە کەشێکی سارد و سۆڵدا، بایەکی تیژ هەڵیکردبوو، هاتمە دەرەوە و چوومە ڕاو..

پێش چەند چرکەیەکیش، قولاپەکەم بە متمانەیەکی بەهێز و بە جۆش و خرۆشەوە خستە نێو دەریایەکی زۆر تورەوە،

زۆر چاوەڕێم کرد، بەو هیوایەی شتێك ڕاو بکەم..

بەڵام لە کاتی ڕۆژئاوابووندا بە دەستی بەتاڵ گەڕامەوە،

بەیانی، جارێکی تر دەچمەوە بۆ ڕاو، باربەرەکەم دەگۆڕم، یانیش قولاپەکەم دەگۆڕم، جارێکی تر بە ئاراستە و ڕێگاکەمدا دەچمەوە، بەیانی زوو سەر لە نوێ دەچم بۆ ڕاو.

هیچ ڕێگایەك ناتبات بۆ شاخی نور و ڕووناکی، بەڵکو ئەوە قاچەکانمن ئەو ڕێگایەم بۆ دەبڕن، بە باوەڕ و پێداگرییەوە ڕێ دەبڕم، لە بەردەبازەکان دەپەڕمەوە، کۆشش دەکەم بۆ ئەوەی بگەم، هەر کات بەو جۆرە بینی، ئەوا خودی ڕۆیشتنەکە، دڵم پڕ دەکات لە نور و ڕووناکی.

# سێ ڕەهەندەکەی دانایی

لە دەرگای ماڵی مامۆستامدا، داوام لێکرد کە بەرەو ڕێگای دانایی ڕێنموییم بکات، پێی گوتم بۆ گەیشتن بەو مەبەستەت پێویستە سێ ڕێگا ببڕیت:

ڕێگەی یەکەم بریتییە لە ناعەقڵی:

کە بریتییە لە بەتاڵکردنی عەقڵ لە بیرکردنەوە، تا وەك پەڕێکی سپی لێدێت، چونکە بیرکردنەوەی بەردەوام لە ڕووداوەکان و شتەکانی دەوروبەرمان، کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونە تاڵ و بڕیارە پێشوەختەکانی خۆمانن کە گرێ کوێرە و ئاستەنگی هاوشێوەی شورای چینمان بۆ دەخوڵقێنن، ڕێگریمان لێدەکەن لەوەی بەرەو ژیانێکی تەندروست هەنگاو بنێین. نا عەقڵی بریتییە لە وەستانی شەپۆلەکانی بیرکردنەوە لەوەی کە شتەکان چۆنن و چۆن دەبن، هەروەها لە ئەحکامە ڕەهاکان، هەروەها لەو هەوەسانەی ئارەزوویان دەکەین، هەروەها هەموو ئەو شتانەی لە ژمارە نایەن و دەمانەوێ پێیان بگەین.

دوای بڕینی ئەم ڕێگایە و گەیشتن بە کۆتا خاڵی ڕێگاکە، دەبینە خاوەن عەقڵێکی ڕوون و بێ خەوش، هاوشێوەی پەڕێکی سپی، دوور لە هەموو بیروباوەڕ و بڕیارێکی پێشوەختە و، ئەحکامی ڕەها، ئێستا ئامادەین بۆ بڕینی ڕێگای دووەم کە بریتییە لە سۆزنواندن.

لەم ڕێگایەدا پێویستە سەرەتا لەگەڵ خودی خۆمان بە سۆز

بـین، لێبـوردە و ڕاسـتگۆبین، بتـوانین سـروود بـۆ ژیـان بڵێین لەگەڵیدا ئاوێزان بین، لە دوایيشدا لەگەڵ هەموو مرۆڤێکدا سۆز بنوێنین، لەگـەڵ لاوازیەکانیـان، ئازارەکانیـان، هەڵخلیسکانیان...، ئەمە واتای ڕاستەقینەی سۆز نواندنە. هەر کات دەروونت لەگەڵ ئەو هەستانە ئاوێتە و جێگیربوو، دەبێ ئەوە بزانی کە تەنها سۆز نواندن بەس نیە، بەڵکو پێویستی بە هەنگاوێکی ترە.

پێویستە ئامادەبین بـۆ بڕینـی ڕێگـای سـێیەم کـە تەواوکـەری سۆز نواندنە، ئەویش بە کردارکردنی سۆزە.

دەست دەکەین بە سۆز بەخشین بە دەوروبـەر، خۆشەویستی خۆمان بەسەریاندا دەبارێنین، سۆزی نـاخ دەکەینـە کـردار و تا هەموو لێیەوە سوودمەند بن و بەهۆیەوە بگەن بە باشترین دۆخی ژیانیان.

ئێستا توانیم هەر سێ ڕەهەندەکەی دانایی فێربم، کـە بـڕیتین لـە نـا عـەقڵی، پاشـان بەرزبوونـەوە بـەرەو سـۆز نوانـدن لەگـەڵ مرۆڤەکان، لە پاشانیشـدا بـە کـردار کردنـی سـۆز، تـاوەکو وەك ڕێژنە بە خێر و چاکە بڕژێینە سەر تەواوی کائینات.

ئەو کاتەی لە پێناو دروستکردنی کامەرانی لە دڵی ئەوانی تردا دەژی، دەبینی هەموو جوانییەکانی جیهان دڵت ڕووناک دەکەنەوە، ئەمە لە ژیانیشتدا ڕەنگ دەداتەوە.

ئەو کاتەی بە خاکیبوون و دوور لە هەموو خۆ نمایشکردن و نیشاندانی ڕواڵەت هەوڵی دەوڵەمەندکردنی ڕۆحت دەدەیت، هەموو جوانیەکانی دونیا لە ناختدا دەنەخشرێن.

ڕێگە بە ڕابردوو مەدە لە خوانی ئەمڕۆتدا بخوات، چونکە ڕێگری دەکات لە چێژ وەرگرتنت لە هەڵاتنی خۆری ئەمڕۆ، ڕەنگە هەڵگری خۆشیەکی زۆربێ بۆت.

گرنگترین کار کە لە ژیانتدا ئەنجامی دەدەیت، لە ناو سەرت سەرچاوە دەگرێ و هەڵدەقوڵێ، بۆیە بێدار و بە ئاگا بە، لەو کاتەی کە بانگهێشتی دەروونت دەکەیت، چونکە لەو کاتەدا تۆ بانگی تەواوی گەردوون دەکەیت.

چاوەڕێی کامەرانی مەکە بێت لە دەرگات بدات، هەستە و کۆتەکانی قاچت بکەرەوە، هیچ کەسێ سارێژی برینەکانت ناکات... جگە لە دەستە بەخشندەکانت نەبێت.

وا بژی کە بە شێوەیەکی ڕەهاییانە پیویستیت بە هیچ شتێکی ئەم ژیانە نییە، هەروەها هیچ ئارەزوو و داواکارییەکیشت نیە.

تەنها لە سەر سوپاسگوزاری و ستایش بژی، لە کاتە خۆشەکانتدا، بە خەڵکەوە سەرقاڵبە و خۆشەویستیان پێببەخشە، ئەو کاتەی کارەکان ناخۆشیان تێدەکەوێ، بە خۆتەوە سەرقاڵبە و ناخت بەهێز بکە.

# ئەو کاتەی کەسە گونجاوەکان فەرمانڕەوایی دەکەن

گۆڕانکـاری ئـەو کاتـە دەسـت پـێ دەکـات کاتێـك فەرمانڕەوایـەکی گـەورە دێـت و حـوکم دەکـات، پابەنـدی گـەورەیی و شـکۆ و دەسـتپاکی دەبـێ، خـۆی و نزیـك و ڕاوێژکارەکـانی دەبـن بـە سەرمەشـقێك بـۆ بەرپرسـەکانی تـر و تەواوی تاکەکانی گـەل، ئـەوان، بەرفـەرمان بـەو پـەڕی توانـاوە هەنگاو بەرەو بووژانەوە دەنێ، لە سەرەوەی هـەڕەمی حوکمـەوە بـەرەو خـوار دەسـت بـە گۆڕانکـاری دەکـات، دواتـریش لـە خـوارەوە بـۆ سـەرەوە، وەك خولانـەوەیـەکی تـەواو، یـەکێکیان ئەوەی تر تەواو دەکات.

لـە کـاتژمێریکی پیـرۆزدا، لـەو کاتـەی تـاریکی نـاخی کەسـەکانی پـڕ کـردووە و ملکـەچی بـێ هیـوایی دەبـن، ڕووناکیەکی بەهێز لە نێو هەموو تاریکیەکانەوە دەردەچێ، ئا لەو کاتـەدا تـاریکی دووچـاری سەرسـامی و شـڵەژان دەبـێ و بـە ناچاری ملکەچی ڕووناکی دەبێ، هەر لەو کاتەدا چاکەکاران و کەسە هەڵبژێردراوەکانی دەسـەڵات پێشـەنگی خـەڵکی دەکـەن، کاریگەرییان لە سەر دروست دەکەن و ڕەوشتیان بەرەو چاکەی زیاتر دەگۆڕن، ئاسمانیش بە بەرەکەتی خۆی پشتیوانیان دەکات.

(پادشایەکی چینی هەبوو، ناوی "یاو" بـوو، تـا بڵێـی پادشـای گەورە بوو، زۆر لەگەڵ خودی خۆی گونجـاو بـوو، گـەورەیی

یاو وای کردبوو کـه تەنانـەت گەلەکەشی وەسفێکی شیاو بـە ناوی نەدۆزنەوە، بۆ ڕاپەڕانـدنی کارەکـانی شـەونخونی دەکـرد، کەسێکی وشیار و بیر تیژ بوو، زۆر دانا و لێهاتوو بـوو، هـەر لـە سرووشتی خۆیدا شکۆدار بوو، هەر کات هەڵـەی بکردبـا دانـی پێدادەهێنا و دەگەڕایەوە سەر بۆچوون و بڕیارە دروستەکە، زۆر بە سۆز و بەزەیی بوو لەگەڵ گەلەکـەی، یـاو لـە خانەوادەکـەی خۆیەوە دەستی پێکرد، ڕێکی خستن و میرنشینێکی تایبـەتی بـۆ دروستکردن، دواتریش دەسـتی کـرد بـە ڕێکخستنی سـەرەجەم میرنشـینەکانی تـر، تـا وای لێهـات هـەموو دانیشـتوان و شوێنکەوتوانی ئیمپڕاتۆریەکەی بە گونجانێکی تەواوە دەژیان).

# حەقایەتی پیاوە ئاشکراکارەکە

برادەرێکم هەیە ناوی ئاشکراکارە.

هیوایەتی ڕۆژانەی ئەم برادەرە، ئاشکراکردنی کاری ساختەی سیاسییەکان و فێڵ و تەڵەکەی پیاوە ئایینییە هەڵخەڵەتێنەرەکانە، زۆر بیرتیژ و چاو کراوەیە، ڕۆژانە سیاسییە دەنگ بەرز و، چاودەرپۆقیو و دڵڕەقەکان ڕیسوا دەکات..

دەخوێنێتەوە و پێشبینی دەکات، لە خوێندنەوەی ئەو کەسانە هەڵە ناکات کە بانگەشەی زانست و مەعریفە دەکەن، یان شانازی بە شتێك دەکەن کە نییانە.

تواناکانی بۆ ئاشکراکردنی ساختەکاری ئەو کەسانە بەگەڕخستووە کە بەردەوام لە سەرەوەی مەجلیس دادەنیشن و، شاشەکانی تەلەفیزیۆنیان پڕ کردووە، سواری ئۆتۆمبێلی ئاخیر مۆدێل دەبن، ژنان لە دەوریان سەما دەکەن و، لە هەر لایەکیان خزمەتکار و پاسەوانێك وەستاوە.

ئا.. ئەوانە هەر ئەو کەسانەن کە باس لە برسیەتی هەژاران دەکەن، لە کاتێکدا خۆیان ماوەیەك بەر لە ئێستا لە دۆخێکی زۆر خراپتر لەو هەژارانەدا بوون.

لە ڕابردوودا بۆ شارەزا بوون لە ئایین بە دوای پیاوانی ئایینی ڕێزداردا دەگەڕام، کەچی زۆرێکم بینین بە جۆرێك لاڕێ بوونە هیچ شتێك ڕاستیان ناکاتەوە.

من بۆ دانایی لە لای فەیلەسووفەکان دەگەڕام، ئەوانەی کە

ڕەفی کتێبخانەکانیان پڕە لە کتێبی ئەستوور ئەستوور، کەچی لای سوالکەر و شێتەکان دەستم کەوت.

من بۆ مەعریفە لە لای ئامۆژگاریکار و وتاربێژان دەگەڕام و سەوادی خاوەن دەنگە بروسکەییەکان بووم، کەچی لای نەخوێندەوار و کەسانی سادە دەستم کەوت.

لە دواییشدا من بۆ خۆشبەختی لە لای خاوەن سەروەت و کۆشك و تەلارەکان دەگەڕام، بەڵام زۆرینەی خۆشبەختیم لای ئەو هەژار و پەراوێزخراوانە دۆزیەوە کە کەس گوێیان پێنادات!

# گیتارژەن

دوای تەواوکردنی نۆرەی کارەکەی، ئەو گیتارەی هەڵدەگرد کە خۆی دروستی کردبوو، دواتر بە هێمنی بەرەو وێستگەی شەمەندەفەر دەچوو.

بیست ساڵ دەبوو ئەمە خوی ئەو بوو، زۆربەی ئەوانەی بەوێدا تێپەڕدەبوون هەڵپە هەڵپیان بوو بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەیان کە کۆتاییان نیە، زۆرجارانیش بە ڕاڕایی و دوودڵیەوە دەردەکەوتن، سەیری ڕوخساری یەکتریان دەکرد.

کاتێك دەستی بە ژەنین دەکرد، یەکەم شت دڵی خۆی بۆ ڕێبواران دەکردەوە و زەردەخەنەیەکی ڕاستگۆیانەی دەخستە سەر لێوان.

هەوڵیشیدەدا بەشێك لە موحیبەتی خۆی بەسەریاندا بپڕژێنێ، تا لەو بێ هیواییە ڕزگاریانبێت کە بە هۆیەوە گرفتارن.

هەر کاتێکیش پیادەیەکی بەردەمی شتێکی لێ کەوتبا، زۆر بە خۆشحاڵیەوە ئاگاداری دەکردەوە، هەندێ جاریش یەکێك لە پیادەکان بەسەریدا هاواری دەکرد و داوای لێدەکرد کە لە ژەنین بوەستێ، ئەویش زۆر بە سینە فراوانی وەریدەگرت و دەوەستا.

هەمیشە خۆی لە حوکمدان و بڕیاردان دەپاراست، چونکە پێی وابوو کە بڕیاردان لەسەر ئەوانی تر کاری ئەو نیە.

هەمیشە باوەڕی وابوو کە ڕەخنەگرتن و زاڵبوون بە سەر

کەسانی تر و، بڕیاردان و لێپێچینەوە لەگەڵ کردنیان... هۆکارێکە بۆ داڕوخانی ناخی کەسەکان، بەڵکو ئەو پێچەوانەی ئەو کردارەیە بوو، هەمیشە شوێنەواری ئیجابی لەسەر ناخی ناکەکان جێدەهێشت.

بەختەوەری بەلای ئەو ڕاهێنانێکی ماددی و واتایی بوو، لە هەر چرکە ساتێك ویستبای ئەنجامی دەدا، بێ پێویست بوونی بە ئەوانی تر، خۆی خۆی بەختەوەر دەکرد.

هەرگیز کاتی خۆی بە بیرکردنەوە لەو کەسانەی کە خۆشیان نەدەویست بەفیڕۆ نەدەدا.

# گەشتی ڕۆژانە

تا لە ناخەوە بگات بە حاڵەتی ڕەزامەندی، ڕۆژانە گەشتەکەی خۆی بە ناو ناخیدا دەست پێ دەکرد، بیرکردنەوەکانی لە هەموو ئەو شتانە پاڵفتە دەکرد کە دەبوونە هۆی شپرزەیی و پەشۆکانی، کاتێك ئەم کارەی دەکرد هەستی بێگەرد و بێ خەوش دەبوو، هەستی بە ئارامی و ئاشتی دەکرد.

ئا لەو ساتەدا بەختەوەری باڵی بەسەر دڵیدا دەکێشا.

لە هەموو ڕۆژێك چەند خولەکێکی دەدزی، بە ئارامی تیایاندا دادەنیشت و ڕێگەی بە عەقڵی دەدا تا خۆی جێگیر و بێگەرد بکات، ڕۆحیش ئامادەبوو تا هەموو ڕاستیەکانی ژیان و نهێنیەکانی لە ئاوێنەی خۆیدا وێنا بکاتەوە.

کاتێك لە چرکە ساتەکانی ئەوینیدا هەناسەی هەڵدەمژی، وەك ئەوە وابوو کە هەوای دوورترین مەجەڕەی گەردوونی ڕابکێشێت.

ژیان بەلای ئەوەوە بریتی بوو لە دەستکەوت و دیاری گەورە، ئا بەو جۆرەش مامەڵەی لەگەڵ کاتەکەیدا دەکرد، لە هەموو ڕۆژێکی نوێدا شتە نوێکانی خۆشدەویست، شتە نوێکانیشی دەخستە لیستی ئەو شتانەی کە لە ژیانیدا زۆر خۆشی دەویستن.

دەیگوت: جوانی گەردوون پڕ دەکات، هەموو مرۆڤێکیش لایەنێکی جوانی شاراوەی هەیە، چرکە بە چرکە چاودێری دڵی

دەکرد.

دەشیگوت: کاتێك بە دڵمان سەیری شتەکان دەکەین، ئەوا هاوکێشەکان بە تەواوی گۆڕانیان بەسەر دادێ.

دەشیوت: دڵت جگە لە ئەوین بە هیچی تر پڕی مەکە.

خولەکێکی بێ عیشق بریتییە لە چرکە.

بریتییە لە کاتێکی مردووی و بێ ڕۆح.

ئەو کاتەی کە چاودێری خودی خۆت دەکەیت، بۆ ئەوەیە مرۆڤێکی شاراوەی ناو ناخت ون نەکەیت، ئەوا تۆ لەو چرکەیەدا دەگەیت بە حاڵەتێکی بەرزی نورانی، ئا لەوێشدا چەندین ڕاستیت بۆ دەردەکەوێ.

ئا.. لەو کاتەدا دانایی دەبێتە بەشێك لە چنینی تۆ، دەبێتە بەشێك لە ئەتوارت، وەك بڵێی هەر بە فیترەتەوە بە دانایی و حەکیمی لە دایك بووبیت.

دەگەیت بە دەروونێکی بێ بیرکردنەوە و ئارام، کتوپڕ جیاوازی لە نێوان حەق و باتڵدا دەکەیت.

# چێژ و مەستی

ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کاتی چێژ لە خوێکی خراپ وەربگریت، چێژ لە پەرداخێك مەی، کێشانی جگەرەیەك، یان ئافرەت وەربگری، بەڵام چێژ و سەرکەوتنی ڕاستەقینە ئەو کاتەیە کە خوێکی گەورە بۆ خۆت بونیاد دەنێی، کە لە ناختەوە سەرچاوە دەگرێ و، وەك گەنجینەیەکی بەنرخ چاودێری دەکەیت، هەر کات بتەوێ لەو سەرچاوەیە ئاوی ژیان دەنۆشی، بەهۆیەوە بەرەو بەرزی ئاسمانەکان بەرز دەبیتەوە، پێویست نە بە مەی و نە بە جگارە و نە بە ئافرەتیش دەبێ.

مەستی: بریتییە لە حاڵەتێکی ڕۆحانی، ئەو کاتەی گەشتێکی پیرۆز بەرەو ناخمان ئەنجام دەدەین، پێی دەگەین، ئەو کاتەی کۆششێکی خودی گەورە دەکەین بۆ بە ئاگاهاتن و بیرکردنەوە بۆ زانینی ڕاستییەکانی گەردوون و، پێی دەگەین، ئەمەش لە حەزی ئێمەوە دروست دەبێ، ئەو کاتەی دەمانەوێ لە ناکۆکی و ململانێ ڕۆژانەکان داببڕێین، لە پێناو سامان و دەسەڵات.

مەستی، حاڵەتێکی ڕۆحانیە، ئەو کاتەی بە هۆگریەوە کار بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی گەورە دەکەین، پێی دەگەین، چێژ وەرگرتن لە هەستەکان زۆر خێرا تێپەڕ دەبێ..

بەڵام مەستی حاڵەتێکی ڕۆحانی قوڵە و درێژ مەودایە.

ئەمە ئەزموونێکی نورانی ناوازەیە، کتوپڕ دروست دەبێ، وەك فڕین بە باڵێکی سیحراوی، بەرەو هەسارەیەکی نادیاری ون..

نەخێر، ئەمە هەرگیز وەك چێژێکی کاتی نییە، تا هەر کەس

ویستی پێی بکات، بەڵکو هەستێکی سیحراوی قوڵە، ئەهلی خۆ پاکڕاگر و بێگەرد و خاوەن دڵە زێڕینەکان پێی دەگەن.

له كاتى هاتنه خوارەوەى ئاو له لێژاييەكى بەردينيدا، له بينينى يەكەم شسكتى ئاو دەردەكەوێ، چونكه ناچاره بە لا تەنيشتى بەردە ڕەقەكاندا ڕێگە بۆ خۆى بكاتەوە، بەڵام پەندێكى چينى هەيە پێمان دەڵێ:

ئاو له ململانێدايە لەگەڵ بەرد، بە تێپەڕبوونى كاتيش ئاو سەردەكەوێ!

ئەو ساتەى كاتى ئەنجامدانى كارێك ديارى دەكەى، ئەو كاته بە چركه ساتێكى پيرۆز دادەنرێت..

ئەوان دەڵێن:

باشترين كات بۆ چاندنى دار (٢٠) ساڵ پێش ئێستايە!

بەڵام باشترلەوە كاتى ئێستايە.. كەواته ئێستات بە فيڕۆ مەدە.

هەروەها دەڵێن:

ئەگەر پەرداخ پڕبوو ناتوانى چيتر ئاوى تێبكەيت، بە هەمان شێوە عەقڵيشمان دواى پڕبوون قبوڵى زياتر ناكات، ئەمەش ئەو كاته ڕوو دەدات كە ئەو باوەڕەمان بۆ دروست بوو كە ئێمە هەموو شتێك دەزانين.

دەشڵێن:

عەقڵ وەك كتێبێكى داخراوە، تەنها پارچە تەختەيەكى ڕووتە.

له كتێبە چينيە كۆنەكاندا له وەسفى مرۆڤى گەورەدا نووسراوە:

(جیهانماڵیەتی، هەڵوێستەکانی ڕایەخی،
ڕێگەی بەخشندەیی ڕێگەی کاریەتی لە ژیان،
بەردەوام لە پێناو چاکە لە هەوڵدایە،
ئەگەر ڕەتیشی بکەنەوە ئەوا خۆی بە تەنها لە ڕێکردن بەردەوام دەبێ،
هەرگیز نە سامان و نە شکۆ وای لێ ناکەن شانازیی بە خۆیەوە بکات،
نە هەژاری و نە خاکیبوونیش ناتوانن لە ئامانجەکانی دایبڕن،
نە دەسەڵات و نە هێزیش ناتوانن ناچاری بکەن تا ستەم لە هیچ کەس بکات).

# هاوڕێکەم "مارسا"

تەمەنی لە هەشتا ساڵ تێپەڕی کردووە، پێشتر پلەی بەڕێوەبەری گشتی بوو، بەڵام دوای خانەنشین بوونی هەموو ڕۆژێ دەچێتە ترافیکەکان و شوێنی وەستانی پۆلیس، تا یارمەتی بە ساڵاچووەکان بدات و لە شەقامەکان بیانپەڕێنێتەوە.

دەڵێ: "هەندێ جار کەسانی حەفتا ساڵی دەبینم، بەڵام پێش وادەی خۆیان جەستەیان لاواز و سست بووە، بۆیە من یارمەتیان دەدەم و دەیانپەڕێنمەوە، کێشەی من ئەوەیە کە ئەگەر بێتوو هەموو ڕۆژێ ئەو کارە ئەنجام نەدەم شەهیەم بۆ خواردن ناچێت".

لە نهێنی ئەو زیندوێتی و چالاکبوونەیەم پرسی، وەڵامی دایەوە و گوتی:

یەکەم: ڕق و کینەم بەرامبەر بە هیچ کەسێ نیە، چونکە ڕق دروست کردن تەمەن کورت دەکاتەوە.

دووەم: مشتومڕ لەگەڵ هیچ کەسدا ناکەم، بە تایبەتیش هاوسەرەکەم کە خوی بە مشتومڕ وەگرتووە، ئەگەر بڵێ زەوی هەر چۆنێکە دەڵێم، دەشێ وابێ.

سێیەم: بیر لە پرسە هەراسانکەرەوەکان ناکەمەوە، هەرگیزیش بە کێشەوە ناخەوم، یان چارەسەری دەکەم، یان لە بیری دەکەم.

دەشڵێ: ئەو کاتەی بەختەوەری لە ڕووخساری ئەو کەسانەدا دەبینم کە یارمەتیان دەدەم، هەست دەکەم لە هەموو شتێکی زەوی ئازاد دەبم، وەك باڵندەیەك باڵەکانم دەکەمەوە بەرەو سەرووی هەورەکان دەفڕم، بەرەو جیهانێکی پڕ لە سەیری و سەرسامی.

# جەنگاوەری ڕووناکی

"پاولۆ کۆیلۆ" جەنگاوەری ڕووناکی وەسف دەکات و دەڵێ:
ئەو توانای بەسەر جیاکردنەوەی شتە تێپەڕ و بەردەوامەکاندا هەیە.

لەگەڵ شاخ و جۆگەلە ئاوەکان خۆی ئاوێتە دەکات، ئەو بەشێك لە ڕۆحی خۆی لە ڕووەك و گژوگیا و گیاندار و ئەو باڵندانەی گێڵگەکانیان پڕ کردووە دەبینێت.

جەنگاوەری ڕووناکی ڕۆشنایی جیهانی خۆی لەگەڵ ئەو کەسانەدا دابەش دەکات کە خۆشی دەوێن.

بیرکردنەوەکانی دەگۆڕێ بە جووڵە، هەر تەحەددیەك بێتە بەرامبەری ئەو بە دەرفەتێکی نوێ بۆ گۆڕانکاری لە خودی خۆی سەیری دەکات.

هەبوونی ئەو جەنگاوەرە تەنها بۆ ئەوەیە هاوکاری هاوڕێ مرۆڤەکانی بکات، نەوەك قەرز بە دراوسێکەی بدات.

جەنگاوەر خاوەنی ئازادی خۆیەتی، چونکە ڕۆحی وەك ئەو هەورانە ئازادە کە لە ئاسماندا دەخولێنەوە، بەڵام دەشزانێ کە تەندوری کراوە نان نابرژێنێ.

ئەو هەرگیز ناجەنگێ، مەگەر زۆر زەروری و حەتمی بێ، هیچ هۆکارێك وای لێناکات لە کاتی سەرکەوتن شانازی بەخۆیەوە بکات، هیچ شکستێکیش ناچاری ناکات تا هەست بە تاوان بکات.

جەنگاوەری ڕووناکی، هێزی خۆی لە ئازارەکانی ڕابردووەوە درێژە پێ دەدات.

دەزانێ کە هەر کەسێ بە بەخشینی ئامۆژگارییەوە بە دار و درەختی باغی کەسێکی ترەوە سەرقاڵبێ، ئەوا دار و درەختی باغەکەی خۆی فەرامۆش دەکات و لێیان بێ ئاگا دەبێ.

# پیاوێکی قاچبڕاو

هەر کە بمبینیبا، هەمان قسەی بۆ دووبارە دەکردمەوە، بێ دوودڵی و بێ گۆڕانکاری:

ئێستا جوانی تەواو لە ژێر پەنجەی قاچە ڕووتەکانم دەبینم، خۆی لەگەڵ زەویەکی وشکدا ئاوێتە کردووە.

ئێستا، لەو چرکە ساتەدا، نە سبەی و نە دوو سبەی.

غەمی من تەنها بریتییە لەوەی کە بزانم کێ لە تەنیشتمەوە دانیشتووە، دڵمی بۆ دەکەمەوە، تا نیشانەکانی خودا لە دروستکردنی ئاشکرا بن، هەموو مرۆڤێك جوانییەکی درەوشاوەی هەیە، بەڵام نایبینین، تا ئەو کاتەی کە دڵمانی بۆ دەکەینەوە، مرۆڤێکی هەمیشە ئامادە و هەست بەهێز، وەك بڵێی جیهان لە ناخیدا دەژی، لە نێوان شاراوەکانی دڵی.

تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی ڕۆحە باشەکان نەزر کردووە.

هێزێکی زۆر ناوازەی هەیە، دەتوانێ بە ئاسانی و بە نەرمونیانییەوە سەیری ناخت بکات، قاچە بڕاوەکەی گەورەترین مامۆستای بوو لە ژیان!

کاتێك لە دەستیدا، هیچ گلەییەکی لە بەختی خۆی نەکرد، جگە لە ڕازیبوون و، سەیرکردنی بە قەدەرێکی ئیلاهی هیچیتری نەوت، بەڵام دڵنیابوو لەوەی کە ڕۆژێك دادێ نهێنییەکەی دەزانێ.

(چی دەکەیت ئەو کاتەی کە هەموو ئەو کارانەت ئەنجام

داوه کە پێت کراوە، لە کاتێکدا بۆت دەردەکەوێ کە ئەوە هەرگیز بەس نییە...

تەنها بێ نیازبە..

چی پێ دەبەخشی لەو کاتەی کە هەرچی هەتبووە پێت بەخشیوە، لە کاتێکدا ناتوانێ دەربازت بکات...

تەنها بێ نیازبە)

# ئەندازەیەکی کەم بۆ سوپاسگوزاری

هەموو ڕۆژێك ساتێکی پیرۆزی هەبوو، تیایدا ئەو وشانەی دووبارە دەکردنەوە کە واتای سوپاسگوزارییان دەبەخشی..

هەر کاتێك بەخششێکی تری بۆ زیاد بووبا، ئەوا کاتی زیاتری بەو واتایانە دەبەخشی.

لە کاتەکانی تەنگانە، دڵی زۆر بەهێزەوە بۆ دۆخی ڕازیبوون و قبوڵکردن ئامادە دەکرد، ئەمەش وەك جادوویێك کاریگەری لەسەر دەروونی دروست دەکرد و ئارامی پێدەبەخشی.

بە خۆشەویستییەوە هەناسەی دەدا، دڵیش بە ڕەحمەت و بەزەییەوە ترپەی دەکرد، دەستەکانی بۆ هەڵدانی گوڵ بەسەر دراوسێکەیدا هەرگیز دانەدەخران.

بەهەر کۆڵانێك تێپەڕبوایە شوێنەواری ڕۆحی خۆی تیادا جێدەهێشت، هەمیشە هۆشیار و بە ئاگا بوو بۆ ژیان، ئاگاداری کاتەکانی بوو، کە چۆن بە نێو دەمارەکانیدا هاتووچۆ دەکەن،

دڵی بەرامبەر بە ژیان کراوە بوو، بۆ هەر شتێکیش کە بۆنی خۆشەویستی لێهاتبا، بۆ هەموو شتێکی جوان، جیاوازی ئەو لەگەڵ کەسانی تر ئەوەبوو کە هەمیشە لە سیمایدا سەرسامی بە دیدی دەکرا، بە شتی زۆر ئاسایی شۆك دەبوو، شتێکی تریشی کە زۆر ناوازەبوو، بەجۆرێك دەژیا وەك بڵێی لە ناخیدا باخێکی جادوویی هەیە، هەرچی ویستبای لێی دەچنی..

(ئێستا.. من زۆر دڵنیام، ئەگەر بێتوو تۆش هەموو ڕۆژێ ساتێك (ئەگەر بە ئەندازەیەکی کەمیش بێ) بۆ سوپاسگوزاری تەرخان بکەیت، ئەوا ئەنجامەکان شۆکت دەکەن). ئۆپرا وینفری

# باڵندەیەکی بێ باڵ

تەنها دڵخۆش نەبوو، بەڵکو خەریك بوو دڵی لە خۆشیاندا بفڕێ، کاتێك پرسیاری هۆکارەکەیم لێکرد، پێی ووتم:

کاتێك دەستم کرد بە ژیان، من وەك باڵندەیەك وابووم کە بە حەوت باڵ بفڕێ.

خەریك بوو ئەندێشەم دەگەیشتە بەرزایی و ئاسمان و دوورترین ئەستێرە.

تا چەند بەرەو بەرزیش هەڵچووبام، زیاتر هێزی با و بروسکە و گێژەڵوکە لەسەرم توندتر دەبوون، باڵ لە دوای باڵەکانم شکان، بەڵام هەر کاتێ باڵێکم دەشکا، لە بریدا ڕووناکیەکم لە نووری دانایی دادەگیرساندا.

ئێستاش..

باڵندەیەکی باڵشکاوم، بەڵام دڵخۆشم، لە دڵمدا مرۆڤ خۆی دەشارێتەوە، پڕە لە خۆشەویستی و دانایی، بەردەوام جوانترین شادیم پێدەبەخشن، هەر کات بمەوێ، بەرەو بەرزترین ئاسمان پێی دەفڕم.

(ئا ئەوە ئەو کەسەیە کە هەرگیز جێگەی غەم لە دڵیدا نابێتەوە، هیچ ترسێك نابێتە هاوڕێی خۆشییەکانی، بەڵێ ئەو بووە جێگرەوەی ترسوبیم و تووڕەیی، ئەو پیاوە بە دانای ڕۆچوو لە دانایی ناو دەبرێ).

# چیرۆکی کەڵەشێرەکە

لەسەر تەپۆڵکە خاشاکێکی کەڵەکەبوو دوو کەڵەشێر دەبێتە شەڕیان، یەکێکیان لە یەکێکیان بەهێزترە، کەڵەشێری یەکەم هاوڕێکەی خۆی لەسەر تەپۆڵکەکە دوورخستەوە، دواتر هەموو مریشکەکان هاتن و دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان و هەلهەلەیان بۆ لێدا.

کەڵەشێری براوە لەخۆی بایی بوو و بەمە نەوەستا، ئەمجارە ویستی هێز و شکۆی خۆی لە بەرامبەر مریشکی گێڵگەکانی تریش نیشان بدات، دەستی بە بازدان کرد، تا گەیشتە سەربانی خانوێك، باڵەکانی داگرتن و بە دەنگێگی بەرز دەستی بە قسەکردن کرد:

هەمووتان سەیری من بکەن، من کەڵەشێری براوەم، هیچ کەڵەشێرێکی تر هێزی هاوشێوەی منی نییە.

بەر لەوەی قسەکانی تەواو بکات، بازێك هاتوو و چنگێکی لێدا، بەرزی کردەوە و کردی بە نێچیری ئەو ڕۆژەی (١).

---

(١)داستانەکانی لیۆ تۆلستۆی (١٨٢٨-١٩١٠).

# باشبە، هەواڵی ئەوەش بە کەسە خراپەکان مەدە

باشبە، بەڵام پێش ئەوە بوێربە، لە ئامادەباشی تەواویشدابە بۆ بەرگریکردن لە مافی خۆت، لەو کاتەی هەوڵ دەدرێت بەکاربهێنرێیت، بەڵام با هەرگیز ئەوە نەبێتە ڕێگری لە بەردەم باشبوونت..

خودای گەورە پشتیوانی کەسە باشەکانە، لە بەهێزترینەکانی گەردوون بە مەبەستی بەرگریکردن ڕام کردووە، هەرگیز بوار بە ئەزموونەکانت مەدە لەگەڵ کەسە خراپەکان، کە لە ڕێڕەوی باشی خۆت لاتبدەن، کەسە خراپەکان لە کۆتاییدا هەر خۆیان دەمێننەوە، تا لە دەریای ژیان تەنیا بن و، بکەونە بەر توندی شەپۆلەکان.

دڵە باشەکان لە هەر کوێ هەوار هەڵبدەن، ئەوا ڕەقی ژیان نەرم دەکەن، هەروەك چۆن پەڕەکانی خۆر، بە گەرمیان بەستەڵەکە زەبەلاحەکان دەتوێننەوە.

ئەگەر دڵە باش و چاکەکارەکان نەبوونایە، ژیان وەك شاخە ترسناك و جەنجاڵەکانی لێدەهات، دوور لە موحیبەت و خۆشەویستی، مار و قەلەڕەشەکان فەرمانڕەوایی دەکەن.

لە ئەزموونی کەسی خۆم، دەمەوێ شتێك زیاد بکەم و بڵێم: باشبە، هەرگیزاو هەرگیزیش ئەو هەواڵە بە کەسە خراپ و خۆپەرستەکان مەدە!.

# لە بیرەوەری "تۆڵستۆی"وە

هەندێ کەس هەیە لە ژیانێکی زۆر بێ نرخدا دەژی، تەنها ڕۆژەکان ئاوا دەکات و بەردەوام سەرقاڵی ئەندێشەیە، لەو لاشەوە چاوەڕوانی شتێکە کە هەرگیز ڕوونادات!

تۆڵستۆی لە کاتێکدا کە گەنجێکی بچووکە، لە بیرەوەری و یادنامەی خۆیدا دەنووسێ:

لە نیوەڕوانەوە تا کاتژمێر (٢) لەگەڵ هاوڕێکەم "بیچتشێف" زۆر ئازادانە و بە غرورێکی زۆرەوە قسەم کرد، لەوەشدا من درۆم لەگەڵ خودی خۆشمدا دەکرد.

لە کاتژمێر (٢) تا (٤) وەرزشێکی جەستەیی، لەگەڵ کەمێ لە ئیعتیکاف و ئارامی، لە کاتژمێر (٤) تا (٦) نانم خوارد و چەند شتێکی پێویستم کڕی.

لەماڵەوە هیچم نەنووسی، ئەو تەمبەڵیە!، سەردانی هاوڕێکانم کرد و قسەم لەگەڵدا کردن، ئەوە ترسنۆکییە!

بیرەوەرییەکانی بەم ڕستەیە بە کۆتا دێنێ: ئەو ڕۆژە بە شێوەیەکی زۆر خراپ ڕەفتارم کرد... ترس و غروری و لاوازی و تەمبەڵی...!

لە بچووکییەوە، تۆڵستۆی ڕاستگۆ و ئەمین و بوێر بووە، زۆر لەوە ترساوە کە ژیانێکی بێ نرخانە و پڕوپوچ بەڕێ بکات، هەر بۆیە هەشتا و دوو ساڵی پڕ لە بەرهەم ژیا!

# تۆوی ڕووەکەکانتان لە زەوییەکی باشدا بچێنن

جووتیارێـك بەیانییـەکی زوو لـە مـاڵ هـاتەدەر و بـەرەو کێڵگەکەی چوو، تا هەندێ تۆوی ڕووەك بچێنێت، لـە کاتێکـدا ئەو سەرقاڵی ئەو کارە بـوو، هەنـدێک لە تـۆوەکەی لێهەڵـڕژایە سەرزەوی نزیک شوێنی داچاندن، دواتر چەند باڵندەیەك هەڵیان گرتەوە، لە کاتی ڕۆژهەڵاتندا، ئەو تۆوانەش کە کەوتبوونە سەر بەردەکان سووتان، بەشێکیشی لە دەستی جووتیارەکەدا پەرش و بڵاوبـوون، هەنـدێکی تـر لە تـۆوەکە کـەوتە ناوەڕاستی دڕك و دارەکان و لەوێدا بێکەڵك بە جێمان، ئـەو بەشـە تـۆوەی کـەوتە سەر زەوییەکی باش، بووە بەرهەمێکی باش و سوودی بەخشی.

# دڵە هەستیارەکان

دوێنێ، لەگەڵ ئەودا لە دیدارێکم هەبوو، بۆ ئازاد کردنی ئەو کەسانەی کە ژیان ماندووی کردبوون و هاڕاوی بەردەستی ڕۆژگارێکی سەخت بوون، کاتێك گەیشت، دڵی پێش هەنگاوەکانی کەوتبوو و نزیک دەبووەوە، شوێنەکەی ڕووناك کردەوە، سەرەتا وەک شنەبایەك بێ دەنگ بوو، ئەو بێدەنگییە شکۆدارە، سەنگی بارتەقای هەزار خۆری پڕشنگدار بوو،

ڕوانینەکانی وەك بڵێسەی ڕووناکی وابوون، ئەندامەکانی جەستەی ئارام و ڕۆحێکی بێگەرد و بەهێزی هەبوو، بە جەستەیەکی نەرم و ڕووخسارێکی سەرسام داگرتوو، گوێی بۆ ئازار و غەمی ئامادەبوان گرتبوو.

موددەتێکی زۆر بوو هیچ کام لە ئامادەبوانی دیدارەکە، ڕووناکیەکی هاوشێوەی ئەو ڕۆژە، سەری نەکردبوو بە ڕۆحیاندا، تا بتوانن بەردەوام بن و چالاکانە تر بەرەو ژیان بگەڕێنەوە، دڵە هەستیارەکان پێویستیان بە کات و قسە نییە تا لە هەستە شکۆدارەکان تێبگەن، بەڵکو ئەوان لە چاوتروکانێکدا هەستی پێ دەکەن.

هەرگیز ڕێزم لە هیچ کەس نەگرتووە، بە ئەندازەی ڕێزم بۆ ئەو کەسانەی کە درەخت گەلێکی بەرهەمدار لە دڵی ئەوانی تردا دەڕوێنن و خۆشیان لە بەرهەمەکەی ناخۆن!

# قاوەفرۆش

بــە یــەکێك لــە کۆڵانەکانــدا پیاســەم دەکــرد، دیمــەنی قاوەفرۆشێك و بۆنی گەرمی قاوەکە ڕایگرتم، لەو کاتەی ئەو قاوەکەی دەکردە فنجانەکانەوە، هاوشێوەی منداڵێک وابوو کە یارییەکی هەستهەژێنیان بۆ کڕیبێت، بەم چەشنە دڵخۆشبوو!

یەکەم فنجانی قاوەی بۆمن تێکرد، هەرگیز لە ژیانمدا چێژی قاوەی لەو جۆرەم نەکردبوو، داوای فنجانێکی ترم لێ کرد، کاتێك پرسیاری نهێنی ئەو چێژە خۆشەم لێ کرد، گوتی: من بە دەستەکانی خۆم قاوە دروست دەکەم، تامێکی تایبەت و بەچێژیشی بۆ زیاد دەکەم و لەگەڵ گوێزی هاڕاو تێکەڵی دەکەم، کاتێك ئێوارە دەگەڕێمەوە، هەموو ئەو خڵتەی کە ماوەتەوە دەڕێژم، تا بۆ ڕۆژی دواتر قاوەیەکی تر ساز بکەم، کاتێك باسی کارەکەی دەکرد، هەموو هەستەکانی دەدوان، کاتێکیش بەرەو کارەکەی دەچوو، زۆر تامەزرۆ و دڵخۆشبوو، وەك بڵێی ژوانێکی ئەویندارى لەگەڵ خۆشەویستە تاقانەکەی هەبێ.

# ڕێگای گەڕانەوە

ئـەو دەمـەی گەشـتە گەورەکـەی دەسـت پـێ کـرد بـۆ سـەرکەوتنـی بەسـەر چیایـەکی گـەورەدا، وەك بلێـی گـوێی لـە مامۆستا گەورەکەی بووبێ کە ڕێگای گەڕانەوە زۆر سـەخت و دژوارە، ڕێوی و مارەکـان لـە نێـوان تاشـە بـەردەکان چاوەڕێی دەکەن، بەڵام لەبەر ئـەوەی زۆر ژیـر و خـاوەن دڵێکـی بوێرانـە بوو، خۆی بـۆ ڕووداوە دژوارەکـانی بـەردەم ڕێگـای گەڕانـەوە ئامـادەکردبوو، گرنگـی بـە هـەموو شـتێك دەدا کـە لـە ڕێگـای چوونیدا دەیبینین، تا ئەو کاتەی دەستی کرد بە گەڕانەوە لەسەر چیا بەرزەکە، هێزی جەستەی تـەواو کـەمی کردبـوو، بـەڵام لـە ڕێگای چوونیدا ئەو خۆشەویستی ڕشتبوو، تا لە کاتی هاتنەوەیدا لە بێ هاوەڵ و بێ هاوڕێیدا دووچاری هیچ دژوارییەك نەبێ.

# هەستی هونەرمەندانە

خاوەنی هەستێکی زیندوو بوو، هونەرمەندێکی شارەزا دیار بوو، تەنانەت لەسەر زبڵ و خاشاکی کەڵەکەبوو و کاولکارییەکانی ئەم ژیانەش دەیتوانی وێنەی زۆر ناوازە بگرێت،

لە ناوەڕاستی تەپۆلکەی غەم و خەفەتدا دیمەنی جوانی دەدۆزیەوە، کاتێك شتێکی وای دەدۆزیەوە، زۆر بە توندی و تامەزرۆییەوە بە دەستەکانی دەیگرت، وەك بڵێی گەوهەرێکی بە نرخی دۆزیبێتەوە، چاوەکانی دەبریسکانەوە، هیچ خەمێکی لێ بەدی نەدەکرا، لە قووڵایی دڵییەوە پێدەکەنی، وای لە جیهانییان دەکرد، وەك شێت لە دەوری پێبکەنن، ئەگەر هیچی نەدۆزیبایەوە تا پێی پێبکەنن، خۆی بە خۆی پێدەکەنی!

لە کاتێکدا ئێمە هەژار بووین لە دەوری ئەودا، بەڵام بەردەوام هێز و سووبوونی لە ژیان پێدەبەخشین، لە چرکەساتی خۆیدا دەژیا، ژیان بە دیدی ئەو یاریەك بوو، هەرگیز بە توندی و جدیەوە نەیگرتبوو، ئەو خۆشییەی ئەو بۆ دەوروبەری بڵاوی دەکردەوە جوانترین شتی بوو لە ژیان..

هیوای ئەو لە ژیان بریتیی بوو لە:

شکاندنی پارچە نانێك و شنەبایەکی بۆنخۆش، پێکەنینێکی بێگەرد لە ناخی دڵەوە!

# شوانی مەڕ

"کریشنا" سێ هاوسەری هەبوو، وەك شاژن دەژیان..

ڕۆژێـك لـە ڕۆژان دووچـاری دەردێکـی ترسـناك دەبـێ، پزیشکەکان هیچ چارەسەرێکی بۆ شك نابـەن، گـەورە داناکـانی ناوچەکەی، ئاماژەیان بەوەدا کە ڕەنگە چارەسەرەکەی لە چنگـە خۆڵێکی پـاکی بـەرپێی یـەکێك لـە هاوسـەرەکانیدابێ، ئـەویش دەستی کرد بە گەڕان بەدوای چنگە خۆڵێکی پاك لـە ژێـر پێـی هەر سێ لە هاوسەرە نغرۆ بووەکەی لە مەستی و بێ ئاگاییـدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، زۆر گەڕا، بە هیوای ئەوەی لەو ئـازارە ڕزگاری بێ، ئەمجارە بیری کردەوە و هاوسەرگیری لەگەڵ ژنـە شوانێکدا کـرد، کـە لـە نزیـك کۆشـکەکەی ئـەودا ڕۆژانـە لـە مێرگێکدا مەڕی دەلەوەڕاند، تاکو بتوانێ لە ژێر قاچەکانی ئەودا چنگە خۆڵێکی پاك دەست بخـات و ببێتـەی هـۆی چارەسـەری دەردەکەی..

(هاوسەرەکەت لە ڕۆژانی دروێنەدا هەڵبژێرە، نەك لە ڕۆژانـی سەما)، پەندێکی دانیمارکییە.

# دڵێکی کراوە

ئەو دەیگوت، ئەگەر تەنها یەك کەس، تەنها یەك، لە ژیاندا بە سەرمەشقی خۆیم بزانێ، ئەوا بەڕاستی من ڕزگارم بووە!

ئەگەر ژیانی بە تەواوی سەرەوژوور بوایە، ئەوا هەرگیز دوودڵی داینەدەگرت.

ئەگەر تەنها دوو درهەمی لە دەست بوایە، دانەیەکی بە نان دەدا، بەوی تریشیان گوڵە شلێرێکی دەکڕی و دەیکردە خۆراکی ڕۆحی.

بە هەر هۆکارێك بوایە، لە دەوروبەری خۆی جوانی دروست دەکرد، باوەڕیشی وابوو کە هەبوونی توانا بۆ بینینی جوانی، بەخششێکی گەورەیی ئیلاهییە.

گرتن و هێشتنەوەی دیمەنە جوانەکانی ڕۆژیش گرنگترین کار بوون لای ئەو، بەردەوام لە خوا دەپاڕایەوە، ئەو کاتەی دەمرێت و چاوەکانی دادەخرێن، دڵەکەی کراوەبێ!

# چی بچێنی ئەو دەدوریتەوە

هەموو ڕۆژێ گەشتێکی بە ناخی خۆیدا ئەنجام دەدا، بە قولاییدا ڕۆدەچووە خوارێ، بە مەبەستی گەڕان بە دوای نهێنییە سەیرەکانیدا..

هەرگیز نەمبینی ڕۆژێ لەو گەشتەیدا وەڕەس و بێزاربێ، چونکە ئەو شوێنانەی ئەو سەردانی دەکردن بەردەوام موفاجەئاتی دڵخۆشکەریان بۆی هەبوو.

چێژی لە ڕۆحە جەنگاوەرەکەی وەردەگرت، ترسی هەرە گەورەشی لە چرکە ساتی دوای سەرکەوتن بوو، ئەو چرکەیە بریتییە لە چرکەی کەوتنە نێو زەلکاوی لەخۆبایی بوون!

ئەو بەردەوام دەیووت: ئەگەر بە دوودڵی و ڕاڕایی و ترسەوە بۆ دەوروبەر دەربکەوم، ئەوا ئەوانیش بەو جۆرە دەردەکەون،

هەر کاتێکیش بوێری خۆم نیشاندان، ئەوانیش هەمان شت ئەنجام دەدەن!

زۆر پێشبینی نەدەکرد لە ژیان ، بەڵام بەردەوام وەك گەشبینێك پێدەکەنی و دەژیا، تا دوا چرکەی ژیانی!

پیرۆزی لای ئەو چاکە و خۆشەویستی بوو، نەك شتێکی تر!

دەیوت: هەموو ئایینەکان لە بەرزترین بەهای ڕەووشتی هاوبەشن، کە ئەویش بریتییە لەوەی کە چی بە گەردون بەخشین، ئەوا بە چەندین هێندە پێمان دەدرێتەوە.

ئەوەی بە دەستیشی دەهێنی، بەرهەمی جۆری ئەو تۆوەیە کە داتچاندووە.

# مەبەستی داناکان

بە سەرتاسەری جیهاندا گەشت دەکەین و لە شوێنی خۆمانین، جیهان بەبێ تاموچێژ بە ئێمە دەگات، بەبێ تێکهاتن و سەرسامبوون، یانیش دەرفەتێك نییە بۆ چێژوەرگرتن و ڕۆچوون و سەرکێشی و موفاجەئات، تاکە هۆکارمان ئامێری مۆبایلی زیرەکە، بەبێ ئەو ئێمە کائینێکی بێ ئامازەیین.

خێرایی بۆتە خوێك، تەنانەت وەك ماددەیەکی کیمیایی دەرخواردی کاتە سرووشتیەکانیشی دەدەین تا خێرابن، کات کۆتایی دێت، بێ ئەوەی لە چرکە ساتی خۆماندا ژیابین، لە هەموو کاتێکدا دەژین... ڕابردوو بە ڕابردوویەکی دوور و پەڕاگەندە، ڕابردوویەکی زۆر دوور کە زۆربەی جار نایەت، بەڵام تەنها لە ئێستاماندا ناژین!

بەمەش بەرگرییەکانی ناخمان تێك دەشکێنین تا ببینە نێچیرێکی ئاسانی گرژی و ئاڵۆزی و ڕاڕایی، ژیان چێژی خۆی لە دەست دەدا و خاڵی دەبێ لە ڕۆح، لە کاتێکدا باپیرانمان چێژیان لە گەشتەکانیان وەردەگرت، بەڵام ئێمە وەك دێویکی ورگ دڕاو و چڵێس تەنها چاوەڕوانی گەیشتن دەکەین، گەیشتن بە قازانجێکی خێرا و چێژێکی خێرا!

دەروونێکی ئارام و جێگیر و دوور لە ڕاڕایی، هەر لە ئەزەلەوە ئامانجی هەموو دانایێک و خاوەن دڵێکی ناوازە بووە!

# ژنێکی نوێ

یەکەم جار کە مامەڵەکەم دایە دەستی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەی، کەسێك بوو، بە دەستی خۆی باوەڕی لە دەستدابوو، لە هەموو شتێ بە گومان بوو، لە هەنگاوەکانی دوودڵ و، بێ هیوا و شکستخواردوو بوو، لە بەرپرسیاریەتی ڕای دەکرد، ترسی خۆی بە هاوارکردن و قسەی بێ مانا دەشاردەوە، کاری خۆی بۆ ئەوانی تر جێدەهێشت، تا زۆر بە ئاسانی ئەنجامی شکستەکانی بخاتە ئەستۆی ئەوان!

چەند ڕۆژێکی پڕ لە دوودڵی و ڕاڕایی تێپەڕین، بیرم هەر لای ئەو بوو کە دەبێ چۆن بڕیار بدات، بەڵام لە جاری دووەم ژنێکی تەواو جیاواز بوو، گوێی لێگرتم و ڕاوێژم پێکرد، زۆر بە ئاسانی کارەکانی تەواو کرد، دواتر پێی وتم کە پشت بە خوا بیەستم، ئامادەیی خۆی نیشاندا کە تەواوی بەرپرسیاریەتی بگرێتە ئەستۆ، ئەنجامەکانیش هەر چیەك بن ئەو لە ئەستۆیان دەگرێ، لەوێدا، ئا لەو چرکە پیرۆزەدا، خودای گەورە ئەوی بەرەکەتدار کرد، تەواوی گەردوونیشی بۆ یارمەتیدان و گەیشتن بە ئامانجەکەی ڕام کردبوو، لە دواییشدا لە ئاسوودەییەکی تەواو و خەیاڵێکی دوور لە ئاڵۆزی دەستی بە ژیان کرد.

# تامی ژیان

هاوڕێکەم کاتێك دووچاری گرفتێك دەبێ،
پەلە ناکات، شپرزە نابێ، قەتیش توڕە نابێ،
بەڵکو چاوەکانی بە هۆشیاری و ئاگاوە دەکاتەوە.
پارێزگاری لە ئارامی و تەرکیزی خۆی دەکات.
کەسایەتی خۆی لە کێشەکە دادەبڕێ، هەرگیز ڕێگا نادات بەسەریدا زاڵبێ.

نەفرین لە بەختی خۆی ناکات، ڕێگە بە هەستەکانی نادات بەرەو ترس پەلکێشی بکەن، بەڵکو ئەو کێشەیە وەك بەشێك لە سرووشتی ژیان سەیر دەکات.

ئەگەر تووانای بەسەریدا نەبوو، قبووڵی دەکات، وا بیری لێ دەکاتەوە کە لە ئایندەدا ئەو کێشەیە بۆ ئەو سوود بەخشبێ و خێرێکی بەخۆیەوە هەڵگرتبێ.

پشت بە خودا دەبەستێت و بیردەکاتەوە و ڕاوێژ دەکات، دواتریش بە بوێریەوە بەرپرسیاریەتی هەر بڕیارێك دەگرێتە ئەستۆی خۆی، بە سوپاسگوزارییەوە هەموو ئەنجامەکانیش قبووڵ دەکات، هەرگیز هیچ شتێك بە پرسێکی کەسی سەیر ناکات، هەرگیزاو هەرگیزیش ڕێگە بە ڕابردوو و یادگاریە تاڵەکانی نادات بەسەریدا زاڵبن و ئێستای لە زەوت بکەن، بەڵکو بە ئازادی و سەربەخۆییەوە دەژی، ئاگاداری هەموو بیروباوەڕێکی هەڵە و، ئەزموونێکی ئازار بەخشە کە کەسایەتی

ئێستایان دروست کردووە و، خۆیان لێ دەپارێزێ، ئەو ئەزموونانەی کە برینداریان کردووە، لە کرانەوەی بە ڕووی جیهاندا ئازاریان داوە، بەڵام ئێستا، بە تەواوی هێز و بەڕائەتەوە، تا کامەران و ئارام بێ، خۆی لەگەڵ ناخی دەگونجێنێ و ئاسوودە دەژی، شاعیری مەزن جەلالەددینی ڕۆمی دەڵێ:
هەمووومان تامی مردن دەچێژین، بەڵام کەمن لە ئێمە کە تامی ژیان دەچێژن!

# جیهان لە دڵدا

پێی وابوو گەورەترین دیاری کە پێشکەشی جیهانی بکات، بریتییە لەوەی کە ڕووبەڕووی خەڵك دەبێتەوە بە پێکەنینەوە پێشوازیان لێ بکات، وەك گوڵێکی بێ تاوان وابوو، لە بێ ئاویشدا ئارامی دەگرت.

بە باشی بەرگەی تەنیایی و توندی دەگرت..

بە پێکەنینەوە بە ڕووی خۆردا گەشەی دەکرد..

ئەگەر ڕۆژێك خۆی بەبێکاری بینیبا، دەڕۆیشتە سەر شەقامەکان و بەردی سەر ڕێگاکانی لادەبرد.

یانیش بە زەردەخەنەیەکەوە ڕووبەڕووی پیادە و ڕێبواران دەبووەوە، لەگەڵ هەموو ئەوانە دەدوا کە تووشی هەڵە بووبوون، بەتایبەتیش دڵڕەقەکان، بەو هیوایەی دڵەکانیان نەرم بێ، تەنانەت بێ هیواترینی دڵەکانیشی فەرامۆش نەدەکرد، چونکە ئەگەر ئەو جێیهێشتبان، ئەی کێ مۆمی بۆ داگیرساندبان، تەواوی جیهان لە دڵی ئەودا جێگەی دەبووەوە!

# ڕازیبوونێکی تەواو

ئەو هەستی بە ڕازیبوونێکی تەواو دەکرد، وەك بڵێی تێنوێتی لە ژیان شکاوە، هەستی بە تێنوێتی نە دەکرد و ئارەزووی چێژکردنی زیاتری نەبوو، ئەو جیاواز لە گشت هۆگرانی تر ژیانی خۆشدەویست، هەستی بۆ چێژکردن بە شتانێك تەواو گۆڕابوو کە بە خەیاڵی هیچ کەسدا نەدەهات!

هەموو ڕۆژێك شتێکی نوێ فێردەبوو، تا بە زیندوویی بمێنێتەوە، بەردەوام خۆی لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی ژیان دەگونجاند، باوەڕی وابوو کە پیری حاڵەتێکی دەروونی و فیکری و هەستێکی ناوەکییە، زەویش و ئەوەشی کە لە سەر زەویە، وەك خانەیەك وایە لە کۆی ئەو چەندین ملیار خانانەی کە بە جەستەی گەردوون و ئەستێرە و هەسارەکانەوە نووساون.

ئەو گەردوونەی کە سنوورێك بۆ فراوانیەکەی و مێژوویەکی دیار بۆ دروست بوونی نییە!

ئەو بانگەشەی کارلێك بوونی هەموو شتەکانی گەردوونی دەکرد، هەموو چرکەیەك هەوڵی پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم دروستکراوەکانی دەوروبەری دەدا، چونکە پێی وابوو جیابوونەوە لێیان ترس و ململانێ و ئاژاوە دروست دەکات، هەر کات دەستی لە هەر کام لەم درستکراوانە دابایە، وەك ئەوە وابوو کە بەشێك لە ڕۆحی خۆی پێ ببەخشێ!

# ڕێبوارێکی ئاراستە ون

ئەو قەیلەسووفێکی کردەیی بوو، ئارەزووی سەیرکردن و تیۆرکاری نەبوو!

ئەو کاتەی دەیوت: پێویستە بە سادەیی بژین، ئەوا بە کردەوە ئەوەی دەسەلماند...

ئەو کاتەش داوای لە خەڵك دەکرد کە وابەستەی شتی ڕۆیشتوو و ونبوو نەبن، خۆی وایدەکرد...

هەر کاتێکیش بانگەشەی لێبوردەیی و لێخۆشبوونی بکردبا، ئەو دەستپێشخەری دەکرد، تەنانەت لە بەرامبەر ئەوانەش کە خراپەیان لەگەڵدا کردبوو...

بەڵێ، ئەو زۆر دانا و تایبەت بوو، بەر لەوەی هەر شتێك بە دەوروبەری بڵێ، لە سەر خۆی جێبەجێی دەکرد...

هەمیشە لەگەڵ دەوروبەری خۆی دەگونجاند، هاوسەنگی جەستەی دەپاراست.

لە بەر زۆری بێدەنگی و ئارامی کەسایەتیەکەی، لە هەر کوێ ویستبای خەوی لێدەکەوت، هەر کاتێ ویستبای، بێ هیچ نارەحەتیەك دەچووە خەوێکی قوڵەوە،

هەرگیز سەبارەت بە ڕووداوەکان لە خۆی نەدەپرسی' چونکە سرووشتی وابوو، ڕووداوەکانی قبوڵ دەکرد و هەنگاوی بەرەو ئەو کارە دەنا کە پێویست بوو ئەنجامی بدا، هەر کات هەڵەیەکی ئەنجام بدابا، ئامادەبوو کە دان بە هەڵەکەی دابنێ، بێ

ئەوەی هەست بە هیچ جۆرێك لە لاوازی و دڵەڕاوکێ بکات، دەیگوت: هەر یەکێك لە ئێمە جوانییەکی تایبەت بە خۆی هەیە و پێی جیا دەکردێتەوە، بەڵام تەنها دڵە زیڕینەکان دەتوانن ئەو جوانیە تایبەتە بۆ خاوەنەکانیان بدۆزنەوە، هەمیشە ئارەزووی گەشتی ئاڕاستە نادیاری دەکرد، چونکە باوەڕی وابوو کە ئەم نادیارییە زۆر دەرفەتی جوانی ژیانی بە خۆوە هەڵگرتووە..!

# کاتێك خەڵك تووڕە دەبن

بەدێژایی ژیانم نەمدی لە کەس تووڕەبێ، ئەو دەیگوت: بەرزترینی ڕەوشتەکان بریتییە لە ڕەوشتی ئارامیی و زاڵبوون بە سەر دەروون، چونکە ئەو کاتەی لە شتێك تووڕە دەبین، بە دڵنیایی لە ناخی خۆمان تووڕە دەبین، سەرەڕای ئەوەی چەندین مرۆڤ هەن کار لە سەر وروژاندنی تووڕە بوونم دەکەن، بەڵام من هەرگیز تووڕە نابم، تا ئەو کاتەی دێمە ئەو باوەڕەی کە من کەوتومەتە نێو تەنگ و چەڵەمە و بۆ خوڵقاندنی کێشە دروست کراوم!

کێشە لەگەڵ دەروونی خۆم، کە پڕم کردووە لە تووڕەیی! تووڕە بوونێکی بێ هێز و بێ دەسەڵات!

ئەو کاتەی دوو کەس لە یەکتر تووڕە دەبن دەنگیان بەرز دەکەنەوە، چونکە لەو ساتەدا دڵەکانیان لە یەکتری دورر دەکەوێتەوە، بۆیە پێویستیان بە هاوکاری کردن دەبێ، تا یەکێکیان گوێبیستی ئەوەی تر بێ، تا چەند زیاتر لە یەکتری تووڕە بن، زیاتر پێویستیان بە دەنگ بەرزکردنەوە دەبێ، بۆ ئەوەی گوێ بیستی یەکتربن، بەڵام ئەو کاتەی دوو کەس ئەویندارى یەکتر دەبن و یەکتریان خۆشدەوێ، ئەوان هاوار ناکەن، بەڵام بە نەرمونیانی، نزیك لە یەکتریەوە دەدوێن، زۆرجارانیش بۆ ئەوەی زیاتر لە یەکتر نزیك ببنەوە، چپە دەکەن!

لە کۆتاییشدا، واز لە قسەکردن دەهێنن، تەنها سەیری یەکتر دەکەن..!

# چوونە ناو دڵی شەپۆل

هێزی گەنجێکی نوێ دێتە ژیان، بە شێوەیەکی سرووشتی جوولە دەکات، تا هەموو کۆنێک لابدات و نوێیەك بخاتە جێگای، ئاو لە چیاکانەوە بە ئاڕاستەی جۆگەلە وشك و زەلکاوە کۆنەکان شۆڕدەبێتەوە.

لەوێشەوە بەرەو ئەو دەریاچانە دزە دەکات کە لە لێواری وشك بوونن، تا جارێکی تر ژیانیان بۆ بگەڕێنێتەوە!...

تۆش لەو چرکەیەی کە تیایدا لە دایك دەبیت دەچیتە دڵی شەپۆلێکی بەرزەوە، تا شوێنی هەموو شتێکی ڕۆیشتوو و لەناچوو بگرێتەوە، با هەمیشە دوو بژاردەت لە بەردەم دابێ، یان ئەوەتا ئەویندارێکی ڕاستەقینە دەبیت بە ئاڕاستەی ژیانێکی بە هێز، یانیش وەك ئەو پیرەی کە ئارەزووی ژیان لە دڵیدا کوژاوەتەوە داماو و بێ هیوا دوورەپەرێز دەبیت، لە پەراوێزێکی ئەم گەردوونە دەژی، بێ ئەوەی ناو و ناونیشان و جێ پەنجەیەکت هەبێ..

لە کۆتا قۆناغی ژیانت ڕوو لە خۆت دەکەیت و بە خۆت دەڵێی:

ئەی خودایە چیم بە خۆ کرد، تەواوی ژیانم بەفیڕۆ چوو..!

# بەشێك لە شێتی

بەختەوەری، بریتییە لە بڕیاری دڵمان، تاوەکو بەختەوەر بین، هەروەها پابەندبوونە بە شێوازی ژیانێکی بەختەوەر، هەڵوێستێکی ئیجابی و کردەییە بە ئاڕاستەی ڕووداوەکان، کۆششە بەرەو ژیانی بە ئاگابوون و خۆ پاراستنە لە کەوتنە نێو بیرکردنەوەیەکی نەخۆش.!

بۆ ئەوەی مرۆڤ لەم سەردەمەدا بژییێ، پێویستە هەندێك جار وەك شێتەکان بن، قسە لەگەڵ خۆیدا بکات، یاری لەگەڵ دابکات، تا لەو ترسەی تێیکەوتووە ئارامی دەکاتەوە، کامەرانی ڕاستەقینەش، ئەو کاتەیە کە هەست دەکەیت بۆ یەکەمین جار جیهانێکی سیحراوی دەبینی، ئەو کاتەیە کە توند دەست بە چرکەکانەوە دەگری تا لە نێو لەپی دەستت نەیەتە دەرەوە و نەفڕێ، ئەو کاتەیە کە لە ژیاندا دەژیت، بە هەموو شێتیتەوە، بە گشت هەستەکانتەوە، ئەگەر بۆشت دەرکەوت تۆ خاوەنداریتی بەشێك لە شێتی ناکەیت، ئەوا بزانە کە تۆ هەژاریت و خاوەنی هیچ شتێك نیت!

# دوو مرواری لە گوێچکە ماسییەکدا

ئەویندارێکی ناوازە بوو، سەماکارێکی لێهاتووی ژیان بوو، بانگی خۆشەویستەکەی دەکرد، دەیوت: وەك کەسە ئازادەکان بە یەکەوە دەژین، هەرگیز وەك کۆیلەکان ناژین تا لە یەکتری بترسین!

وەك بازرگانەکان ناژین، نەبادا یەکتری لە دەست بدەین، بە ویست و ئیرادەی بەهێزەوە دەژین، لەبەر ئەوەنا کە هاوسەرین، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئێمە وەك دوو خۆشەویست ئازادین.

پێکەوە لە گوێچکە ماسییەکی گەورەدا دەژین، بەڵام دوو مرواری لە گوێچکە ماسییەکدا، جیهانت پڕ دەکەم لە موحیبەت، هەموو ڕۆژێکیش بە سۆز و میهرەبانی و ڕاستگۆییەوە لە باوەشت دەگرم، دڵنیابە لەوەی دڵێکی وەك دڵی من بەسۆز نادۆزیتەوە، بەڵام ئەگەر قەدەر ویستی بە ئاراستەیەکی تردا ڕێ بکەم، تۆش وەك چۆلەکەیەکی ئازاد لە شەقەی باڵ بدە، هێزت بخە گەڕ، پشت بەخۆت ببەستە، تواناو ئومێدت لەسەر هێز و لێهاتوویی هیچ کەسێک و شتێکی تر هەڵمەچنە، سەربەرزانە بە ڕێگادا بڕۆ، بۆ ئەوەی زەوی شەرم لە تەپەی پێیەکانت بکات!

ئەندازەی خۆشەویستیت بۆمن هەرچەندێك قوڵ بوو، هەرگیز خۆت وابەستەی من مەکە، تەنها و تەنها وابەستەی خۆتبە.!

# خۆشم دەوێی وەك خۆت

بیر لـه خۆشەویستی مەکـەرەوە، تـەنها لـه نێویـدا ڕۆبچـوو، چونکه هەر کاتێك بیر له خۆشەویستی بکەیتەوە، چەندین مەرج و سنوور دزه دەکەنـه نێـو خـەیاڵت، گورگـەکان ئامادە دەبن، ئەوسا خۆشەویستی لـه ڕۆحانیـەوه دەبێتـه مرۆیـی، بـەڵام من ئەویندارەکەی خـۆم، وەك خـۆی خۆشـدەوێ، ئەو چـۆن بێـت، ئەوەها خۆشم دەوێ!

چەشن و جۆری گرنگ نیه، بێ ناونیشان بێت یان له دارێك بەربووبێتـەوە، خۆشـمدەوێ، ئەگـەرچی لـه نێـو مرۆڤەکانیشـدا ناسرابێ، یان به نامۆیی له دایك بووبێت، خۆشمدەوێ ئەگەرچی لـه مـاڵی جووتیـارێکی نـەدار گـەوره بـووبێ، یـانیش لـه مـاڵی ئەمیرێکی زەنگین، درێژێکی سور، یان ڕەشێکی تاریک، ئەگەر به دوای هەزار هۆکاردا بگـەڕێم، ئەگـەر حـەفتا سـاڵ سـەرقاڵی بیرکردنەوه بـم، بـۆ خۆشەویسـتی، هـیچ هۆکارێـك نادۆزمـەوە، خۆشم دەوێ، چ له دۆڵێکی مەککەی پیرۆزدا له دایك بـووبێ، یان له تەپۆلکەیەکی چین، یەکسـانن، خۆشـم دەوێ بـه عـاقڵی، ئەگەر شێتیش بێ، غەمباربێ یان پێبکەنێ، ڕازی بێ یـان وەڕس و بێزار، خۆشەویستەکەم، خۆشم دەوێ بەو چەشنەی که هەیە.

خۆشم دەوێ... من له چاوی خۆشەویستیدا زیندووم.

# دوو تۆپەڵە بەفر

دوو تۆپەڵە بەفر لە لوتکەی چیایەکی بەرز گلۆربوونەوە، لـە کـاتی گلۆربوونەوەیانـدا لـەڕێگا وردە بـەردیان پێـوە دەنووسا، تۆپەڵەی یەکەمیان تاو نا تاوێ دەوەستا، تـا ئەو وردە بەردانە لە جەستەی بکاتەوە، بەڵام تۆپەڵەی دووەم بـە ئاڕاستەی ئامانجەکەی دەڕۆیشت و گوێی بەو وردە بەردانە نەدەدا، کاتێك گەیشـتنە قـەد پـاڵی چیاکـە، تۆپەڵـەی یەکـەم بـە هۆکـاری سەرقاڵبوونی بە شتی بچووکەوە، دواکەوت و ڕێگای ون کـرد، بـەڵام تۆپەڵـەی دووەم، بێ وەسـتان تێکۆشـا و نەوەسـتا، بۆیـە قەبارەی زۆر گەروە بووبوو..!

# گەڕان بە دوای دانایی

لە هەر کوێ با، شوێن پەنجەی مرۆڤایەتی و هەستە ناسکەکانی لە سەر دەروونی خەڵکیدا جێ دەهێشت، چونکە هەر خزمەتگوزارییەکی پێشکەش کردبان ئەوان لە یادیان دەکرد، بەڵام هەرگیز ئەوانەیان لە یاد نەدەکرد کە هەستیان پێ دەکرد، ئەوان، ئەو کارە جوان و چاکانەی کە بە شێوازێکی کەسێتی ئەنجام دەدرێن لە یاد ناکەن، ئەو کاتەی ئەو لە نێوانیاندایە هەست بە گەشەسەندن و، شانازی بە خودیان دەکەن،

دەروونی خۆی بە جدی نەدەگرت، بەڵکو زۆربەی کات لە هەر کوێبا بە دوای گاڵتە و گەپەوە بوو، هەمیشە دەیوت: مرۆڤی دەم بەخەندە مرۆڤێکی جدی و کارایە، زۆر سوربوو لە گەڕانی بە دوای جوانیدا، تەنانەت لە ڕووداوەکانیشدا، لە هەموو دروستکراوێکی خوادا، ئەمە گەڕانێکی ڕۆژانەی ئەو بوو، بەبێ پچڕان، دەیگوت: پەند و دانایییەك دڵم ڕووناك بکاتەوە، باشترە لە حەوت کتێب لەلام، کە لە بارەی داناییەوە بێت، لە نێوەندی دڵمدا دەیپارێزم!...

# چاوی سیحری

چاوێکی سیحری هەبوو، بە جۆرێك سەیری شتەکانی دەوروبەری دەکرد، وەك بڵێی پێشتر نەیبینیون، پارێزگاری لەو کۆگایە شاراوەیەی ناخی دەکرد کە پڕ بوو لە پێکەنین،

تا لە کاتەکانی نائومێدیدا لە ناخی دڵەوە دەریانبڕێ، بۆ ئەوەی ژیانی ئازاد بکات، وەك کاپتنێکی لێزان، هەر کات گێژەڵوکە و شەپۆڵەکانی دەریا بە ئاڕاستەی ئازارە شاراوەکانی ڕابردوو هەڵبکەن، ئەوا ئەو بە ئارامی و بە هێزەوە دەچێتە کەناری چرکە ساتەکانی ئێستا، لە گەورەترین یارییەکانی ژیانی، یاری کردن بوو لەگەڵ دەروونی خۆی.

هەموو بەرەبەیانێك سوربوون و بەردەوامی خۆی دووپات دەکردەوە و دەرگاکانی دەکردەوە و بە ئاڕاستەی ژیان ڕێی دەکرد، بەردەوام هانی دەروونی خۆی دەدا، تا گەشە بکات و بژیت، وەك منداڵێك کە گاگۆلە لە نێوان دەستەکانیدا دەکات، غەمی یەکەمی ئەوە بوو چۆن بتوانێ گفتوگۆ لەگەڵ خۆیدا بکات، بەر لە هەر گفتوگۆیەك لەگەڵ دەوروبەری..!

# گەشتێکی پیرۆز

ڕۆیشتنم بە نێو ڕێگاکان و کوچە و کۆڵانە کۆنەکان، ڕامان لە سەیر و سەمەرەکانی زەوی بریتییە لە گەشتێکی پیرۆزی ڕۆژانەم، ئەوە گەشتی من بوو بەرەو ونبوون، لە نێوان کاولبووەکان و شارە نۆژەنکراوەکان، لە میانیدا بۆنی شوێنەکان دەکەم، لە هەر چرکەیەکدا بە تامەزرۆییەوە گۆڕانی ڕەنگ و شێوەکان، مرۆڤ و دار دەبینم، هەر دیمەنێك لەو دیمەنانە پڕە لە نهێنی و هەواڵی تازە!

خەون بەوە دەبینم کە من لە نێو ئەو ڕێگا و کوچە و کۆڵانانەدا، بە ڕۆچوویی لە نێو ڕامانی ئایات و نیشانەکانی خودای باڵادەست و سەیریی دروستکراوەکانیدا دەمرم!

هەر هەنگاوێك بۆ پێشەوە بریتییە لە ماڵئاوایی کردن لە زەوی، وەك بڵێی گەشتێکە بە نێو هەسارەکانی بۆشاییدا، بریتییە لە ماڵئاواییەکی هەتا هەتایی لە کۆن و ناسراوێك بەرەو نوێییەکی نادیار، گەشتیاری باش، تەنها چەند نەخشەڕێگایەکی دیاریکراوی نییە، لافوگەزافی گەیشتنیش لێ نادات... لاوتسوو

# ڕۆژێك چاوم بە مرۆڤێك كەوت

قەدەری گوڵ وایە كە بپشكوێ، بۆنەكەی بە دەوروبەریدا پەخش بكات، ئەگەر وا نەكات ئەوا هەست بە بوونی ناكات.

كەسێ لە سەر بەخشین ڕابێ ناتوانێ بوەستێ.

دڵە گەورەكان وەك دارە بەرز و ڕەگ داكوتیوەكان وان،

ئەگەرچی كەسانێكی خراپ بەردی تێ دەگرن، بەڵام ئەو گوێ بەوە نادات و بەردەوامە لە بەرهەم بەخشین، لە ژێر سێبەریشیدا مرۆڤی گەورە پشوو دەدات!

تۆ نابەخشی، چونكە ئارەزووی نەبەخشینت هەیە و زاڵە،

بە پێچەوانەوە ئەگەر لە بەخشین بوەستی، ڕەنگە بمری،

وەك ئەو كانیەی سەرچاوەكەی بە بەردێك داخراوە!

ڕۆژێكیان لە ڕێگای ڕۆیشتنمدا مرۆڤێكم بینی..

جوانترین شت كە تیایدا بوو، وەك شارێكی گەورەی بەخشندەیی وابوو، ئامادەبوو هەموو تاوانەكانی براكەی هەڵبگرێ، تەنها بۆ ئەوەی پاك بێتەوە!

بەڕووتدا هاوار ناكات، ڕەتت ناكاتەوە، وەك باوەشی دایك دڵی خۆیت بۆ دەكاتەوە، سكاڵای غەمەكانی دڵتی لا دەكەیت، دواتر و لە چركەیەكدا، لە بەر سینەپاكی زۆری... دەبینی دڵ و دەروونت لە میحرابی ئەودا پاك بۆتەوە!

# پەیامێك بۆ دراوسێکەم

دراوسێکەم! ئەی ئەو کەسەی لە تەنیشمەوە نیشتەجێی، داوای دەرفەتت لێ ناکەم!

جگە لە سڵاوێك هیچی ترم لە تۆ ناوێ، لە ڕووخساریشتدا واتای سڵاوەکە بەدی بکەم، با بێژەکانت بەردەوام بن کاتێك دێمە بەرامبەرت، ئەو دەمەی تووڕە دەبی، ئەوا جەنگێکی دەروونی لەگەڵ دەروونت ئەنجام دەدەیت، ئەو کاتەی تووڕە دەبی، بیربکەرەوە، چۆن دەتوانی دەروونت لە ژێر چنگی خۆت ڕزگار بکەیت؟

ڕێگەیەکی زێڕین هەیە، دوورت دەخاتەوە لە غەم و بێ هیوابوونت لە خەڵکی، ئەویش ئەوەیە کە تۆ وا هەست بکەیت لە خەونێکدا دەژیت، نەك لە جیهانێکی ڕاستەقینە، هەر کەسێکیش کە دەیبینی، کەسانی وەهمین، وەك ئەوە وایە لە خەوندا بیانبینی، ئەوسا هەست بەوە دەکەیت کە ژیان زۆر لەوە سادەترە کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە، غەم لە ناختدا دەڕەوێتەوە و لە وەرزێکی ئاشتیانەدا دەژیت، کێشە نییە، ئەگەر خواردنێکی زۆر ئاسایی و سادە بخۆیت، یان باڵتۆکەت لە ڕێگادا ون کرد، یان جانتاکەت لە ماڵەوە لە بیرکرد، یان ڕێگایەکی هەڵەت بۆ شوێنی کارەکەت گرتەبەر، کێشە نییە، ئەگەر لە حیساب و هەژمارکردن هەڵە بکەیت، ئەگەر ڕووخسار و جوانیەکەت چرچ و ژاکاو بێت، یان ئەگەر ژیان وەك خۆی ڕێی نەکرد،

هاوسەرگیریەکەت لەگەڵ ئەو کەسەی خۆشتدەوێ سەرکەوتوو نەبوو...

بەڵکو کێشە ئەوەیە کە دیلی دەستی خەونەکانت بیت، باوەڕ بە واقیع نەکەیت، ژیانی ئاسایی ڕۆژانەت لا قبووڵ نەبێ، ژیان وەك خۆی وەربگرە، خۆشگوزەرانی لێ هەڵێنجە، لەگەڵ ئاشەکانی هەوادا مەجەنگێ!

# تەمەن کورتە... بە ڕقلێبوونەوە بەفیڕۆی مەدە

کینەی خۆت بە کەس مەبەخشە، چونکە کینە گەورەترین دیارییە بۆ دوژمنەکەت، جوولەکانی ڕقلێبوونەوە خێران، زۆر زوو بڵاو دەبێتەوە، بۆ ڕێگای نادەیت لەنێو ڕازەکانتدا بخولێتەوە، تیری ڕق لێبوونەوە پێش ئەوەی بە ئامانجەکانی بگات، ڕۆحت دەپێکێ!

تەمەنیش کورتە، زۆرن ئەوانەی تا کۆتایی شیاوی خۆشەویستیتن، کەسانێك هەن، کاتێك دەچنە تەمەنەوە و گەورە دەبن، لە بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی لە وجوددا هەن، هاوتا دڵ و دەروونیشیان گەورە و فراوان دەبێ، کەسانێك هەن، لەگەڵ گەورە بوونیان دانایی و ژیریشیان گەورە دەبێ، ئەوسا تەواوی جیهان لە دڵیاندا کۆ دەبێتەوە، تا دەگەنە ئەو ئاستەی کە هەژار و دەوڵەمەند لای ئەوان یەکسان دەبن، ئەمیر و پاسەوان... هیچ کامیان لەوەی تر جیا ناکرێنەوە، بۆ ئەوەی گەشتی ژیان بە کامەرانییەوە بەردەوام بێ، بەجۆرێك تیایدا بژی، وەك ئەوەی تۆ بە ناو دارستانێکی شێوە جادوویی و پڕ بێت لە موعجیزەی دڵخۆشکەر و ئەشکەوتە تاریکەکاندا ڕەت ببی، بە سێ چراوە، کە بە دڵتەوە هەڵواسراون، ئەوانیش کارەکانت و سوپاسگوزاری و کامەرانیین.

بۆیە ڕۆژەکەت بە کار بە سەر ببە، هەرچی تیایدا ڕووبەڕووت دەبێتەوە بە سوپاسگوزاریەوە پێی ڕازیبە، تا ئەو ئەندازەیەی دەلوێ کامەران بە.

# ناوی یەقزانە!

فێڵباز نەبوو، جلی کەسیشی نە دەپۆشی، بەبێ هیچ ماسك و خۆنواندنێك دەژیا، هەرگیز ڕواڵەتی خۆی بە شتێك نیشان نەدەدا کە لە خۆیدا بوونی نەبا، لەبەر ئەوەش کە هەموو شتێك لە ژیانی ئەودا ڕوون و ئاشکرا بوو، دوور لە هەموو شپرزەیی و ماندووبوونێك دەژیا، سەرەڕای ئەوەی ئەو پیاوێکی هەژار بوو، ڕۆژانە هەوڵی تێرکردنی گەدە برسییەکەی دەدا، ئەو هەرچی لە توانای هەبوایە دەیبەخشی بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی، نەیدەویست بێ جێهێشتنی شوێنەوارێکی باش ئەم جیهانە جێبهێڵێت، بە ئارامگرییەوە فێربوو، لە سەر ڕۆچوون لە دیمەنە شاراوەکانی ناخی ڕاهاتبوو، هەمیشە دەروونی بە ئارامگرتن و تێکۆشان و نەوەستان نۆژەن دەکرد، کەرستەی زۆر پتەوی بۆ دروستکردنی قەڵای ناخی ئامادە دەکرد، هەر کاتێك یاخیبونێك ڕووی تێ کردبا، هەڵدەستایەوە و دەروونی خۆی ئاگادار دەکردەوە، زۆر بە قووڵی تیایدا ڕۆ دەچوو، بە دوای باشترین چارەسەردا دەگەڕا، تا ئەو قەیرانەی پێ چارەسەر بکا کە تێی کەوتووە، زۆر بە جۆش و خرۆش و تەرکیزەوە کاری لە سەر دەکرد، هەر کات قاچی بۆ یەکەم هەنگاو هەڵبهێنابا، وەك ئەوە وابوو کە قەیرانەکە بخاتە دواوەی خۆی، ناوی یەقزان بوو، لەم چرکەیەدا دەژیا کە تیایدابوو، ڕابردوو لای ئەو ئەشکەوتێکی تاریك بوو، بۆ نیشتەجێبوونی مرۆڤ شیاو نەبوو، وەك پاسەوانێکی بە ئاگا، هەمیشە چاودێری عەقلی دەکرد و ڕێگەی نەدەدا دووچاری لادان بێت!

# بیرکردنەوەی خراپ و حەمباڵی

هەموو ژیانی لە بێ ئومێدی و بیرکردنەوە لەو ڕۆژانەی کە تیایدا ئازاری چەشتوە بەسەر دەبرد، تەواو لە بیرکردنەوەیان ڕۆدەچوو، کۆمەڵێك غەم و خەفەتی خستبووە سەر پشتی.

ماوەیەکی زۆر بەم شێوەیە مایەوە، بێ ئەوەی ڕۆژێك بە سەریدا تێپەڕی کە هەرگیز لە یادی ناکات، وانەیەکی زۆر گەورەی تیادا فێربوو! لە سەفەرێکی دوور بوو، لە بیابانێکی گەرم، زانی کە ئەو شمەکەی لە کۆڵیەتی زۆر قورسە، تەواو هیلاك و ماندووی دەکات و جووڵەی قاچەکانی لاواز کردووە، بۆیە سەیری شمەکەکانی کرد و ئەوانەی کە زۆر گرنگ نەبوون دەریهێنان، تەنها ئەوانەی هێشتەوە کە زۆر گرنگن و لە درێژەی سەفەرەکەیدا پێویستی پێدەبن، بەمەش کۆڵی شانی سووك بوو، تا زیاتر دەڕۆیشت باری خۆی سووکتر دەکرد، تەنانەت دواتر جلەکانیشی کەم کردەوە، بەمەش خێراتر لە جاران ڕێی دەکرد، تا بە سەلامەتی و بە ماوەیەکی کەم گەیشتە شوێنی مەبەست.

کێشەکە ئەوەیە: چۆن لەگەڵ خۆمان بدوێین، چۆن یارییەك بدۆزینەوە تا لەگەڵ بیرکردنەوە و هەستەکانماندا ئەنجامی بدەین؟

چونکە زۆرێك لە کێشەکان تەنها بەوە چارەسەر دەبن ئەگەربێتوو بە سادەیی وەریانبگرین و بە بچووکیان بزانین.

لە بەر ئەوەش کە ئێمە زۆر لە ناخی خۆماندا بیر دەکەینەوە، ئەو دەرفەتە لە دەست دەدەین تا بە سرووشتی خۆمان بژین.

ئەگەر لە ئاهەنگێکی هاوسەرگیری بین، بیر لەوە دەکەینەوە چۆن لای ئەوانی تر دەردەکەوین، بەمەش چێژی ئامادەبوونمان لەو ئامادەبوونە لە دەست دەدەین.

گوڵ بیر لە خۆی ناکاتەوە، پێدەکەنێ و باوەش لە تیشکی خۆر دەدات، بۆنەکەی بڵاو دەکاتەوە، ئەو بە تەنها دەژی!

بەختەوەریش حاڵەتێکی هەستییە، لە عەقڵەکانماندا وەك دەنکۆڵەیەك دایدەچێنین.

بە خەیاڵ و ئەندێشە ئاوپرژێنی دەکەین، بە خەونەکان پاڵپشتی دەکەین، دواتر وەك واقیع لەگەڵیدا دەژین.

# جووڵەی بەردەوام، نهێنی ژیانە

هاوڕێکەم دەیگوت:

ئێستا نهێنی ژیانی خۆم زانی... ژیان بریتییە لە گواستنەوەیەکی بەردەوام.

گیرۆدەی سوچێك مەبە، دامەنیشە، لە شوێنی خۆت جێگیر مەبە، ئەوە بریتییە لە مردن و تیاچوونی تۆ!

شوێنی دواتر، بریتییە لە شوێنی ڕاستەقینەی تۆ، شوێن واتە ئێستا، ئەم چرکەیەی کە تێیدای، بەڵام دەروونی خۆت بەرەو هیچ کوێیەك مەبە!

ئەگەر یەکێك دوام بکەوێت و سێرەی چەکەکەی بەرامبەرم ڕابگرێ، تاکە هۆکارێك کە من بۆ بەردەوام بوون لە ژیان بیگرمەبەر جووڵەیە، دواتر گۆڕینی شوێنەکەم و بەرەو پێشەوە چوون و جێهێشتنی ئەو شوێنەیە، بەر لەوەی بپێکرێم.

جوڵەیەکی نەرمونیان، گۆڕینی شوێنەکەم و چوونم بۆ شوێنێکی تر، هۆکارە بۆ گۆڕانکاری بەردەوام...

ئەوانە چەکی دەستی منن بۆ مانەوە و تیا نەچوون!

ئەو کاتەی گەشتەکەت بۆ گەیشتن بە گەنجینەیەك دەست پێ دەکات، لە کاتی ڕێکردندا خۆت لە لێواری چیایەکدا بینیەوە و گەنجینەکەش لە بەردەمت دایە، بۆ دواوە مەگەڕێوە، لە شوێنی خۆشت جێگیر مەبە و مەوەستە!

بازبدە... هەوڵبدە تەنها بازبدەی بۆ سەرکەوتن!

# دەمەوێ بژیم

وەك منداڵان لە خەو بە ئاگا دێم، چالاك و لێوانلێو لە زیندوویتی، لە هەموو شوێنێ گەڕۆکێکم، بە دوای شادومانیدا وێڵم، وەك ئەوەی ژیانی لە پێناو شادی و کامەرانی دەستی پێ کردبێت!

هەموو شوێنێکی ئەم زەویە، بە باشترینی شوێنەکانی خۆمی دەزانم، سروودە بەرزەکان لای من بێ هەژمارن و لەبن نەهاتوون، چونکە بۆشایی ئاسمان لە نێو دڵمدا شاردراوەتەوە، هەموو جیهان لە نێوان دەستەکانی مندا مەلەوانی دەکات، ئەو شتانەی من خۆشم دەوێن هیچ سنوورێکیان نییە.

بەیانیم بە سەرسامی بۆ هەموو ئەو شتانەی لە گەردووندا دێن و دەچن دەست پێ دەکەم، بەو ڕێژە زۆرەی جوانی کە دەوری منی داوە سەرسام و شۆکم، یەقینم لەوەی زێدە گۆیی نییە کە پەڕەی بەرەبەیانی زێرین شەوق و تیشکەکانی لە توێژی دڵی من وەردەگرێ.

کامەرانیش لە دەمارەکانم دروست دەبێ!

بە ئازادی دەژیم، وەك ئەو تاڤگەی لە چیایێکی گەورەوە هەڵدەقوولێ، بە ئاراستەی دۆڵەکان شۆڕ دەبێتەوە، یاری لەگەڵ ژیانم دەکەم، وەک ئەو جادووگەرەی لێهاتووانە یاری بە تۆپێك دەکات.

لەگەڵ هەموو ئەو بەشە شاراوانەی ناخم چاکسازی دەکەم، کە سازان لەگەڵیاندا ئەستەمە، تا سەر مشتومڕ ناکەم، بەڵکو

دەمەوێت بە ئاشکراکردنی ڕاستی بگەم، هێزم بۆ سەرکەوتن بەگەڕ ناخەم، چونکە هێز بەرپرسیاریەتیەکی ئەخلاقییە.

ئەو کاتەی دەکەومە نێو دوو بژاردە، لە سەر حەق بم یان نەرمونیانی، ئەوا تاجە ساختەکە فڕێدەدەم و بڕیاردەدەم نەرمونیانی بنوێنم..!

لەگەڵ هەموو خۆشەویستییەك کە لە نێوان دروستکراوەکانی پەروەردگاردا بوونی هەیە هەستیار دەبم، وەك ئەوەی من لە نێو دڵی هەموو خاوەن گیانێکدا بژیم، بەڵام خۆشەویستی بە دەروونم دەبەخشم، هیچ کەس بەو جۆرە پێمنابەخشێ، وەك ئەوەی من دەیبەخشم، مانەوەی ڕۆحم لە ژیان، وابەستەیە بە گرنگیدانم بە خۆم!

هیچ داواکارییەکم نییە لە ژیان.. لەسەر سوپاسگوزاری و منەتباریی دەژیم.. بەپەرۆشەوە بەخێرهاتنی ئەمڕۆم دەکەم، چونکە من تا ئێستاش وا دەژیم.

بەڵێنی خۆڕاگری دەدەم لە پێناو مانەوەم بە زیندوویێتی،

هەموو ئەو تۆپانەی لە دەستمن ئاڕاستەی ڕووی ژیانیان دەکەم!

هەموو بەربەستەکان دەکەم بە پردێك بۆ ڕێگایەکی نوێ و گەیشتن بە بەرەبەیانییەکی تر!

هەر کات پێویست بکات دەچمە نێو جیهانە سیحرییەکەی ناخم، تا چێژ لە چرکەکانی ئاشتی و شادومانی وەربگرم..!

# بانگێك بۆ زیندووان

بە ئازادی بژین، پشت بە کەس مەبەستن، خۆشبەختی خۆتان بە کەسەوە گرێ مەدەن، پشت بە هیچ مەبەستن، خۆشبەختیتان بە هیچەوە گرێ مەدەن، ئەگەر بەو جۆرە بژین..

هەست بە تەنیایی ناکەن، ئەگەرچی وەك ئاوارە و سەرگەردانێکیش بژین، هەست بە خەفەت و دڵتەنگی ناکەن، با هەموو خەڵکیش بیرکردنەوەکانت بە دزێو بزانن!

خۆشەویستەکانتان مەکەن بە کۆیلە، چونکە هەرگیز بەو جۆرە چێژ لە هاوڕێیەتیان وەرناگرن، ئازادیان بکەن، با بێ کۆت بن، ئەگەر ئەوەتان ئەنجامدا، ئەوا تا ئەبەد وەك دیلی ئێوە دەمێننەوە!

هەرگیز پێش پاکردنەوەی دڵەکانتان لە ژەنگ و ژار و وابەستەکانیان مەچن بۆ نوێژ، ئەگەر ئەوەتان ئەنجامدا، نوێژەکان گیرا دەبن... پێش ئەوەی دەست پێ بکەن!

بە تەواوی هێزی ڕۆحیتانەوە بڕۆن بۆ ئەنجامدانی کارەکانتان، بە ڕووی فەرمانەکانی پەروەردگار پێبکەنن، دڵەکانتان بۆ خەڵکی والا بکەن، ئەگەر ئەوەتان ئەنجامدا، ئەوسا سەیری بەخششەکانی پەروەردگار بکە چۆن بە سەرتدا دادەبارن!

ئەگەر بۆ کارێکی نوێ چوون، بە تامەزرۆیی و لێوردبوونەوە، هاوکات بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستیەوە ئەنجامی بدەن، لە شتە ون و نادیارەکان مەترسن، لە دۆڵ و دەشتەکانیش

ڕێ بکەن و بپەڕنەوە، چونکە هەر کات ئێوە دەست دەکەن بە ڕۆیشتن، ترس خەیاڵتان جێدەهێڵێ، ئارامی و هێمنی دادەبەزێتە سەر دڵەکتان!

گوێ بە بەشێك لەو پیاوانە مەدەن کە خودا لە دڵەکانتان دەردەهێنن، ترس لە دەروونتان دادەگیرسێنن، هەرگیز ملکەچیان مەبن، بە تەنیا بەرەو خالقی ئاسمان لە شەقەی باڵ بدەن!

تەنانەت ئەگەر ژیانیش پڕ بێ لە نەخۆشی و ئافات، لە کوچە و کۆڵانەکان بە دوای دیمەنە جوانەکاندا بگەڕێن، بە دوای چرکەکانی کامەرانیدا بگەڕێن، لە هەموو ڕێگایەك، لە هەر شوێنێک بە دوایدا بگەڕێن.

لە ناخەوە زیندوو بن، لە دەستپێکی ڕۆژێکدا تامەزرۆی دۆزینەوەی جوانی بن تا کۆتایی!

شکست قبووڵ بکەن، دواتر سەر لە نوێ دەست پێ بکەنەوە، لەگەڵ خەڵك و ڕووداوەکان نەرمونیان بن، دەرفەتە شاراوەکانی نێو دڵی قەیرانەکان بقۆزنەوە، هەمیشە خۆتانی بۆ ئامادە بکەن، دەرفەتەکان ئەو کەسانەیان خۆشدەوێ کە خاوەن دڵێکی بوێر و ڕۆحێکی زیندوون، هەر کاتێکیش گۆڕانکاری لە دەرگاکانیدا، ئەوا بزانە ساتە پیرۆزەکەش گەیشت، تەمبەڵی و تەوەزەلی بە سەرتاندا زاڵ نەبێ، جلە کۆنەکان دابکەنن و ڕێ بکەن، بە ئیجابیانە و بە خەندەوە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژیاندا بژین!

ترس لە ژیانتان دوور بخەنەوە، پێشبینی خراپترین بکەن، بەڵام گەشبینانە ڕەفتار بکەن، بە بوێرییەوە بڕۆنە ناو

سەرکەشییەکانی ژیان، بە هەمان بوێریش خۆتان بۆ مردن ئامادە بکەن!

هەر ڕووداوێک بەرەوڕووتان هات قبوولی بکەن، ڕێگا بە هیچ شتێك مەدەن توڕەییتان بوروژێنێ، لەگەڵ هەموو مرۆڤێك بە بەزەیی بن، با هەست بە گرنگیدانەکانتان بکەن، وا لە خەڵکی بکەن کە بە هەبوونی ئێوە هەست بکەن لە باشترین دۆخدان.

پاشەکشە مەکەن لە ژیان، لەگەڵ ئەودا بەردەوامی بە سەماکەتان بدەن، خۆتان لە وابەستەیی و شتی زیاد دابماڵن، هیچ بایەخێك بە پێگە و پۆست مەدەن، دەستبەرداری هەموو ماسك و ناسنامە ساختەکان بن، گوێ بە سووکایەتیە بچووکەکان مەدەن، ئەوانە دەبێ هەبن بۆ خۆ دوورگرتن لە هەر سووکایەتییەکی گەورە.

بە خۆشەویستییەوە لەگەڵ هەموو دروستکراوەکان بەردەوام بن، دڵەکانتان بە هەستی ڕق لێبوونەوە و توندی مەکوژن، بە لەبەرچاو گرتنی خاڵە لاوازەکانی کەسێک، ڕەفتارەکان هەڵمەسەنگێنە و چاودێریان مەکەن، بەڵکو بە سۆز و بەزەیی بن لەگەڵیان.

بەو شێوەیە بن کە هەن، بەو جۆرە بن کە لە سەری دەژین و پەروەردە کراون، دڵەکانتان بە ڕەزامەندی پڕ بکەن، بۆ ڕەخسانی هەر دەرفەتێکیش ئاهەنگ بگێڕن.

# چەند وشەیەك دەربارەی تێڕامان

تێڕامان بریتییە لەوەی تۆ چێژ وەربگری و دڵخۆشبیت بە بوونت، بە سادەیی بژیت لەبەر ئەوەی تۆ هەیت و لەم جیهانەدا دەژی، بریتییە لەوەی چێژ لە خەڵوەت و خودی خۆت وەربگریت، ئاهەنگ لەگەڵ خۆتدا بگێڕیت.

بریتییە لە هەستکردن و سوپاسگوزاری لەسەر ئەو بەخششانەی پێتدراوە، هەست بە بەختەوەری و موعجیرە بکەیت، تەنها لە بەر ئەوەی هەیت، ئەوسا ڕێژنەی موحیبەت و سۆز بە سەرتدا دادەباری.

تێڕامان بریتییە لە وازهێنان لە لادانەکانی عەقڵ و حساباتەکانی، ڕابردوو و پڕوپووچیەکان، داهاتوو و خەیاڵ و داڵغە و ئەندێشەکانی، بەڵێ، بریتییە لە ژیانی ئەو چرکەیەی کە تیایدایت.

تێڕامان بریتییە لە دەستپێکردنی بەیانیەکی نوێ، ژەنینە بە پەڕەکانی خۆر.

تێڕامان هەستکردنە بە ئازادی و وابەستەنەبوونە بە هیچ شتێك: خەڵك، سەروەت و سامان، پارە، ترس، ڕابردوو. لە هەمان کاتدا بریتییە لە هەستکردن بە خۆشەویستی خەڵك و سۆز نواندن لەگەڵیاندا. بریتییە لە ڕازی بوون بەوەی کە دەژیت و هەناسە دەدەیت، پڕبیت لەگەڵ خۆت، هەست بە تەنیایی و لە دەستدانی هیچ شتێکی ئەم جیهانە نەکەیت. بریتییە لە هەستکردنت بە

گرنگیت و سوودت بۆ ڕاکێشانی خەڵکی بەرەو ئاڕاستەیەکی ئیجابی، بریتییە لە هەستکردن بەوەی کە تۆ بازنەیەکی تەواویت، بەڵام لە هەمان کاتدا داخراو و دوورەپەرێز نیت، بەڵکو هەماهەنگ و گونجاوی لەگەڵ خەڵکیدا؛ هەستکردنێکی بەردەوامە بەوەی کە تۆ بەشێکی لە تەواوی گەردون، وازهێنانە لە پڕکردنەوەی کاتەکانت بە شتی بێ هوودە.

تێڕامان بریتییە لە بە ئاگاهاتن، چاو داخستن و ڕۆچوونە لە خود، دواتر کردنەوەی پێڵوی چاوەکانتە بە تەواوی سنوری کرانەوەیان، هەستکردن بەوەی کە تۆش بەشێکی لە سەماکارێک لەم گەردوونە، بەڵام بەبێ دیلی و وابەستەبوون، بەڵکو وەك باڵندەیەکی ئازاد.

تێڕامان هەستکردنە بە ئاهەنگێڕانێکی بەردەوام لە هەموو چرکەیەکدا، ژیان لە ڤستیڤاڵی بەردەوامدا، هەر تێڕامانێکیش خۆشەویستی و ڕەحمەت و سۆز و بەزەیی بەرهەم نەهێنێ تێڕامان نیە، بەڵکو بریتییە لە گیرۆدەیی و خەمۆکی.

تێڕامان بریتییە لە ئارەزووکردن بە زەردەخەنە بەبێ هیچ بیانوێك، توانەوەیە لە دڵخۆشی و خۆشگوزەرانی، چونکە تۆ ئەوەیەت کە لەم چرکەیەدایت، دڵخۆشبوونە بە بەبێ هیچ هۆکارێك. بریتییە لەو دڵنیاییەی کە مرۆڤ لە خۆشبەختیەوە دروست کراوە، چەشنی گوڵ و کانیاو. بریتییە لە پیرۆزکردنی ئازادی و بڕیار نەدانە لە سەر خود و دەروون، دوورکەوتنەوەیە لە زاڵبوون بە سەر ئەوانی تردا، چونکە زاڵبوون زادەی هەڵچوون و کەم و کورتیە، نیشتیمانی هەتا هەتایی هەر تاکێك،بەردەوامی

دانە بە کانیاوی کامەرانی و ئاسوودە کردنی نەفس.

تێرامـان بریتییـە لـە هەسـتکردن بـە هـەڵقوڵین، زینـدویتی، ئارەزووکردنی فڕین و لـە شـەقەی باڵـدان، دەربڕینـی هەسـتی خۆشەویستی بۆ هەموو ئەو شتانەی لـە گەردوونـدان. بریتییە لە دەسـتبەردار بـوون لـە ماسـکە سـاختەکان و سـەماکردنە لەگەڵ ژیان.

تێڕامان بریتییـە لـە سـەرچاوەی خۆشەویسـتی و دروسـتبوونی خۆشەویستی، ئەو چەنـد خولەکـەی لـە تێڕامـانێکی تەندروستدا بەسەری دەبەیت، خۆشەویستیەکی ناسك بەرهەم دەهێنێ و دڵی ماندووت ڕۆشن دەکاتەوە.

ئامادەکردن و کردنە PDF

ڕۆژگار کەرکوکی

# پڕبوون بە خۆشەویستی

وزەیەکی زۆری لە خۆشەویستی هەبوو، دڵی پڕ کردبوو، دونیا بەلای ئەوەوە گەشتێکی خۆشەویستی بوو، وەك چۆن ئاو سەرچاوەی زیندوو هێشتنەوەی جەستەیە، ئاواش خۆشەویستی بۆ ڕۆحی پێویستیەکی گرنگە بۆ زیندوو مانەوەی لە ژیاندا، خۆشەویستی بەلای ئەوەوە ناوازەترین چەکی بەرەنگاربوونەوەی لەناوچوون و فەنابوون بوو!

لای ئەو خۆشەویستی ڕێگەی ژیان بوو، نەك ئارەزوویێکی ڕێبوار، لای ئەو خۆشەویستی واتای گۆڕینی ئەوانی تر نییە بۆ شت، چونکە ئەوە کاکڵە و گەوهەریان دەکوژێت.

ئەگەر هاتبا ئەوەی کردبا، هەمان لێدانە لە گەوهەر و، ژیان و بوونیش دەکوژێ!

تاکە شتێك بوو کە بەهاکەی بەرزکردبوەوە و ببووە هۆی جوانتر کردنی ڕێز و خۆشەویستی، هەمیشە دڵی بە خۆشەویستی شتێك لە ژیان ترپەی دەکرد، چ شتێك دێتە خەیاڵت، گرنگ ئەوەیە دڵی ئەو بە خۆشەویستی ترپە دەکات، ئەگەر ئەو شتە بەرازێکی وشکانیش بێت!

# ئەگەر ئێستا وادەی کۆچ بێ

ئەگەر ئێستا وادەی کۆچ بێ، جەستەیەکی داهێزراو و نەخۆش دەخەمە سەر پشتم... چوار ڕستەش کە نەم درکاندوون:

یەکەمیان لە سەر عیشقی خالقە، عەقڵی خەڵکی ئاسان وەرینا گرێ، ترساوم لەوەی چەند دڵێکی بەردین بە هەڵە لێی تێ بگات!

دووەمیان سەبارەت بە تێگەیشتنی ئایینە، هێشتا لە ناو دەمم دایە، ئەویشم لە ترسی ئەوە نەدرکاندووە نەبادا عەرەبە دەشتەکییەکان بەرد بارانم بکەن!

سێیەمیشیان دەربارەی ڕەحمەتە بۆ سەر غەمبار و تێکشکاوان، لە بەر دوو دڵیم تا ئێستاش بە دڵمەوە هەڵواسراوە و نەم درکاندووە!

چوارەمیشیان لە سەر خۆشەویستییە، دونیا بە خۆیەوە سەرقاڵی کردم و ڕێگەی نەدا بۆ زۆرێك لەوانە بیدرکێنم کە خۆشم دەوێن!

پێداویستیەکانم دەپێچمەوە و لەم جیهانە کۆچ دەکەم، جگە لە چوار ڕستە و جەستەیەکی داهێزراو و نەخۆش هیچی تر لەگەڵ خۆم نابەم!

# کۆتایی

ترسان له مردن دوایین گورگه له کۆتا ڕۆژەکانی ژیانت ڕووبەڕووت دەبێتەوە، ڕەنگە شەڕانگێزترینیان بێ، چونکە جەستەت لەوپەڕی سستی و بێهێزي دایە. تۆ پێویستت بەوەیە که له گەنجیدا بەشێك له هێز و توانات بۆ ساتە وەختی ئەو ڕووبەڕوونەوەیە بهێڵیتەوە.

مردن بریتییە له کەنارێکی تری ئەم ژیانە، بەڵکو بریتییە له گەوهەر و کرۆکی ژیانی داهاتووت، بەرهەمی تەمەنت و گەنجینە شاراوەکەت؛ بریتییە له سەفەرێکی نوێ، کە ڕەنگە جوانترین و بەچێژترین کاتەکانتی تێدا بە سەر ببەیت.

پەڕینەوە لەم کەنارە بریتییە لە دەرهێنانی مرواریەکی ناوازە لە قوڵایی دەریا، ئەمە ئەو چرکەیەیە کە دوای تێپەڕکردنی تەمەنێکی پڕ لە ماندووبوون لە قوڕ و لیتە و ئاوی مەنگی ژیان، تیایدا گوڵێکت لۆ دەکرێتەوە و باوەش لە ڕووناکی خۆر دەدەیت، مردن و ژیان دوو ڕووی یەك دراون، یەکتری تەواو دەکەن، بە هێز و تامەزرۆییەوە عاشقی ژیان بە، لەو لاشەوە لە جیهانی ئەبەدیت بێ ئاگا مەبە، بە جوانترین شێوە لە ژیانتدا بژی، بەڵام هەمیشە خۆت بۆ مردن ئامادە بکە، کە پڕیەتی لە گەنجینەی ون، زمان لە ئاستیان بۆ وەسف نایەتەگۆ.

دوودڵی مرۆڤی جوامێر لە کاتی شکست و شکانی باڵەکان بە تێپەڕبوونی ساڵەکان نامێنێ، چونکە دڵنیا دەبێ لەوەی کە

تەنانەت شتە جوانەکانیش لە نێو دەچن و نامێنن، وەك چۆن هەرچی ناشیرینە ئاوا دەبێ.

مردن ئیلهام بەخشێکە بۆ ڕۆحی مرۆڤە گەورەکان، دەبێتە مامۆستای و فێری دەکات کە بە جوانترین شێوە لە سەر زەویدا ژیان بکات.

ئەگەر بە دڵێکی ئارام و تەندروست بۆ لای پەروەردگار بگەڕێیتەوە، بێگومان ئەو زۆر لەوە بەخشندەترە کە بە کەمتر لەوە پێشوازیت لێ بکات کە لە دونیا هەتبووە!

لەوەی کە پێش کۆچکردنت هەتبوو، شاعیری گەورە "جەلالەدینی ڕۆمی" دەڵێ: دانا ئەو کەسەیە کە کۆتایی لە سەرەتادا ببینێ.

منیش وەك زیادەیەك لە سەر وتەکەی دەڵێم: ئەوەی سەرەتا لە کۆتاییدا ببینێ!

(من مرۆڤم، ئەگەری دووچاربوونەوەم بە ئەندێشە هەمیشە لە ئارادایە، خاوەنی هیچ ڕاستەکیەکی ڕەها نیم، سەرچاوەی هیچ شتێك نیم، تەنانەت بۆ دەروونی خۆشم کە بەردەوام دەگۆڕێ، ئەو بیرۆکەی ئەمرۆ پێم وایە گەنجینەیەکی نهێنی و بە نرخە، لە سبەیدا قسەیەکی پوچ و بێ بنەمایە، مامۆستای ڕاستەقینە قوتابییەکەی فێرناکات بۆ ئەوەی ڕێگەیەکی میسالی بگرێتەبەر، بەڵکو ڕێگاکانی نیشان دەدات، تا خۆی ببینێتەوە، کاتێك قوتابیش دەکەوێتە نێو ڕێگاکان، ئەوسا مامۆستا هیچ ڕۆڵێکی نامێنێ، چونکە چیتر ناتوانێ یارمەتی بدات، چونکە پێویستە قوتابی تەنها خۆی ڕووبەڕووی تەحەدییەکان ببێتەوە...).

# پاڕانەوە

پەروەرگارا، هەموو توندی و ڕەقیەك لەدڵم دابماڵە، پڕی بکە لە سۆز و بەزەیی بەرامبەر بە نەداران و خەڵکە فەرامۆشکراوەکان، لە ناکۆکی و دووبەرەکی بە دوورم بخە، توانایەکم پێببخەشە کە بتوانم بەسۆزەوە لەگەڵ گشت دورستکراوەکانتدا بژیم، بە خزمەتکردنی بەندە لاوازەکانت سەرقاڵم بکە، زانست و ماڵ و هێزیشم لە پێناو ئەواندا وەگەڕ بخە.

ئەو توانایەم پێببەخشی ببمە هۆی پێکەنین و دڵخۆشی خەڵکی، ئەو کاتانەی لای ئەوانم وابزانن کە خۆشترین کاتەکانی ژیانیان بەسەر دەبەن، بمکە بە هۆکارێك بۆ بڵاوکردنەوەی جوانی لە هەر کوێیەك بم، وام لێبکەیت کە بە شتی زۆر سادە پێبکەنم، تەنانەت بە شتی زۆر لاوەکی دڵخۆشبم.

پەروەردگارا، وام لێبکەیت سوود لە هەر گەردێکی پێکهاتەم ببینم، ماف بە هەموو کاتژمێرێکی ژیانم بدەم، دان بەخۆشم دابگرم لەوەی کە توانای گۆڕانکاریم بەسەریدا نیە.

بێ هیواییم بکە بە دەروازەیەك بۆ نوێکردنەوەی باوەڕ و گەشبینی، وام لێبکەیت کە پشکداری زەمان و بە ڕەزامەندیەوە و سوپاسەوە قبوڵ بکەم.

خودایە، بەسەر هیچ کەسدا زاڵم مەکە، لە گومڕایی دڵم و

لاوازی هیمەت بە دوورم بخەیت، کاری شاراوە لە دڵمدا خۆشەویست بکەیت، تاوانە شاراوەکانیش بە دووربگریت لە دڵم.

خودایە، ئەگەر شوێن و مەسکەن لە سەر ئەم زەویە بەرتەسك و بچووکە، ویستی تۆش وایە کۆشکێکم پێببەخشی، ئەوا تکام وایە، با ئەو کۆشکەم لە ئاسمانەکانتەوە بێت... با کوخم لە زەوی و کۆشکم لە ئاسمان بێ.

خودایە وام لێ بکەیت لە هەموو بەرەبەیانییەکدا بە خۆشەویستیەوە هەناسە بدەم، هەرگیز وام لێنەکەیت، وتنی وشەیەکی باش بۆ بەیانی دوابخەم، چونکە ڕەنگە بەیانی نەیەت، کە بشهێ ڕەنگە من لە یادم کردبێ، یانیش توانای دەربرینم نەبێ.

خودایە وام لێ بکەیت کە خۆشی و کامەرانی خۆم لەگەڵ خەڵکدا هاوبەشی پێبکەم، بەڵام لە تەنگ و چەڵەمە و غەمەکانم دووریان بخەرەوە.

خودایە، ئەگەر هەرچی پێتداوم بۆ لای خۆت بیگێڕیتەوە جگە لە ڕەزامەندی سکاڵا و شەکوایەك دەرنابڕم، توانام بە سەر خۆشەویستیدا بهێڵەوە تا دوا چاوتروکانی ژیانم.

پەروەردگارا، لە ژیان پێداویستیەکانم سادە و ساکار بن و، هیچ شتێک نەمباتەوە سەر ڕێگای داواکاری لە خەڵك.